# پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

## چەند خوێندنەوەیەکی کوردانە

مەجید ساڵح

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ( ی . ن .ك )

## ڕوونكردنەوەیەك..
## بەر لە پێشەكی

**خوێنەرانی هێژا..**

ئەم كتێبەی بەردەستتان كۆی ڕاو سەرنجی دەستەیەك لەئەكادیمیانو ڕووناكبیرانی كورد، لەناوەوەو دەرەوەی كوردستانە، سەبارەت بە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، كەدوای ئەوەی ڕووی پرسیارەكانی پەیوەست بەم پرۆژەیەم لێنان، وەڵامیان دابوومەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم كە ئەم دیدارانە، جگە لەبابەتەكەی مامۆستا جەعفەر، كاتی خۆیو، بەدیاریكراویش لەبەهاری (٢٠٠٤)دا بۆ ڕۆژنامەی ئازیزی (كوردستانی نوێ) ئەنجامم دابوونو بەرودوا هەر لەوێدا بڵاوبوونەوە. بەڵام، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بابەتەكاندا، بیرۆكەی ئەوەم لەلا دروستبوو كە بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتانە لەدوو توێی كتێبێكدا سوودی زیاتر بەخوێندەوانی كورد دەگەیەنێ، بۆیە وا بەهیممەتی هەڤاڵانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، بەتایبەت هاوڕێم حەسەن یاسین كە سەرپەرشتیی هەڵە بڕیو نەخشەسازیی كتێبەكەی گرتە ئەستۆ، وا ئەم بیرۆكەیە، بوو بەم كتێبەی بەردەستتان.

**مەجید ساڵح**
**كەلار**
**٢٠٠٥/١/٣١**



١- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی كە جیهانی عەرەبیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا دەژین (وەك لەپێشەكیی پرۆژەكەدا هاتووە) پێویست دەكات كەریفۆرمی گشتگیریی ئابووری، سیایی، كۆمەڵایەتیی خێرا لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدرێن. بەرژەوەندیی ئەمریكا لەجێبەجێكردنی پرۆژەی ناوەڕاستی گەورەدا چییە..؟

٢- ئەمریكاییەكان بەنیازن لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا پرۆژەكەیان بخەنە بەردەم وڵاتانی گروپی هەشت، ئایا ئێوە پێتان وایە ئەو وڵاتانە ئەم پرۆژەیە قبووڵ بكەن، یان ئەوانیش پرۆژەی تایبەتییان هەیە.؟

٣- لەدوو ساڵی ڕابردوودا ئەمریكاییەكان توانییان دوو كۆسپی گەورەی بەردەمی نەخشەكەیان، كە خۆیان لەرژێمی تالیبانو سەدامدا دەبینییەوە، لەرێ هەڵبگرن، بەڵام هێشتا ئەم دوو وڵاتە نەبوونەتە دوو نموونەی جوان بۆ پیادەكردنی نەخشەكە لەوڵاتانی تردا، بەڕای ئێوە ئەمریكا دەتوانێت چی بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە بكات..؟

٤- پرۆژەكە بەزۆری جەخت لەسەر گۆڕان لەوڵاتە عەرەبییەكاندا دەكات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی كەخودی كۆمەڵی عەرەبو ئایینی ئیسلام كەمترین زەمینەی ریفۆرمیان تێدایە. ئاستەنگەكانی ئەو پرۆژەیە لەجیهانی عەرەبیدا خۆی لەچیدا دەبینێتەوە..؟ ئایا لەداهاتوودا شایەتی شەڕی تر دەبین..؟

٥- هەر بەدەركەوتنی روخسارە سەرەتاییەكانی پرۆژەكە، چەند وڵاتێكی عەرەبی كەوتنە خۆیانو ریفۆرمی ڕێژەییان لەهەندێك بواردا ئەنجامدا، ئێستا مقۆمقۆی ئەوەیانە كەپرۆژەیەكی ئەلتەر ناتیڤ ((بەدیل))، گۆڕان لەناوخۆ نەك لەدەرەوە بخەنەڕوو.. پێتان وایە عەرەبەكان بتوانن، بەلای كەمەوە، لەم گۆڕانكارییانەدا سەربەخۆبن..؟

**٦ــ لەحاڵەتی جێبەجێبوونی پرۆژکەدا ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییانە کەپێشبینیی دەکرێت لەناوچەکەدا رووبدەن، چین؟**

**٧ــ نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە پڕاوپڕ ئەو ولاتانە دەگرێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، ئایا کورد بۆ ئەوەی لەحاڵەتی جێبەجێکردندا بەقازانجەوە دەرچێت چیی پێدەکرێت ؟**

## خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژەی
## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

### پێشەکی:

یازدەی سێپتەمبەرو ئەو ڕووداوانەی کە پاش ئەو کارە تیرۆریستییە گەورەیە ڕوویاندا، هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە دەبێت ئەمریکا بە هەموو هێڵە ستراتیژییەکانی خۆیدا بچێتەوە. بەتایبەت ئەو خاڵانەی کەپەیوەستن بەوڵاتە ئیسلامییەکانەوە. لەڕۆژی ٩ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆك بۆش لەو وتارەیدا کە لە زانکۆی کارۆلینای باشوور پێشکەشیکرد، نیشانە دیارەکانی ئەو ستراتیژە نوێیەی خستەڕوو کەئەمرۆ بە (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) ناسراوە. پێش هەر شتێك بەپێویستی دەزانم ئەوە بخەمەڕوو کەپرۆژەکە پێش ئەوەی پرۆژەیەکی ئابووری‌و سیاسیی بێت وەك هەندێك کەس بۆی دەچن، پرۆژەیەکە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا داتەپیوو ڕووخاوەکەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان.

بەوپێیەی تێکڕای کوردستان دەکەوێتە ئەو جوگرافیایەی کە(پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) دەیگرێتەوە، بۆیە تێگەیشتن لەو پرۆژەیەو مامەڵەکردنی هۆشیارانە لەگەڵیدا بەکارێکی پێویستو گرنگ دەزانرێت نەك تەنیا بۆ ڕووناکبیران، بەڵکو بۆ ئەو ڕێبەرو کادرە سیاسییانەش کە لەحزبو ڕێکخراوەکاندا کاردەکەن. لەخوارەوە خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە خراوەتەڕوو:

### خستنەڕووی ئامارەکان

پرۆژەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەپێشەکیی دەقەکەیدا هاتووە، کە پشتی بەستووە بەو ئامارە ترسناکانەی کە لەڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی عەرەبی لەساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا هاتووە.



**لەو ئامارانە دەکرێت باس لەمانە بکەین:**

*کۆی گشتیی داهاتی ناوخۆیی هەر (٢٢) وڵاتەکەی جامیعەی عەرەبی کەمترە لەئیسپانیا بەتەنها.

*(٤٠٪)ی ئەو عەرەب، کە دەکاتە ٦٥ ملیۆن کەس نەخوێندەوارن، ژنانیش سێیەکی ئەو ژمارەیە پێکدەهێنن.

*تاساڵی ٢٠١٠، (٥٠) ملیۆن لاوی عەرەب دەچنە بازاڕی کارکردنەوەو لەساڵی (٢٠٢٠)، (١٠٠) ملیۆن لاو دەچنە بازاڕەوە، بۆیە پێویستە (٦) ملیۆن کار بدۆزرێتەوە تاکو ئەو شاڵاوی بێکارییە پڕبکاتەوە.

*سێ لەسەر یەکی ناوچەکە لەسەر ڕۆژانەی کەمتر لە (٢) دۆلار دەژین. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی، دەبێت گەشەسەندنی ئابووریی ناوچەکە دووقات بکرێت لەوەی ئێستای کەکەمترە لە (٣٪) بۆ (٦٪).

*تەنیا ١،٦٪ دەتوانن ئینتەرنێت بەکاربهێنن، ئەوەش لەهەموو ناوچەکانی دونیا کەمترە، بەوڵاتە ئەفریقاییەکانو باشووری بیابانی گەورەشەوە.

*ژنان تەنیا ٣،٥٪ کورسیی پەرلەمانەکانی وڵاتە عەرەبییەکانیان پێبڕاوە، لەچاو ئەفریقای باشووری بیابانی گەورە کە ٨،٤٪ کورسییەکان هی ژنانن.

*٥١٪ی لاوانی ئەو وڵاتانە ئارەزوویان وایە لەوڵاتی تردا بژین، بەتایبەت وڵاتە ئەوروپاییەکان.

ئەلتەرناتیڤی ئەو دۆخە نالەبارە چییە..؟

بەپێی (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) بۆ دەربازبوون لەو دۆخە، کەتێیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو گیانی توندوتیژییو تۆڵەسەندنەوەو تیرۆریزم گەشەدەکات، تاکە ڕێگا (ڕیفۆرم)ە. ئەنجامدانی ڕیفۆرمی هەمەلایەنە ڕێگا لەبەردەم لاواندا خۆشدەکات

کاری شیاویان دەستبکەوێتو لەخوێندنو خۆشگوزەرانی بەهرەمەندبنو مافی سیاسیو مەدەنیی خۆیان دەستبکەوێت.

ئەم خواستە بەتەنیا خواستی ئەمریکاییەکان نییە، بەڵکو زۆر لەهەڵسوڕاوە سیاسیو ئەکادیمییەکانو کەرتی تایبەتیی ناوچەکە کار بۆ ئەنجامدانی دەکەنو هەندێك لەسەرکردەکانی ناوچەکەش هەنگاوی سەرەتاییان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوە، جگە لەوە، وڵاتانی گروپی (٨)، کەئەمریکا بەنیازە لەحوزەیرانی داهاتوودا پرۆژەکە بخاتە بەردەستیان، پشتگیریی ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمانە لەناوچەکەدا دەکەن.

شارەزایان پێیانوایە رووخاندنی رژێمی تالیبان لەئەفغانستانو رزگارکردنی عیراق لەدەستی رژێمێکی شمولی لەجۆری رژێمەکەی سەدامو خواستی گۆڕانکاریی لەناو گەلانی ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان رێگا لەبەردەم ئەو ریفۆرمانەی کەئەمریکا دەیەوێت خۆشدەکات.

## سێ ئاستەکەی کەدەبێت ریفۆرمیان تێدا بکرێت

### ئاستی یەکەم: هاندانی دیموکراسییەتو دەسەڵاتێکی باش:

بۆئەوەی تاك بتوانێت بەشدارییەکی کاریگەری لەناو کۆمەڵگاکەیدا هەبێت، پێویستیی بەکەشێکی دیموکراسیو ئازاد هەیە، ئەو دووانەش لەوڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بوونیان نییە. ئیسرائیل تەنیا وڵاتە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا کە(ئازاد)ە. ئەویش بەپێی راپۆرتی (فریدۆم هاوس) بۆ ساڵی ٢٠٠٣. هەر بەپێی ئەو راپۆرتە چوار وڵاتی تری ناوچەکە بە(بەشێك ئازادن). راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی عەرەبی بڵاویکردووەتەوە کە لەکۆتاییدا لەناو حەوت ناوچەی جیهاندا، وڵاتە عەرەبییەکان پلەی یەکەمیان لەنەبوونی ئازادیدا بەدەستهێناوە. جگە لەوە ژنانی



وڵاتە عەرەبییەکان تەنیا لەوڵاتانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقیاوە لەپێشەوەن، ئەمەش پێچەوانەی خواستی خودی خەڵکی ناوچەکەیە.

لەدەقی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکادا هاتووە: گرووپی (٨) دەتوانن پشتگیریی ریفۆرمی دیموکراسی لەناوچەکەدا بکەن لەرێگای پابەندبوون بەم خاڵانەوە:

***دەستپێشخەری بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد:**

لەماوەی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٦ دا زۆر لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەنیازن هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو پەرلەمانیو شارەوانی ئەنجامبدەن. گرووپی (٨) دەتوانێت بۆ سەرخستنی ئەو نیازانە ئەم هاوکارییانە پێشکەش بەو وڵاتانە بکات:

-پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی لەرێگای ئاڵوگۆڕکردنی سەردانو کۆڕو سیمینارو دامەزراندنی لیژنەی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانو وەڵامدانەوەی شکاتو وەرگرتنی راپۆرتەکان.

-پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران، پەروەردەو راهێنانی مەدەنیی ئەو حکومەتانەی کەداوای یارمەتیی لەو جۆرە دەکەنو جەختێکی تایبەتی لەسەر دەنگدەرە ژنەکان بکرێت.

***ئاڵوگۆڕکردنی سەردانو راهێنان لەبواری پەرلەماندا:**

بۆ چەسپاندنی رۆڵی پەرلەمانەکان لەدیموکراتیزەکردنی وڵاتان، گروپی (٨) دەتوانێت ئاڵوگۆڕی سەردان بۆ ئەندام پەرلەمانەکان ئەنجامبدات.

***دامەزراندنی پەیمانی تایبەت بۆ سەرکردایەتیکردنی ژنان:**

بۆ فراوانکردنی رۆڵی ژنان لەژیانی سیاسیو مەدەنی، گروپی (٨) دەتوانێت ئەو پەیمانگایانە دابمەزرێنێت کەتایبەتن بەراهێنانی ژنان بۆ سەرکردایەتیکردنو ململانێی هەڵبژاردنو گرتنەدەستی دەسەڵات.

### *یارمەتیدانی یاسایی بۆ خەڵکی سادە:

گروپی (٨) دەتوانێت لەڕێگای دامەزراندنو هاوکاریکردنی سەنتەری تایبەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریو راوێژکاریی یاسایی بۆ خەڵکانی ئاساییو راهێنانیان لەسەر یاساکانی مەدەنیو تاوانو شەریعەت.

### *دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی میدیای سەربەخۆ:

هەر (١٠٠٠) هاووڵاتیی عەرەب (٣٥) رۆژنامەی بەردەکەوێت، لەبەرامبەردا لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەر (١٠٠٠) کەس (٢٨٥) رۆژنامەی بەردەکەوێت. جگە لەوە رۆژنامە عەرەبییەکان زۆربەیان بێکەڵکنو زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکان موڵکی حکومەتەکانن، یان لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندانو بەرنامەکانیان بەزۆریی بێکەڵکنو هیچ شێوازێکی شیکردنەوەیو لێکۆڵینەوەیان تێدا نییە. ئەمەش وایکردووە جەماوەر لەگەڵ کەناڵەکاندا ئاوێتە نەبێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئەم پێشنیازانەی خستووەتە بەردەم گروپی (٨):

– سەردانی هاوبەش بۆ رۆژنامەنووسانو کەناڵە چاپکراوو ئێزگەییەکان رێکبخات.

– رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان رابهێنرێت.

– زەماڵەی دیراسی بەخوێندکاران بدات تاکو لەخوێندنگاکانی راهێنانی رۆژنامەنووسیدا بخوێنن و ئەو بەرنامەیە تەمویل بکات کەرۆژنامەنووسو مامۆستاکانی رۆژنامەنووسی ئەنجامی دەدەن، وەك راهێنان لەسەر چۆنیەتیی (تغطية)کردنی هەڵبژاردن.

### *هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیو دروستکردنی شەفافییەت:

بانکی نێودەوڵەتی، گەندەڵیی وەك گەورەترین بەربەست لەبەردەم پەرەپێدان لەقەڵەمداوە. بەپێی ئەو راپۆرتەی بانکی نێودەوڵەتی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەدەست گەندەڵییەوە دەناڵێنن. پرۆژەی رۆژهەڵاتی



ناوەڕاستی گەورە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە لەناوچەکەدا ئەرکی گروپی هەشتی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە پێشنیارکردووە:

– هانی ئەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بدرێت بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانەی شەفافیەتو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی پەیڕەوبکەن کەتایبەتن بەوڵاتانی گروپی (٨).

–بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیریی لەدەستپێشخەرییەکەی رێکخراوی هاوکاریو پەرەپێدانی ئابووری– بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقیا دەکەن، کەتێیدا سەرۆکی حکومەتەکانو وڵاتە یارمەتیدەرەکانو (IFS)و رێکخراوە ناحکومییەکان، قسە لەسەر ئەو ستراتیژییانە دەکەن بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیو چەسپاندنی پرەنسیپی ملکەچکردنی حکومەتەکان بۆ لێپرسینەوە.

–جێبەجێکردنی یەك یان چەند بەرنامەیەکی ئەزموونی لەلایەن وڵاتانی گروپی (٨)ەوە سەبارەت بەشەفافییەت لەناوچەکەدا.

## کۆمەڵگای مەدەنی

لەپرۆژەکەدا ئەوە لەبەرچاوگیراوە کەهێزی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی راستەقینە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، دەبێت لەناوخۆدا سەرهەڵبدات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەش کەباشترین شێواز بۆ هاندانی ریفۆرم، بریتییە لەدامەزراندنی رێکخراوی نوێنەرایەتی، بۆیە گروپی (٨) دەبێت هانی پەرەپێدانی رێکخراوەی چالاکی کۆمەڵی مەدەنی لەناوچەکەدا بدات. لەم بارەیەوە گروپی (٨) دەتوانێت ئەم هەنگاوانە هەڵبنێت:

–یارمەتییە راستەوخۆکانی بۆ ئەو رێکخراوانە زیاددەکات کەگرنگی بەدیموکراسییەتو مافی مرۆڤو کەناڵەکانی راگەیاندنو ژنان دەدەن.

-توانای تەکنیکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکە بەرفراوانتر بکات، لەڕێگای یاسایی‌و ڕاگەیاندن لەناوچەکە بۆ داڕشتنی هەڵسەنگاندنی ساڵانە تاکو لەڕێگایەوە ریفۆرمی قەزایی بکرێت‌و ئازادیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەناوچەکەدا پەرەی پێبدرێت.

### ئاستی دووەم: بونیادنانی کۆمەڵگایەکی زانیاریی

پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەلەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی عەرەبی‌و مێژووی دێرینی ناوچەکەو ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کەناوچەکە نەیتوانیوە هاوشانی ئەو پێشکەوتنە زانیارییانە کە لەدونیادا ڕوودەدەن بچێتە پێشەوە، هەروەها باسی لەکۆچی هێزی لە ناوچەکەدا کردووە بۆ دەرەوە. لەڕێگای ئامارێکەوە ئەوەی دەرخستووە کەتێکڕای بەرهەمهێنانی کتێب لەجیهانی عەرەب ناگاتە (١,١٪)ی کۆی بەرهەمهێنانی کتێب لەجیهانداو لەناو ئەو ژمارەیەشدا (١٥٪)ی کتێبەکان ئایینین. چارەکێکی ئەوانەی خوێندن تەواودەکەن لەناوچەکە کۆچدەکەن. ڕێژەی ئەو کتێبانەی کەوەردەگێڕدرێنە سەر زمانی یۆنانی، کەتەنیا (١١) ملیۆن کەس قسەی پێدەکات، پێنج ئەوەندەی ئەو کتێبانەیە کەدەکرێن بەعەرەبی.

پرۆژەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەو بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی ناوچەکەو پەرەپێدانی خوێندن‌و خوێندکاران تاکو شارەزایی پێویست وەربگرن، ئەم ئەرکانەی خستووەتە بەردەم گروپی (٨):

### دەستپێشخەری بۆ فێرکردنی بنچینەیی

فێرکردنی ئەساسی لەناوچەکەدا تادێت لەلایەن حکومەتەکانەوە تەمویلەکەی کەمتردەبێت، ئەویش لەبەر خواستی زیاتری خەڵك بۆ فێربوون، هەروەها خوێندنی



کچان لەبەر ئیعتیباری کولتووری کێشەو گیروگرفتی زۆری لەبەردەمدایە. گروپی (٨) دەتوانێت ئەم کارانە لەناوچەکەدا لەو بوارەدا ئەنجامبدات:

### -نەهێشتنی نەخوێندەواری:

لەساڵی ٢٠٠٣دا نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لەژێر دروشمی (نەهێشتنی نەخوێندەواری وەك ئازادی وایە) ڕاگەیاند.

بەدەستپێشخەریی گروپی (٨) بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردەکەوێت‌و نەوەیەك لەدەیەی داهاتوودا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێدەگات کە لەکۆتی نەخوێندەواری ڕزگاری بووە. دەستپێشخەرییەکەی گروپی (٨) جەخت لەسەر ژنان‌و کچان دەکاتەوە، جگە لەوە (٦٥) ملیۆن کەسی پێشگەیشتوو لەناوچەکەدا بەدەست نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنن.

گروپی (٨) دەتوانێت جەختیش لەسەر ئەوانە بکاتەوەو لەڕێگای بەرنامەی هەمەڕەنگ‌و مەنهەجی خوێندن لەسەر ئینتەرنێت بۆ مامۆستایان دابین بکات‌و ئاستی نەخوێندەواری لەناو ئەوانیشدا کەم بکاتەوە.

### *تیمی نەهێشتنی نەخوێندەواری:

گروپی (٨) دەتوانێت لەڕێگای هاوکاریکردنی بەرنامەی یونسکۆ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و بەرزکردنەوەی ئاستی نووسین‌و خوێندنەوە لەناو کچاندا، ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت.

### *کتێبی فێرکاری:

لەڕاپۆرتەکەی پەرەپێدانی مرۆیی عەرەبیدا هاتووە کەوا وەرگێڕانی کتێبە سەرەکییەکانی فەلسەفەو ئەدەب‌و کۆمەڵناسی‌و زانستی پزیشکی بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان نییە. جگە لەوە کتێبخانەی زانکۆکان زۆر هەژارن، گروپی (٨)

دەتوانێت بودجەی پێویست بۆ ئەو بەرنامانە دابین بکات کەکتێبە کلاسیکییەکانی ئەو بوارانە وەردەگێڕن.

***دەستپێشخەری قوتابخانەکانی دۆزینەوە:**

ئوردون بەرنامەیەکی بۆ دامەزراندنی (قوتابخانەیەکی دۆزینەوە) هەیە کەتێیدا تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووو مەنهەجی زانستیی نوێ بەکاردێت. گروپی (٨)، دەتوانێت ئەو بەرنامەیە بەرفراوان بکاتو ئەزموونەکە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە بگوێزێتەوە.

***چاککردنی فێرکردن:**

لەمانگی مارس یان نیسانی ئاییندەدا "لوتکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ریفۆرمی فێرکردن" ساز دەدات ئەو لوتکەیە هەلێکی باش دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لەنێوان رەوتە گشتییەکانی ریفۆرمخوازو سەرکردەی رێکخراوو دامەزراوە مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەو ئەوانەی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا. لەو لوتکەیەدا ئەو بابەتانەی کەپێویستییان بەچارەسەرکردن هەیە دەستنیشان دەکرێنو کەموکورتییەکانی بواری فێرکردن چارەسەر دەکرێن.

ناوچەکە کەمترین پەیوەندیی بەئینتەرنێتەوە هەیە. لەبەرئەوەی زانیارییەکی زۆر لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا هەڵگیراوە، پێویستە پردێکی پەیوەندی لەنێوان ناوچەکەو دونیای دەرەوەدا لەرێگای ئینتەرنێتەوە ببەسترێت، سەرەڕای فێربوون دەکرێت بازرگانیش بەرێوەبچێت.. گروپی پێویستە (٨) ئەو بۆشاییە پربکاتەوەو لەرێگای پەرەپێدانی کەرتی تایبەتو گشتیی ناوچەکە، هەلی دامەزراندنی پەیوەندیی لەرێگای کۆمپیوتەر بەربلاوبکاتو شارو گوندو وڵاتەکان بەیەکەوە ببەستێت. پێویستە لەسەرەتادا لەو وڵاتانەوە دەستپێبکرێت کەکەمترین کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، وەك (عیراق، ئەفغانستان، یەمەن، سوریا، پاکستان، لیبیا، جەزائیر، میسرو مەراکیش).. دەکرێت لەپاڵ نەهێشتنی نەخوێندەواریدا لەقوتابخانەکاندا کۆمپیوتەرەکان دابنرێن.



**ئاستی سێیەم: بەرفراوانکردنی هەلی ئابووری**

خراپیی باری ئابووریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەپێی پرۆژەکەی ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەرتی تایبەت بەمانا ئابوورییەکەی. بۆ ئەوەی ئابووریی ناوچەکە گەشەبکاتو هەلی کارکردنی زیاتر دروستبێت، پرۆژەکەی ئەمریکا پێشنیاری ئەوە دەخاتە بەردەستی وڵاتانی گروپی (٨)، کەکەڵك لەئەزموونی وڵاتە شیوعییەکان ببینن، لەم بوارەدا وڵاتانی گروپی (٨) پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێن:

***باربووکردنی گەشە پێدان:**

بەهێزکردنی کەرتی دارایی خاڵێکی گرنگە بۆ گەیشتن بەرێژەیەکی بەرزی گەشەکردنو خولقاندنی هەلی کار، ئەو باربووکردنەش دەکرێت بەم شێوانە بێت:

***قەرزپێدان بە پرۆژە بچووکەکان.**

***دامەزراندنی دەزگای بانکی پەرەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە**.

***بازرگانی:**


قەبارەی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر نزمەو تەنیا (٦٪)ی هەموو بازرگانیی عەرەب پێکدەهێنێتو زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بازرگانییەکانیان لەوڵاتانی دەرەوەی ناوچەکەیە. بەربەستی گومرگیو ناگومرگی بوونەتە شتێکی رۆتینی، گروپی (٨) دەتوانێت هانی بازرگانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدات لەم رێگایانەوە:

-وەرگرتنی وڵاتانی ناوچەکە لەرێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی.
-دروستکردنی ناوچەی بازرگانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا.
-دروستکردنی ناوچەی تایبەت بۆ دروستکردنو گواستنەوەی بەرهەم.

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەوڵاتانی عەرەب لەگەڵ پاکستان، ئەفغانستان، ئێران، تورکیاو ئیسرائیل پێکدێت.

سەرچاوە: دەقی پرۆژەکە لە رۆژنامەی (الحیاه)، ١٣/٢/٢٠٠٤دا، بڵاوکراوەتەوە.

# پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە



**فازیل کەریم ئەحمەد ( جەعفەر )***

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەمکێکی سیاسی نوێیەو وەرگێڕانی Middle East)ی ئینگلیزیو(Nahen Osten)ی ئەڵەمانییە. رۆژهەڵاتی نزیك بۆ ئۆروپییەکان رۆژهەڵاتی نزیکە، بۆ چینیەکانە رەنگە ڤێتنام یان یابان رۆژهەڵاتی نزیكو ناوین بێت. لەخواروری ئەمریکاوە یان لەئۆستترالیاوە بڕوانینە نەخشەی جیهان رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوێ شوێنێکی ترە. ئەمڕۆ کەم کەس سەیری چەمکی جوگرافیو واتای زمانەوانی ئەم ناوچەیە دەکاتو تێڕوانینی ئۆروپی خۆی سەپاندووەو هەر چەمکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان بەرگوێ کەوت، یەکسەر بیرمان بۆ نەخشەیەکی سیاسی دیاری کراو دەچێ، نەك شوێنی تر. ئێمە ئەگەر لەرووی سیاسیەوە سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوە پێوەرێکی دیاری کراو هەیە بۆ پێناسەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتیە لەرووبەرێکی

* لێپرسراوی مەکتەبی بیروهۆشیاری



جوگرافی: رۆژهەڵاتەکەی ئێرانەو ڕۆژاواکەی مەغریبە.. باکووری تورکیایەو باشووری دەریای عەرەبو ئیریتیریاو بیابانی گەورەو تایبەتمەندیو هۆی گرێدانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەیەکەوە، بوونی ئینتەر ئەکشن (Interaction ) یان ئینتە ئەکسیۆن (Interaktion) (تفاعل) لەنێوان یەکە سیاسیەکاندا. تورکیا لەرووی نەتەوەییەوە لەگەڵ کوردو عەرەبو ئێرانی دا جیاوازە، بەڵام ئینتەر ئەکشن لەنێوان ئەنقەرەو دیمەشقو بەغدادا هەیە. تورکیا لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی دیجلەو فورات پەپکەی کردووەو دەبێ دیمەشقو بەغدا لەگەڵیدا لەسەر بەشی سروشتی ئاو رێکەون. ئێران لەرووی نەتەوەییەوە، یەك رەنگ نییەو فارسو ئازەریو کوردو عەرەبو بلوچو تورکمانی تێدا دەژیتو شەڕوشۆڕو ناکۆکی لەنێوان صەفەویو دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووەو دەوڵەتی نوێی عیراقو ئێران لەسەر سنووری هاوبەشو دابەشکردنی ئاو رێکەوتنو پەیوەندی ئاشتیانەیان هەبووە. بەڵام شەڕە دەنووكو شەڕی قورسیشیان هەبووە. دەوڵەتی ئێران جۆرە بەرپرسیاریەتێکی بەرامبەر شیعەکانی عیراق هەیەو کەربەلاو نەجەف ناوەندی پیرۆزن بۆ ئەوان.

سەبارەت کێشەی کورد هەر گۆڕانکاریەك لەکوردستانی باشووردا رووبدات، ئەوە ئێرانو تورکیاو سوریا هەر هەموو گیانیان دەبێتە گوێو دەیانەوێ رووداوەکان بەچەشنێك ئاراستە بکرێت، چکۆلەترین پریشك بەر نەخشەو کۆنسێپتی Concept سیاسی ئەوان نەکەوێت. دیارە ئەم سێ دەوڵەتە دراوسێیە، تەنیا لەرێگە میدیای رەسمیو نارەسمیەو دەنگی نارەزایی بەرز ناکەنەوەو نیگەرانیو پەژارە دەرنابڕن. ئامرازی بەشداریکردنو کارتێکردنی راستەوخۆو ناراستەوخۆیان هەیە. هەروەها ئەوەی پێ دەگوترێت شەڕ بەنوێنەرایەتی proxy war واتە: لەسێ پایتەختەوە، لەیەك کات، چاویان لەسەر بارمۆمتەری سیاسی کوردستانەو

چكۆلەترین گۆڕان دەبێتە هۆی تۆپەڵ بوونی ژیشكو دڕك ئاژنكردنی هەر هەنگاوێكی نوێ، كەدژ بە بەرژەوەندی ئەوان بێت.

ئیسرائیل بەشێكە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەرچەند ماوەیەكی زۆر دووردرێژ پەیوەندی دپلۆماتی لەگەڵ دراوسێكانیدا نەبووە. بوونی پەیوەندی دپلۆماتی یان نەبوونی نیشانەی نەبوونی ئینتەرئەكشن نییە. ئیسرائیل ئەكتۆر Akteurسیاسی چالاكە لەهاوكێشەكانداو ناتوانرێ هەروا بخرێتە گۆشەو كەنارەوە. ئیسرائیل بەشێوەیەكی بەرچاو كاری كردۆتە سەر بەلانسو تەرازووی هێزی عەسكەری ناوچەكە. لەساڵی ١٩٦٧ بەدواوە دراوسێكان ناچار بوون چەكێكی یەكجار زۆر بكڕن، بەبێ ئەوەی سیستێمی عەسكەریو سیستێمی سیاسی بگۆڕنو لەبنەڕەتەوە دەستكاری بكەن. دیسكۆرسی ناسیۆنالیستی عەرەبیو مۆدیلی نەتەوەیی عەرەبی بۆدەوڵەتی نەتەوەییو بۆیاخكردنی دیوی دەرەوە بەدروشمی ((سۆسیالست))ی تووشی نسكۆو هەڵنگوتنو سەرەنگریبوون كرد. سەرنەكەوتنی مۆدیلی دەوڵەتی نەتەوەیی، جۆگەی ئاوی بەسەر ئاشی بزاڤە ئیسلامیە توندڕەوەكاندا داشكان. گوایە ئەم بزاڤانە دەیانەوێ دەوڵەتی ئیسلامی وەكو ١٤٠٠ساڵ لەمەوپێش دامەزرێنن.

راستییەك هەیە كەدەبێ لەبەرچاو بگیرێت: تێكشكانو ناڕاستی مۆدیلی ((نەتەوەیی)) و ((سۆسیالیست)) سەلماندنی راستی مۆدیلی ((ئیسلامی توندڕەو)) نییە.

لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەرلەناوەڕاستی سەدەی (١٩)وە هەوڵدراوە بیرۆكەی دوو مۆدیل(نەتەوەیی، سۆسیالیستی) لەرۆژاواوە بهێنرێتو لەبەر رووناكی ئەو دوو مۆدیلەدا سیستێمی سیاسی نوێ دامەزرێنرێت.



ساڵی ١٩١٨دەوڵەتی عوسمانی، كەشەرعیەتی خۆی لەسیستێمی خەلیفایەتی ئیسلامی هەڵهێنجابوو، هەڵوەشایەوە. سیستێمی نوێ نەیدەتوانی بگەڕێتەوە سەر سیستێمی خەلیفایەتی ئیسلامی بۆئەوەی شەرعیەت بەخۆی بدات. ئەو رژێمانەی لەساڵی ١٩١٨بەدواوە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بوون، راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەبن سێبەری(ئینتیداب)دابوون. كەمال ئەتاتۆرك لەتوركیادا رژێمێكی كۆماری رۆژا وا گەریانەی دامەزراند. رژێمەكانی تر مەلەكی بوونو شەرعیەتی راستەقینەی دەسەلات بەدەستەوە گرتن، لەشێوەی پەیوەندی بوو لەگەڵ بریتانیاو فەرەنسادا.

رژێمە مەلەكیەكان(سعودیەو ئوردنو عیراق..) ئایدیۆلۆجیای ئیسلامیو نەتەوەییان بۆ پڕوپاگەندەی میدیا كۆكتێل دەكرد. ئەمانە نەیان دەتوانی لەگەڵ زنجیرەی خەلیفایەتی گرێیەك بدۆزنەوەو خۆیانی پێوە هەڵواسنو دەیان ویست دیوارێك لەنێوان خۆیانو خەلیفایەتی بەچڕی دروست بكەنو شەرعیەت لەپاشماوەی خەلیفایەتی وەرگرنەوە، بەهەندی رتووشی ناسیۆنالیستی وە.

ئەم رژێمانە لەبەرئەوەی تەنیا لەسەر رووبەرێكی بچووك لەخاكی"نیشتمان"دا بەیارمەتی بریتانیاو فەرەنسا قوت كرابوونەوە، نەیان دەتوانی ئیدیعای پڕۆژەی نەتەوەیی بكەن. سروشتی كۆمەڵی كشتوكاڵی ـــ كۆچەری هیچ پەیوەندیەكی ئەوتۆی لەگەڵ چەمكی ناسیۆنی ئۆرۆپیدا نەبوو، كە لەسەر دەستی چینی بۆرجوازیو رووناكبیران لەدایك ببوو. مەلیكو میرەكان لەراستیدا: سەرۆك هۆزو یان شێخانی ئاینی، بەجیهانی (( نەتەوە)) هەر زۆر نامۆ بوون. نەوەی دووەمو سێیەمی ناسیۆنالیستی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، نەیتوانی بەلای ئیسلامدا خۆی ساخكاتەوەو نەیتوانی پڕۆژەی نەتەوەیی جێبەجێ بكات. نیشانەی جیاكەرەوەی نەوەی دووەمو سێیەم لەگەڵ نەوەی یەكەمدا، ئەمانە یان لەناو سوپاوە دروستبوون

یان سوپایان کردە ئامرازی سیاسی بۆدەسەڵات بەدەستەوە گرتن. ئەم دوو گروپە هەر زۆر نادیموکراتو توندوتیژو دیکتاتۆری بوون، لەچاو مەلیکە ناسیۆنالیستە ئیسلامیەکاندا.. ئەمانە پرۆژەی ناسیۆنالیستیان لەنیوەی ریگە هەڵچەقاندو پەنجەرەو دەرگایان بەرووی کزەی شەماڵی دیموکراسیو ریفۆرمدا داخست.

شۆڕشی نەتەوەیی لەئەمریکاو فەرەنسادا سروشتێکی لیبرالی پێشکەوتنخوازی هەبووە، کەچی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕستدا بزاڤی نەتەوەیی عەرەبیو تورکیو فارسی هەر زۆر نالیبرالو نادیموکراتو شۆڤینین.. ناسیۆنالیستەکانی شەیدای عەسکەریتاریا، ئیلهامیان لەفاشیزمو نازیەت وەردەگرت، بۆئەوەی ئازادی گەلان بتاسێننو پەلاماری عەسکەریانەی دراوسێو دەوروبەری خۆیان بدەن.

ئەمە مۆدیلی دەوڵەتی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بوو. نە ئازادیو دیموکراسیو نەدەوڵەتی قانونو نەرێگەدان بەکۆمەڵی مەدەنیو سەربەستی ژنانو نەریزگرتن لەمافی مرۆڤ .. هتد. ئەم مۆدیلە لەهەموو روویەکەوە هەرەسی هێناو لەبەر چاوی خەڵکی هەژارو چەوساوەو روناکبیرە پێشکەوتنخوازو رۆمانتیکیەکان کەوت. هەر ئەم گروپە ناسیۆنالیستیانە یان ئەندامانی هەمان قوتابخانە ماوەیەك بەئەفسانەی (( سۆسیالیزم)) یان ((ناسیۆنال سۆسیالزم)) خەڵکیان گێژوکاس کرد. لەسەر ئاستی جیهانیشدا ((سۆسیالزم)) لەقۆناخی خەباتی ژێرزەمینیو شۆڕشگێڕیو رۆمانسیەوە بۆ قۆناخی دیلایەتی بەردەستی دەوڵەتی بیرۆکراسی دیسپۆتی وەرچەخا. ((سۆسیالزم))ی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە ئیلهامی لەهیتلەرو مۆسۆلینیو فرانکۆ وەرگرت، ئەوەندە بایەخی بە((تاکپەرستی)) و ((پێشەوا پەرستی))و بەرزکردنەوەی ((سەرۆك)) بۆئاستی یەزدانو خواوەند، داوە، یەك لەهەزار بایەخی بەریفۆرمو مافی مرۆڤو دەوڵەتی قانون نەداوە.



رژێمی سەدام بۆنموونە کوتومت ئیلهامی لەئەزموونی دەسەڵاتی ((رایشی سێیەم)) وەرگرتووە. هیتلەرو نازیەکان تاساڵی ١٩٢٨گروپێکی بچووکی پەراوێز کراوبوون، رێژەی ٢,٨٪ لەهەڵبژاردندا بەدەست نەدەهێنا. پاش بردنەوەی هەڵبژاردن ١٩٣٣و هاتنە سەر حوکم توانییان بەشێوەی دیماگۆگیو وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی نزمو دزێوو خۆ بەگەورە زانیینو هەڵرشتنی رق بەسەر گەلانی تردا، بەملیۆن خەڵکی ((فەنارتیك)) یان ((فەنارتیزەکراو)) رەوانەی شەرگەکانی باکوری ئەفریقیاو رووسیاو فەرەنسا.. هتد. بکەن.

مۆدیلی نەتەوەیی نادیموکراسیو نالیبرالو دژ بەرینسیانسو دواکەوتوو، هەروەها مۆدیلی ((سۆسیالیست))ی یان ((ناسیۆنال سۆسیالیستی)) نازیو فاشی، لەرۆژاواوە وەرگیراونو کۆمەڵانی خەڵك ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ مۆدیلی لەرۆژاوا هێنراودا هەیە. کاردانەوەی ئاساییو راستەوخۆی بەشێك لەخەڵك گەرانەوەیە بۆکۆشی ئایین وەکو دەرمانێك بۆهەموو کێشە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایتییەکانی کۆمەڵ .. دیارە ئەمە کاردانەوەیەو بەشێوەیەکی زۆر توندو تیژو زەبروزەنگ روودەدات. بزاڤی تالیبانی ئەفغانستانو جولانەوەکانی ئەمرۆی ناوەڕاستو خوارووی عیراق لەیەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە.

ئێمە ئەگەر تەنیا لەرووی تیۆریەوە سەیری بزاڤە ((سەلەفی))و ((جیهادی)) توندرەوەکان بکەین، دەبێ بگوترێ: سوود وەرگرتن لەمێژوو کارێکی پێویستە، بەڵام ((کات)) راناگیرێتو پرۆسەی مێژوویی بەرەو دواوە ناگەرێتەوە. یاساو پەیوەندی کۆمەڵایەتی ((مۆدێل))ی سیاسی دەهێنێتە پێشەوە، نەك بەتیرۆرو تەقینەوەو ئاگر بەسەریدا بسەپێنرێت. ئەم بیرکردنەوەیە دەزانێت گلۆبالیزمو جیهانگیری هەیەو دەبێ تەنیا سوود لەتەکنیکی زانستیو عەسکەری وەربگرێتو ئازادی تاكو دیموکراسیو دەوڵەتی قانون پشتگوێ بخرێت!

من رەنگە زۆر دڵم بەهەموو شتێکی بەجیهانی کردن‌و گلۆبالیزم خۆش نەبێت‌و پێم باش بێت دژی بوەستم، حەزو ئارەزووی من شتێکەو ڕەوتی مێژوو شتێکی تر. ئیسلامیە توندڕەوەکان لەکەسانی عیلمانی زیاتر سوود لەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێت‌و دینامێت . . هتد. وەردەگرن. کێشەی ئەوان ئەوەیە: دەیانەوێ بەهەمان چەکی ((گلۆبالیزم)) گلۆبالیزم هەڵوەشێننەوە! هەر بۆ ئەوەی کۆمەڵێك دروست بکەن، کەوێنەی تەنیا لە١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەبووە. تەنانەت ئەو زەمانەش هێزی کۆمەلاّیەتی‌و سیاسی هەبوون‌و توانیویانە ئەو سیستێمە بەشیرو تیر هەڵوەشێننەوەو بەکەس سەرلەنوێ بەدرێژایی ١٤٠٠ دروست نەکراوەتەوە، چونکە پەیوەندی کۆمەلاّیەتی نوێ هاتۆتەکایەوەو ئەو مۆدێلەی پێ‌قبووڵ ناکرێت!

پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست کۆمەڵێك کەم‌و کوڕی‌و دیاردەی دواکەوتنی فەرهەنگی‌و ئابووری دەستنیشان کردووە، بەلاّم بەراشکاوی پەنجەی نەخستۆتە سەر چارەسەر!

دیارە لەنێوان رۆژاواو ئەوەی نێوی لێنراوە ((جیهانی سێیەم)) پەیوەندییەکی ئابووری ناعادیلانە هەیە.

باشوور هەرچی بکات ناتوانێ نرخ بۆ کالاّی خۆی دانێ. باکوور میکانیزمێکی ئەوتۆی داهێناوە، باشوور هەرچی بەرهەم دەهێنێ بەزەرەری دەشکێتەوەو هیچ سوودێکی بۆ بوژانەوەو گەشەکردنی ئاستی ژیانی ئابووری‌و فەرهەنگی‌و سیاسی هاوولاّتی باشوور نییە.

راستە شۆڕشی پیشەسازی لەئۆروپادا پێش ((جیهانی سێیەم)) دەستی پێ کردووەو جیهانی سێیەم وەکو پاشکۆی لێ‌هاتووە. هەژارانی جیهان رۆژ بەرۆژ هەژارتر دەبن‌و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر دەبن. هەرچی شەڕو ناکۆکی لەباکووردا هەیە، لەپاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە بۆ جیهانی سێیەم رادەگوێزرێت.



لەنێوان ١٩٤٥ ـ ١٩٨٤ لەسەر خاکی رۆژاوا هیچ شەڕێك رووی نەداوە، بەلاّم لە ((جیهانی سێیەم))دا (٣٨) شەڕ رووی داوە. لەم (٣٨) شەڕە (١١) لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست بووە. دیتەر روولۆف لەکتێبی ((شەڕ چۆن دەست پێ دەکات))* باسی شەڕی ناوخۆی نەکردووە بۆ نموونە: ((شەڕی کورد دژی رژێمی بەغدا. شەڕی فەلەستینیەکان دژ بەئوردون. . هتد)) لەگەڵ ئەوەشدا پتر لەچواریەکی شەڕی جیهان لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست بووە.

دووجار ١٩٦٧و ١٩٧٣ شەڕی ناوچەیی عەرەب ـ ئیسرائیل خەریك بوو ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤێت بەچەکی نوکلیار رووبەڕووی یەکتر بوەستن‌و هەریەکەیان ئینزاری ژمارە (٣) بەلایەنەکەی تر داو هیچی نەمابوو هەردوولا بەچەکی ئەتۆم ژیان لەسەر زەوی کۆتایی پێ بهێنن.

کێ هەیە بەتەواوی بزانرێت چەند چەك (بەکیمیاوی‌و بایۆلۆجی‌و ئەتۆمیشەوە) لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست کۆکراوەتەوە؟ سالاّنە چەند چەك دەکرێت‌و بەکاردەهێنرێت؟

کەس لەرێی خوا چەك بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست نانێرێت: بەشێکی زۆری داهاتی نەتەوەیی ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست (نزیکەی ٨٠٪ داهاتی نەتەوەیی لەهەندێ ولاّتدا) بۆ پێشکەوتووترین چەك سەرف دەکرێت‌و ئاستی ژیانی ئابووری خەڵك هەر زۆر خراپەو کەم کەس پڕ زکی خۆی تێرنان دەخوات.

پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە هەر زۆر چاکە، ئەگەر وەکو یەکێتیی ئۆروپی بێت. سنووری نێوان ولاّتان سنوورێکی رەمزیە. هیچ دەوڵەتێك بەتەمانییە تیرۆرو ئاژاوە بۆ دراوسێ رەوانە کات . . ئاستی ژیانی خەڵکیش بەگشتی خراپ نییە، لەچاو جیهانی سێیەم دا . . ولاّتانی رۆژهەلاّتی داخرێت ناوەڕاست قوربانی

* Ruloff, Dieter: Wie Kriege beginnen, Munchen, 1985. S. 16

دواكەوتنو ئایدۆلۆجیاو مێژووی پڕ ناكۆكیو رقو كینەن. ئەم لاپەڕەیە دەتوانرێت بەرە بەرە داخرێنو لاپەڕەیەكی نوێ هەڵدرێتەوە. هەر دەبێ هەڵیشدرێتەوە، چونكە شەڕو ناكۆكیو پەلامار كارێكی نامرۆڤانەی دواكەوتووەو ئەمڕۆ كۆتایی پێ بێت لەسبەی چاكترە. زمانی دیالۆگو دانوستاندن دەبێ لەمەودوا زاڵ بێت، نەك زمانی شەڕو خوێن ڕشتنو ئاژاوە. لەهەندێ ((وڵات))دا سەنتەری پەروەردەی تیرۆرستو تەقاندنەوەو وێران كردن هەبووەو هەیە. بالەمەودوا سەنتەری دیموكراسیو سەنتەری گوڵ بەخێوكردنو ئازادیو نەهێشتنی زەبرو زەنگ هەبێت . . بائەو پارەیەی ساڵانە بۆ كڕینی چەك تەرخان دەكرێت بۆ دروستكردنی كارگەو ڕێگەو بانو كارەباو ئاوو ژینگەپارێزیو فێرگەو زانكۆو خوێندنی باڵاو وزەو دارستان . . هتد بێت. پەندێكی تۆزێك شۆڤێنی هەیەو پیاوان بۆ سوعبەت بەكاری دەهێنن، لەكاتی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ژنەكانیان: ((زێڕم داو بەڵڵام كڕی)). ئەز لێرەدا خۆم لەو واتایە بەدوورو دەگرمو تەنیا واتای حەرفیم مەبەستە، كەرەنگە رۆژێك لەرۆژان بازرگانەكان بەرامبەر هەڵخەڵەتانو كاڵای قەڵب بەكاریان هێنابێت. تا ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زێڕی ڕەشی داوەو بەڵڵای گەورەی بۆ خۆی سازاندووە. لەمەودوا پێویستە سامانی ئەم وڵاتە بۆ بوژانەوەو گەشەكردنی ژیانی هاووڵاتیانو ژێرخانی وڵات بێت.

ئەم رژێمانەی لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا، نموونەی دیسپۆتی رۆژهەڵاتین (الأستبداد الشرقي)، كە لەرێگەی زەبروزەنگو تیرۆرو بیروهۆش سڕكردنەوە، مانەوەی خۆیان دەستە بەركردووە. زۆربەی ئەم رژێمانە ئامرازی دەسەڵات ـ پارستنیان پتەوكردووەو رێگە بەچكۆلەترین شنەبای گۆڕان نادەن. ئامرازەكانی چاودێریو كۆنترۆڵكردن هەر زۆر بەهێزنو دەتوانن بەخێراترین شێوە، گەمارۆی جولانەوەی ئۆپۆزسیۆن بدەن.



لەناو ئەم دەوڵەتانەدا هەڵبژاردنی راستەقینە، رێگەی پێنەدراوەو پێنادرێت. هەندێ دەسەڵاتدار هەر بۆ چاوو زار هەڵبژاردن دەكەنو سەرۆك كۆمار یەك پاڵێوراوی هەیەو كەس بۆی نییە، شان بەشانی تاكە پاڵێوراو خۆی بپاڵێوێت. لەئەنجامدا ٩٩,٩٩٪ دەنگەكان دەهێنێتو شاییو رەشبەڵەك لەبەردەم كۆشكی كۆماریدا بۆ ماوەی حەوت شەوو حەوت رۆژ دەكرێتو تەپوتۆزی گلەییو رەخنە بەشێوەیەك بەرز نابێتەوە ((رژێم)) پێی قەڵس بێت.

رژێمەكان راستەوخۆ دیكتاتۆریای عەسكەری بەڕێوەیان دەبات یان دیكتاتۆریای عەسكەری لەپشت ماسكو دەمامكی ((ئیسلامی))و ((نەتەوەیی))و ((بنەماڵە))یی خۆی قایم كردووە. هەڵبژاردن ((نامۆ))یە بەكولتووری ناوچەكە. خۆپیشاندان بۆ پشتگیری سەدام و كێو كێ دەكرێت، بەڵام بۆ بۆهەڵبژاردن ناكرێت؟ هێزو ئایدلۆجیای نادیموكراسی باو، سەرسەختانە دوژمنایەتی ((ریفۆرم)) دەكاتو ئەگەر بەڵێنی پرۆسەی هەڵبژاردن بدرێت، ئەوە لە دەلاوە ئیفلج دەكرێتو هیچ سوودێكی بۆ دیموكراسیو چەسپاندنی دەوڵەتی قانوون نابێت.



**پرۆفیسۆر عەباسی وەلی**

*پرۆژەکە وەك دیارە، خەریکە ببێتە پرۆژەیەکی سیاسی، لەم ساتەوەختەداو لەم قۆناغەدا پرۆژەکە تابعی هەلومەرجێکی تایبەتییە، پاشانیش کەبووە پرۆژەیەکی سیاسی حەتمەن تابعی هەلومەرجێکی تر دەبێت، پرۆژەکە وەك من لێی تێدەگەم، درێژەپێدەری پرۆژەی گەورەتری ئەمریکایە، کە لەپاش جەنگی داگیرکردنی کوێت لەژێر ناوی "سیستمی نوێی جیهان" لەلایەن "بوش"ی باوکەوە مەترەحکرا. "سیستمی نوێی جیهان" باسی لەوە دەکرد کەدونیا لەژێر کۆنترۆڵی کولتووری، سیاسیو ئابووری، تاکە دەسەڵاتی دونیا، یانی ئەمریکایە. هۆی مانەوەی ئەو سوپەر پاوەریەتییەی ئەمریکاشی دەگەڕاندەوە بۆ لیبرالیزمی دیموکراتی، کەپشت بەئابووریی ئازادی کاپیتالیزمو مافی تاك دەبەستێتو هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر کۆمۆنیزمی ئۆتوریتاریەنیو ئابووریی کۆمۆنیزمی.

پاش مەترەحکردنی ئەو پرۆژەیە ئەمریکا چیتر کاری بەسیاسەتی بەرگریکردن لەتەشەنەسەندنی کۆمۆنیزم نەما، چونکە سۆڤیەت بۆخۆی نەمابوو، ئیتر ئەمریکا دەیویست دەسەڵاتو هەژموونی خۆی پتەوبکاتو بەدونیادا پەخشی بکات.



ئەمریکاییەکان پێیان وایە ئەم سیاسەتە نوێیەیان لەگەڵ رێزگرتن لەمافی گەلانو کۆمەڵی مەدەنیو رێزگرتن لەمافەکانی تاك یەك دەگرێت. هەربۆیە بەڕای ئەوان زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەوان بەسەردونیادا، مانای وایە دونیای دیموکراتی دادەمەزرێتو ئازادیو مافی مرۆڤو کۆمەڵی مەدەنی دروستدەبێتو گەشەدەکات. ئەم پرۆژەیە لەساڵی ١٩٩٢ بەهاتنە سەرکاری کلینتۆن پەکیکەوت، چونکە کلینتۆن بەدوای ئەم پرۆژەیەوە نەبوو، ئیدارەکەی کلینتۆن زیاتر سیاسەتێکی ناوخۆیی گرتەبەرو کەمتر بەدوای سیاسەتی دەرەوەبوو. مەبەستم لەوەیە کلینتۆن زیاتر بەدوای ریفۆرمی ناوخۆیی ئەمریکادا بوو، بەڵام پاش رۆیشتنی کلینتۆنو هاتنەوەی بۆشی کوڕ، بنەماکانی ئایدیۆلۆژیی حکومەتەکەی هی ئەوانەبوون کەپێیان دەوترێت "دەستەڕاستییەکانی مۆدێرن". ئەمانە دەیانویست ئەو پرۆژانەی کەهەبوون لەسەردەمی بوشی یەکەمو وەستابوون درێژەی پێبدەن، بەتایبەت لەعێراق. بۆچوونی ئەم تەییارە بریتیبوو لەدامەزراندنی پێگەی تر لەناوچەکە جگە لەئیسرائیلو تورکیا، هەربۆیە جارێکی تر (بەڵام بەشێوەیەکی تازەتر) لەژێرناوی تر پرۆژە کۆنەکەیان مەترەحکرد، بەڵام ئەم رەوتەی ناو دەسەڵاتی ئەمریکا پێیان وابوو بۆ پەخشکردنی دەسەڵاتی ئەمریکا لەناوچەکە دەبێت رووبەڕووی زۆربەی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان ببنەوە، هەر بۆیە ئەمانە هاتن بناغەی فکرێکی نوێیان داهێنا کەپێی دەڵێن "سیستمی حاکمییەتی مۆدێرن". هەر بۆیە دەیانەوێت جگە لەشەڕکردن "سیستمی دەسەڵاتی دیموکراتی لەوڵاتان"دا پیادەبکەن.

بەبۆچوونی من ئەمریکاییەکان لەخستنەڕووی ئەم نەخشەیەیاندا جددین، بۆ..؟ چونکە بەبۆچوونی ئەوان هیچ جیاوازییەك لەنێوان بالادەستکردنی دەسەڵاتی ئەمریکاو کۆمەڵی مەدەنیدا نییە. وەك لەعێراقدا دەبینین، ئەوان جددین لەو پرۆژەیەدا.

* یەکێتیی ئەوروپا دەیەوێت سیاسەتێکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام ئایا چەندە ئەو کارەی پێدەکرێت، ئەوە بەستراوەتەوە بەچەندین هۆکارەوە، یەکێتیی ئەوروپا یەکەمین گرفتی ئەوەیە یەکگرتوویی پراکتیکیی سیاسیی نییە، یەکێتیی ئەوروپا خۆی گرفتی حاکمییەتی نەتەوەیی هەیە. واتا حاکمیەتی واحدی نییە، سیاسەتی دەرەوەی یەک نییە، سیاسەتی یەکگرتووی سەربازیی نییەو ناتوانێت لەم بوارەشدا یەك دەنگ بێت، بەڵام ئەگەر ئەم نەخشەیە بخرێتە بەردەستیان، دەتوانم بڵێم فەرەنساو ئەڵمانیا رەتی دەکەن، بەڵام ئینگلیزو ئیتالیا لەگەڵی دەبن، بۆ ئیسپانیای ئەمڕۆ نازانم، وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە لەیەکی مانگی داهاتوو دەچنە ناو یەکێتیی ئەوروپاوە، لەگەڵ پرۆژەکە دەبن، بەڵام جگە لەوانە یەکێتیی ئەوروپا قورساییە ئابوورییەکەیو قورساییە سیاسییەکەی وەك یەك نین، ئابوورییەکی گەورەی هەیەو لەوانەیە چەند ساڵێکی تر بتوانێت ئابوورییەکی وەك ئەمریکای هەبێت، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە کولیەتێك نییە کەحاکمیەتێکی یەکگرتووی هەبێت.

من پێموایە ئەمریکا ئەگەر بیەوێت ئەو گۆڕانانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبکات، دەبێت بۆخۆی جێبەجێی بکات، ئەگەر حکومەتی بوش جارێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا جیاواز دەبێت لەئێستا، ئەم ساڵە ساڵی هەڵبژاردنەو حکومەتەکەی ئەمریکا لەلاوازیی دایە لەهەندێك رووەوەو لەهەندێك رووەوە توندە، بۆ نمونە بۆ پشتگیریکردن لەپرۆژەکانی ئیسرائیل توندەبێت، بەڵام بۆ گوشاردانان لەسەر قبوولکردنی پرۆژەکە ئەو توانایە کەمە، بەتایبەت ئەزموونی ئەمریکا لەعیراق هێندە سەرکەوتوو نەبووو هەڵبژاردنیش بەڕێوەیە.

* بەباوەڕی من هەتا ئێستا زووە بڵێین: ئەمریکا لەعیراق ئەزموونێکی سەرکەوتوو یان شکستخواردووی هەیە، بەڵام ئەو وەزعە شپرزەیەی عیراق بەتایبەت لەباشوورو ناوەڕاست، ئەوە دەردەخەن کەئەمریکا نەیتوانیوە بەو خێراییەی کەبیریان لێدەکردەوە،



عیراق ئارام بکەنەوەو پرۆژەکەیان پیادەبکەن. بابڵێین ئەزموونی عیراق، چونکە وەك وتم هێشتا زووە بۆ بڕیاردان لەسەری. دووچەمکی بنەڕەتیی هەبووە:

**یەکەم:** ئەوەیە ئیمکانی بەردەوامبوونی لەسەر ئەو پرۆژەیە لەرێگای سەربازییەوە لەجێگای تر لەناوبردووە، ئەمریکا چیتر ناتوانێت ئەوەی لەعیراق کردی، لەوڵاتێکی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامی بدات، بەتایبەت لەدونیای عەرەب، ئەگەر بیکات لەهەر جۆرە عەقڵییەتێکی سیاسی بەدوورە.

**دووەم:** پرۆژەی عیراق، بەشێك لەئەنجومەنی نەتەوەیی ئەمریکاو پێنتاگۆن دەیانویست دەسەڵاتی ئەمریکا بەنیزامی بەدونیادا پەخشبکرێت..

لەلایەکی ترەوە (ستێپ دیپارتەکان) هەبوون، کەدەیانەوێت بەرێگای کۆنی دیپلۆماتییەوە کاربکەن، مەبەستم لەسیاسەتی کۆنی دیپلۆماتیی ئەوەیە کەهەڵەیە لەسیاسەتدا یەك سیاسەت بەسەر چەند دەوڵەتێکدا پیادەبکەیت، چونکە هەر دەوڵەتەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەم بۆچوونە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە تەرەفداری کێ دەکرێت.

ئەزموونی عیراق بالانسی هاوسەنگیی لەنێوان ئەو دوو بەشەی نێو دەسەڵاتی ئەمریکا بەقازانجی وەزارەتی دەرەوە بردووەتە سەر.

تەنانەت رای گشتیو رۆژنامەگەرییش پشتگیریی لەم بۆچوونە دەکەن لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاش هەمان بۆچوون زاڵە.

ئەگەر حکومەتی بوش جارێکی تر بێتەوە سەرکار، دەبێت بزانین لەتەرکیبی کابینەی تازەدا کێ دەیباتەوە، ئەمە زۆر گرنگە، دەبێت بزانین رامسفێڵدو پاوڵو کوندەلیزا دەمێننەوە یان نا..؟ جگە لەوە ئەزموونی عیراق پەیوەندییەکانی ئەمریکای لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە هەڵوەشاندەوە، پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا هەمان پەیوەندیی پێش شەڕەکە نییە، بەهەمان شێوە لەگەڵ سعودیەو ئێرانو سوریاو

ئەردەن. هەر ئێستا بیستم شای ئەردەن، سەفەری خۆی بۆ ئەمریکا دواخستووە، جگە لەوەش پەیوەندیی ئەمریکای لەگەڵ مەسەلەی فەلەستین تێکدا، هەر بۆیە دێینەوە سەر ئەم پرسیارە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لەسەر پرۆژەکەی بەردەوامبێت، دەبێت بەسیاسەتێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بەو مانایەی کەنەخشو ڕۆڵی پێنتاگۆن لەوە کەمتر بێتەوە.

*-ریفۆرم تایبەتمەندیی هەیە، ریفۆرمی ئەمریکا لەسعودیە دەبێت تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، چونکە رژێمی سعودی بۆخۆی رژێمێکی (فەندەمینتالیزم)ـە. موشکلەی (بن لادن) لەگەڵ سعودیەکان، لەسەر ئەوەیە کە بەئەندازەی پێویست ئوسوڵی نییە، بۆیە دەبێت ریفۆرم لەوێ تەرکیبێك بێت لەنێوان ئیسلامێکی وەك تورکیای لێبکەیت، دەڕووخێت، جگە لەوە ریفۆرم لەوڵاتە ئیسلامییەکانی چەشنی سعودیە، بۆخۆی مەسەلەیەکی سیاسیی گەورەیە، بەڵام ئەگەر بەگشتی لەسەر ئیسلام قسەبکەین، وەزعەکە ئێستا بووەتە هۆی زیاتر تەشەنەسەندنی (ئیسلامی محافزەکاری رادیکاڵ).. بنلادنیزمو وەهابیزمو سەلەفیزم، لەئەسڵدا ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر زۆر محافزکاریان هەیە، بەڵام ئێستا کەڕادیکاڵن، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنن، نەك لەبەر ناوەرۆکە ئایدیۆلۆژییەکەیان، واتا هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆ ئەوانی کردووەتە رادیکاڵیزم.

بەداخەوە ئەو وەزعەی کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتەپێش، (ئیسلامی محافزەکاری رادیکال)، ئیسلامی ریفۆرمیستی دیموکراتی زۆر لاوازکردووە. ئەوە، بەباوەڕی من، شتێکی خراپە لەڕۆژهەڵات.

جا دێینەوە سەر ئەوەی کەڕایەك هەیە پێی وایە ئیسلامو دیموکراتی پێکەوە هەڵناکەن، ئەو بۆچوونە لەسەر ئەساسییەتێکی هەڵە دانراوە، ئەگەر تۆ بنەما



سەرەکییەکانی جوولەکەو مەسیحییەتیش بگریت لەگەڵ دیموکراتیدا پێکەوە نایانکرێت.

ئیسلام لەگەڵ لیبرالیزمدا کێشەی زۆر زۆر هەیە، بەڵام لەگەڵ دیموکراسی کە بەمانای حکومەت لەدەستی خەڵکدا بێت، کێشەی نییە، بەڵام ئەگەر ئیسلام بکرێتە بنەمای شەرعییەتی سیاسی هەر رژێمێك ئەو کاتە موشکلە پەیدا دەکات، جا بۆیە رەدکردنەوەی ئیسلام، وەك مەقولەیەکی کۆمەڵی مەدەنی هەڵەیەکی گەورەیە، لەهەمان کاتدا قبووڵکردنی ئیسلام وەك شەرعییەتی سیاسیی هەڵەیەکی گەورەیە، شەرعییەتی سیاسیی دەبێت شەرعییەتێکی دیموکراتیی نەتەوەیی بێت.. ئەم مەسەلەیە، واتا مەسەلەی ئیسلامو دیموکراتی مەسەلەیەکی سیاسییە.

دەوڵەتە عەرەبییەکان کێشەی گەورەیان بریتییە لەوەی کەدەوڵەتی ئۆتۆریتارینو ئیدیعای دیموکراسی دەکەن. ئەو دیموکراسیی دەستووریی قەدیمە، هەڵبژاردنی بێ مانایان تێدایە. بۆ خۆشیان دەزانن کەمەشروعییەتی دیموکراتییان نییە، دەوڵەتە عەرەبییەکان ئەگەر بەگشتی تەماشایان بکەین، پێیان دەوترێت“ "ئەو دەوڵەتانەی کەلەپرۆژەکانیاندا شکستیان خواردووە"، ئەوانە بۆ مانەوە دەبێت هەمیشە گوشارو هەڕەشەو سەرکوتکردنو ئەشکەنجە پەیڕەوبکەن، چونکە ئیدیعای شەرعییەتی دیموکراتی دەکەن، بەڵام خەڵك ئەو شەرعییەتەیان پێ نادات، جا ئەو بۆشاییە لەنێوان قسەکانیانو واقیعی سیاسی بەگوشاری سیاسی پڕدەکەنەوە. هێزی ئەساسیی ریفۆرم لەوڵاتە عەرەبییەکان بەباوەڕی من لەبنەوەدایە، بەباوەڕی من پرۆژەی ئەمریکا لەناوچەکە زۆر سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر ئەو بنەوەیە بەهێزبکات. کارێك بکات ئەوانە شتێکیان هەبێت لەسەری راوەستنو هەلومەرجێك دروستبکەن حکومەت ناچاربکەن ریفۆرم بکات. وەك ئەوەی کە لەکوردستانی سوریا هاتەپێش. سوریا مافە سەرەتاییەکانی بەکورد نەداوە کە "ناسنامەیە". بۆیە پێویستە ئەمریکا یان رۆژئاوا

بنەماکانی ناسنامەکان لەناوچەکەدا بەهێز بکات. ئیمکاناتی ئەوە دابین بکات لەڕێگای گوشاری ئەو خەڵکانەوە شەرعییەتی حکومەتەکانیان بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەباوەڕی من بۆ گۆڕینی حکومەتەکانی ناوچەکە، یان ئەنجامدانی ریفۆرم لەڕێگای گوشاری ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتییەوە سەرکەوتووتر دەبێت نەك لەڕێگای سەربازی.

واتا ئەگەر جەماوەری ئەو وڵاتانە ببنە ئۆپۆزسیۆنو گوشار دروستبکەن، ئیمکانی ریفۆرم زیاتر سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەمریکا تانکەکانی بباتە سەر سنوورەکانی ئەو وڵاتانە، دەبێتە هۆی شەرعییەت پەیداکردنی ئەو حکومەتانە، بەلای کەمەوە بەڕای زۆربەی کۆمەڵگاکانیان.


من لەو باوەڕەدام پرۆژەی دروستکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی گەورە ئەگەر سەرکەوتووبێت، پرۆژەیەکە نابێت فۆرمەڵێکی یەکگرتوو بۆ هەموو حکومەتەکانی ناوچەکە جێبەجێ بکات، جگە لەوە دەبێت هێزە دیموکراتییەکانی حکومەتەکانی ناوچەکە بەهێزبکات، هەلێکیان بۆ دروستبکات، تاکو ئەو هێزانە خۆیان دەربخەن، ئیمکانیاتێك لەناوچەکەدا بهێنێتە پێشێ بۆ دامەزراندنی کولتوورێکی دیموکراتیكو هەلومەرجێکی لیبراڵ، ئەوە لەبارترو سەرکەوتووترە لەنواندنی هێزی سەربازیی.

*وەك لەسەرەتادا وتم: پرۆژەکە تائێستا پرۆژەیەو نەبووەتە پرۆژەیەکی سیاسیی جێبەجیکراو، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ کرا وەك هەیە، نەك هەلومەرجی جیۆپۆلۆتیکیی تازە دێتەپێشێ، بەڵکو بەباوەڕی من هەلومەرجی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووریی نوێ دروستدەبێت، هیچ شتێکی چەسپاو نامێنێت.

*لەپاش شەڕی جیهانیی یەکەم، هەلومەرجێکی باش هاتەپێشو زۆر وڵات لەناوچەکەدا دروستبوون، لەو کاتەدا کورد هیچی دەستنەکەوت، چەند هۆکارێك هەبوون بۆ ئەوە، لەلایەك سیستمی نێودەوڵەتی ئەوکات قبوولی نەبوو، لەلایەکی تر



لەبەرئەوەبوو کەکورد رابەری نەبوو، کۆمەڵگایەکی پاشکەوتوو بوو، لەهەمووی گرنگتر رابەرێکی دووربینو شارەزای سیاسەتو پێشبینیی وای نەبوو، یەکگرتووش نەبوو، بەڵام لەم هەلومەرجەشدا کەباس لەم پرۆژەیە دەکرێت، ئەگەر کوردان وەك جاران رەفتاربکەن، حەتمەن هیچیان دەستناکەوێت، بەڵام ئەگەر کوردان سیاسەتیان عاقڵانە بێتو بەو ئاراستەیەدا بڕوات کەسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەڕوات، واتا سیاسەتی دیموکراتیزەکردنو کۆمەڵی مەدەنی پەیڕەوبکات، ئەوەش بەکردەوە نەك بەقسەکردن، یان بەئیعلامی سیاسەت لەگەڵیدا بوون، بەمانایەکی تر کەباس لەدیموکراتی دەکەیت، دەبێت خۆت دیموکرات بیت، ئەگەر وا بکەن، دەتوانن ببنە بەشێك لەو پرۆسەیەو شتێك بەشت بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر پرۆژەکە وەستا دەبێت کورد رۆڵی کاریگەری بۆ سەرخستنی هەبێت، بەڵام سەرکەوتنی کوردان لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی ئاوادا مەرجی سەرەکیی ئەوەیە کەکورد هێزێكو رابەرێکی پێکهاتەو ئایدیۆلۆژیایەکی دیموکراتیو یەکگرتوویان هەبێت، جگە لەوە ئەگەر وانەبێت هەلومەرجەکان بۆ ساڵی ١٩١٨ دەگەڕێنەوە.



**مامۆستا سەڵاحودینی موهتەدی**

*دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان وردتر بڵێین دواکەوتوویی جیهانی ئیسلام ((لەجیهانی ئیسلامیشدا دەکرێت بەشە ئاسیاییەکەی کە(مالیزیا)و (ئەندۆنیزیا)یە لێی لابدەین)) شتێك نییە حاشای لێبکرێت یان بشاردرێتەوە، ئەگەر سەردەمێك دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە سنوورەکانیان دادەخستو ئاگاداریو زانیاری بەئاسانی ئاڵوگۆڕ نەدەکرا، ئێستا لەسایەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردنەوە ئەو لەمپەرە نەماوە، راستییە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکانی وڵاتان ئاشکرابوون.

لەئەنجامدا دەرکەوتووە دەوڵەمەندترین سەرزەویی دونیا، هەژارترین میللەتی تێدا دەژی. نەك هەر وڵاتانی عەرەب، بەڵکو هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان خاوەنی نەوتو کانزاو گەنجینەی ژێرزەوین، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی دەسەڵاتداران بەکارهێنراوە، جا ئیتر دەسەڵاتی پاشاکان بێت یان ئەو سەرۆك کۆمارانەی کە لەدوای خۆیان کوڕەکانیان دەبنەوە بەسەرۆك کۆمار، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر لەم سەردەمەدا چیتر جیهانی



نابەرامبەر ناتوانێت بەئاسانی درێژە بەژیانی خۆی بدات. جیهانگیرییش سنوورەکانی بەزاندووە، جیهانی سەرمایەداریش، لەسەروویانەوە ئەمریکا، چی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی خۆیو ناردنی سەرمایە بۆ جیهانی دەرەوە یان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەم ناوچەیە، هەموو ئەوانە وایانکردووە رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا پێویستیی بەدابینکردنی سەقامگیریی سیاسیو گەشەکردنی ئابووری لەم ناوچەیەدا هەبێت.

ئەو سەردەمە نەما کەجیهانی پێشکەوتوو پێویستیی بەجیهانێکی هەژار هەبێت بۆ ئەوەی کەرەستەی خاوی بەهەرزانی دەستبکەوێتو کاڵای بەرهەمهێنراویش بەگرانی بەخەڵك بفرۆشێت، ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە پێچەوانە بووەتەوە، ئێستا جیهانی سەرمایەداری بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی پێویستیی بەخەڵکانێکی دەوڵەمەند هەیە بۆئەوەی توانای کڕینیان هەبێت، بەمانایەکی تر ئەگەر گەلێك توانای شت کڕینی نەبێت ناتوانێت ببێتە بازاڕێکی مەسرەف بۆ بەرهەمەکانی سەرمایەداری.

جگە لەوەش سەرمایەداری ئێستا پێویستیی بەوە هەیە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لەخودی ئەو وڵاتانەدا بەرهەمبهێنێت، ئەویش لەبەر هەرزانیی دەستی کارو کەرەستەی خاوو هەرزانیی گواستنەوە. بۆ ئەوەی ئەو مەسەلانە بەئەنجام بگات، ئەمریکا پێویستیی بەوە هەیە سەقامگیریی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا دابین بکرێت، بەڵام ئایا ناوچەکە ئەوەی تێدایە..؟ وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێداوە بارودۆخی ناوچەکە پێچەوانەی ئەو هەلومەرجەیە کەئەمریکا دەیەوێت، بۆیە پێویست دەکات ریفۆرم ئەنجام بدرێت، بەڵام بەو حاڵەتەی کەئەم وڵاتانەی تێدایە، بەو ژێرخانە داتەپیوە دواکەوتووەوە، دەکرێت بێ ریفۆرمکردن لەسەرخان هیچ ریفۆرمێکی تر بکرێت..؟

ئێستا ئەمریکاو هەموو وڵاتانی سەرمایەداری بەژاپۆنو وڵاتانی تری سەرمایەداری رۆژهەڵاتو رۆژئاواوە لەو باوەڕەدان کەدەبێت لەناوچەکەدا ریفۆرمی گشتگیر

لەسەرخانو ژێرخانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجام بدرێت. دەبێت ئەم حکومەتانەی کە لەژێر ناوی ئیسلامو ناسیۆنالیزمدا خۆیان بەسەرگەلانی ناوچەکەدا سەپاندووەو سنوورێکیان بەدەوری خۆیاندا کێشاوەو سوودیان لەمیساقی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرت بۆ پاراستنی سەروەریی خۆیانو بەئارەزووی خۆیان تەنانەت گەلانیان قڕدەکرد، هەلومەرجی ژیانی ئەو حکومەتانە بەنەمانی شەڕی ساردو یەك جەمسەریی‌و هاتنی جیهانگیری نەما.

بەخستنەڕووی ئەم پرۆژەیە ئەمریکا دەیەوێت ریفۆرمی ریشەیی‌و هەمیشەیی بەئەنجام بگەیەنێتو ناوچەکە بەو ئاراستەیەدا ببات کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیدا دەگونجێت. خۆشبەختانە ئەم بەرژەوەندییەش لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکەدا یەك دەگرێتەوە، دیارە من مەبەستم تەنیا لەو گەلانە نییە کەحکومەتیان نییە، بەڵکو ئەو گەلانەشە کەلەئێمە زیاتریان لەلایەن حکومەتەکانی خۆیانەوە پێکراوە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمریکا راستگۆیە لەم پرۆژەیەدا..

*کێشەی ئەمریکا لەوەدایە کەنەتەوەی جیاوازی وەك نەتەوە تێدا نییە ، راستە لەزۆر وڵاتی دونیاوە خەڵکی بۆ چووە، بەڵام هەموویان لەژێر سایەی ئەمریکادا کۆبوونەتەوە.

جگە لەوە ئەمریکا بۆخۆی داگیرکراو بووەو رزگاریبووە، واتا هیچ کات ئەمریکا وەك وڵاتە ئەوروپاییەکان کۆلۆنیالی نەبووە، تاکو ئیدارەی بکاتو شێوەی بەڕێوەبردنی گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەبێتو ئەزموونی پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاجیاکانی نییە، ئەوروپاییەکان ئەو ئەزموونەیان زۆرە.

بەر لەهاتنی، دروشمی سەرەکیی ئەمریکا بریتی بوو لەوەی دەبێت ئەفغانستان لەژێر دەستی تاڵیبان رزگاربکرێت، پێویستە عیراق لەچنگی سەدام حسێندا ئازاد بکرێت، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە چونکە کورد لەعیراق کێشەی تەنیا لەگەڵ سەدام



حسێندا نەبووە، بەدرێژایی دامەزراندنی حکومەتی عیراق کەمایەتییەکی عەرەبیی سوننە بەسەر زۆرایەتییەکی شیعەو کورددا زاڵبووە، ئەم هەموو کێشەیەی کە لەعیراقدا هەیە تەنیا بەقسەیەکی سیحراویی لەجۆری ئەوەی "هەموومان هاووڵاتیی عیراقیینو هەمووومان مافمان وەکو یەکە" چارەسەر نابێت..

ئەمریکاییەکان زۆر سەرکەوتووانە شەڕەکەیان ئەنجامدا. ئەو شەڕەی کەسوپای ئەمریکا لەعیراقدا کردی دەبێتە دەرسێك بۆ ئایینده، بەڵام ئەمریکاییەکان پاش ئەو سەرکەوتنە سەربازییە نەیانتوانی لەڕووی سیاسییەوە سەرکەوتووبن، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شارەزایی لەکێشەکانی عیراقدا.

تەنیا رێگاش بۆ چارەسەرکردنو دەربازبوونی لەو حاڵەتە ئەوەیە کە زیاتر لەعیراقدا بمێننەوە، ئەمریکای ئەمڕۆ (کەکۆتایی مانگی چواری «٢٠٠٤»ە ) هەمان ئەمریکای پار ئەم کاتە نییە، ئەزموونو شارەزایی لەسەر عیراق زیاترە، هەر بۆ نموونە ئێستا تێگەیشتنی بۆ مەسەلەی کورد زیاترە، ئەمڕۆ ئەمریکا دەزانێت کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، داخوازیی خۆی هەیەو داخوازییەکانی ئەو داخوازییانە نین کە لەنەجەفو کەربەلادا هەن، بۆیە ئێستا ئەو چاکتر لەوە گەیشتووە کەبەرژەوەندییەکانمان پێکەوە گرێدراون.

*لەئیسلامدا دیاردەیەك هەیە، کەبریتییە لەنەهاتنی هیچ ریفۆرمێك لەناو بیروباوەڕە ئیسلامییەکاندا، لەبەرئەوە ئەحکامی ئیسلام بنەما سەرەکییەکانی ئەوەیە کە لەقورئاندا هاتوون، بەپێی ئایینی ئیسلامیش قورئان نابێت دەسکاری بکرێت، بۆیە میکانیزمی گۆڕان لەئیسلامدا زۆر دژواربووە، تەنانەت ئەگەر بهاتبایەو ئیمامو خەلیفەکان لەناو مەزهەبەکاندا سەرچاوە بوایەن، هەردەکرا ریفۆرم بکرێت، هەرچەندە شیعە شتێکی هەیە بەناوی ئیجتهادو ئەوەش رێگای کردووەتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، بەڵام تەنانەت بەشیعەشەوە ئەو گۆڕانانەی کە لەسەردەمی "ابن

تیمیه" تا "بن لادن" لەئیمام جەعفەرەوە تا خومەینی ئەنجامدراون، نەگەیشتنە ئەو رادەیەی کەئایینی ئیسلام لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنێت، بەڵکو هەموو گۆڕانکارییەکان گرەویان لەسەر ئەوە کردووە، کامیان زیاتر شێوەی پێشینە (سەلەف) بەکاردەبات، کامیان زیاتر دەچنەوە سەر سەرچاوە ئەسڵییەکە، هەربۆیە کێشەکە زیاتر لەسەر پتەوکردنی ئوسووڵییەتی ئیسلامییە نەك لەسەر ئاسانکاری لەدینەکەدا.

رێك بەپێچەوانەی ئایینی مەسیح کە بەجیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت کۆتاییهات، لەڕاستیدا لەئیسلامدا پرۆتستانتیزم نەهات، سەردەمێك حەرەکەتی عیرفانو تەسەوف بۆ رووبەڕوو بوونەوەی زوڵمو زۆری پادشاو خەلیفە موسڵمانەکان هات، ئەم حەرەکەتە دەیویست قوڵاییەك بدات بەئایینی ئیسلام، بەڵام ئەمە هەر دوو سەدەی خایاند، دوای دووسەدە هەڵگرانی ئەم باوەڕە خۆیان جێگەی پادشاو خەلیفەکانیان گرتەوە، بۆیە ئەم حەرەکەتە نەیتوانی ببێتە پرۆتستانتیزمی ئیسلامی، دوای ئەوان شیعەگەری هات، ئەمەش نارەزاییەکبوو بەرامبەر دەسەڵاتی بێ سنووری خەلیفەکانی ئەمەوی، ئۆپۆزسیۆنێك بوو دژی زوڵمو زۆری ئەوان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانیش خۆیان بەبنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلامەوە بەستبووەوە، بۆیە بە(سەفەوییەت) کۆتاییهات، پادشاکانی ئەمانە لەهەموو پادشاکانی ئەهلی سوننەت زاڵمترو خوێنڕێژتر بوون.

مەزهەبی شیعەیان بردە سەر هەمان رێگا کەسوڵتانەکانی عوسمانی مەزهەبی سوننەیان پێدابرد، بۆیە شیعەش نەیتوانی ریفۆرم لەئیسلامدا بکات. ئێستا ئێمە لەبەردەم ساتەوەختێکداین کەئیسلامییەکان نەك گرەو لەسەر ریفۆرم ناکەن، بەڵکو گرەو دەکەن لەسەر ئەوەی کامیان دەتوانن بەشێوەیەکی دەقاودەق نموونەیەکی ١٤٠٠ ساڵی پێش ئێستا بهێننەوە بۆ جێبەجێکردنی لەم سەردەمەدا، ئەمە نەك ریفۆرم نییە، بەڵکو ئەنتی ریفۆرمە.

بەلای منەوە ریفۆرم لەئیسلامدا بەدوو شێوە دەکرێت ئەنجام بدرێت:



**یەکەمیان:** لەرێگای هاتنی زاناو عالمی دینی گەورەی وا کەهەم زانستو هەم ئەو جەسارەتەیان تێدابێت بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەئیسلامدا، بەڵام ئەگەر زانای لەو شێوەیە نەبێت ئەو کات شەڕێکی گەورە لەنێوان عەلمانییەکانو ئیسلامییە ئوسووڵییەکاندا سەرهەڵدەداتو سەرئەنجامی ئەو شەڕەش بەجیایی دین لەدەوڵەت کۆتایی دێت.

**رێگای دووەم بۆ ریفۆرم ئەوەیە:** ئەگەر خودی وڵاتە ئیسلامییەکان ئەو کارە نەکەن، دوورنییە ئەزموونی عیراق لەزۆر وڵاتی تری ناوچەکەدا دووبارە بکرێتەوە.

* سەعدیی شاعیری گەورەی ئێران شتێکی هەیە دەڵێت: پیاوەکە دەیویست منداڵەکە ژێربکاتەوە، پیاوێکی زاناو شارەزا هاتو پێی وت: "بابە ئەو منداڵە لەخۆت دەترسێت، داینێو بۆخۆی ژێر دەبێتەوە. ئەو وڵاتانەی کەدەیانەوێت ریفۆرم بکەن لەکۆتاییدا بەرووخانی خۆیان کۆتایی پێدێت.

زۆر سەختە عەرەبەکان خۆیان هەستن بەریفۆرم، لەکاتێکدا بزانن ئەو ریفۆرمە سەری خۆیان دەخوات، من لەوەدا هیچ ئاسۆیەك نابینم، مەگەر لەحاڵەتێکدا لەنێو ئەو حکومەتانەدا باڵێك پەیدابێت، بیر لەوە بکاتەوە بەر لەخراپترەکە بگرێت، بەڵام لەم حاڵەتەشدا ئەگەر هەستان بەریفۆرم، بارووکەشو سادەش بێت، ئەوا لەکۆتاییدا هەر بەرووخانی دیکتاتۆرەکان کۆتاییان دێت، چونکە خەڵك داوای زیاتر دەکاتو بەم رووکەشەی کارە رازی نابێت.

تەنیا رێگا بۆ ریفۆرم لەوڵاتە دیکتاتۆرو داخراوەکان سەرهەڵدانی جەماوەرییە، ئەگەر جاران ئەم شێوازی خەباتە هیچ پشتیوانییەکی نەبوو، بەڵام هەلومەرجەکە گۆڕاوە، هەموو رۆژئاواو ئەمریکا بەتایبەت بەرژەوەندیی خۆیان لەوەدا دەبینن کەپشتگیریی لەو خەڵکە ریفۆرمخوازانە بکەن، ریفۆرمخوازەکان ئێستا دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ هاتووەتە پێش، گەورەترین دەسەڵاتی دونیایان لەپشتە.

* سنووری ئەو دەوڵەتانە هیچ کاتێك سروشتێکی راستەقینە نەبووە، سنوورەکان سنووری دەسەڵاتی حکومەتەکان بوون، دەسەڵات تاکوێ شیروتیری بڕیکردووە، سنووری داناوە. لەشکرەکانیان تاکوێ توانیویانە بچن، سنووریان لەوێ داناوە. نەجوگرافیاو نەکولتوورو نەزمانو نەتەوەکان نەبوونەتە هۆی دانانی سنوور، بەڵکو هێزی سوپا سنووریان داناوە، بۆیە زۆر ئاسانە هەرکاتێك ئەو توانا سەربازییانە نەمان، هەر کاتێك ئەو حکومەتانە نەمان، حەتمەن نەك تەنها دەستور، بەڵکو سنوریش دەگۆڕێت.

ئێمە لەسەردەمێکدا دەژیین کەجیهان خەریکە بەرەو ئەو باوەڕە دەچێت کەدەبێت سنووری وڵاتەکان لەلایەن ئیرادەی گەلەوە دیاری بکرێن، نەك دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی، ئەگەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانێت ئازادیو دیموکراتیو کۆمەڵی مەدەنی لەناوچەکەدا بەرقەرار بکات، ئەوکاتە گەلانی ناوچەکە، بەتایبەتی گەلی کورد دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە دونیاو نارەزایەتیی خۆیان لەو سنوورانە دەربڕن کەبەبێ ئیرادەی خۆیان بەسەریاندا سەپێنراون.

*کوردستانی ئێمە لەناو سێ ئیمپراتۆریەتی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە، کەڕۆژگارێك گەورەترین دەسەڵاتەکانی دونیایان پێکهێناوە. عەرەبو فارسو تورك رابوردوویەکی لەمێژینەیان هەیەو خاوەن شارستانییەتی گەورەن، ناکۆکیمان لەگەڵیاندا ناتوانێت ئەو راستییە بشارێتەوە کەئەوان خاوەن شارستانییەتی گەورەو زۆرن، ئەوان ئێستاش خەون بەو رابوردووەوە دەبینن، وەك هەموو پیاوێکی لیقەوماوی چەکمەڕەق، قۆڕە دەماغو خۆ بەزلزانن، ئێمەی کورد نەقەت دەوڵەتی گەورەمان هەبووەو نەقەت شارستانییەتی مەزنمان هەبووە، کەئەمڕۆ شانازییان پێوە بکەین، ئێمە شانازی بەتێکۆشانی گەلەکەمانەوە دەکەین، بۆیە ئێمە زۆر ئاسانە لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا تەعامول بکەین، نەك هەر کوردستانی عیراق، بەڵکو پارچەکانی تری



کوردستان بەهاتنی لەشکری وڵاتە ئەوروپاییەکانو ئەمریکا بۆ ناوچەکە، نەك دژی ناوەستین، بەڵکو ئارەزوودەکەین لەشکری حەوت دەوڵەتی تریش بێتە ناوچەکەوە.

بابێنو ببینن، مامۆستای زانکۆو کۆمەڵناسو رۆژنامەنووسەکانیان بێن ببینن بزانن چ زوڵمو زۆرێکمان لێدەکرێت، هەروەها بابێن تواناکانی ئێمە بەچاوی خۆیان ببینن، بۆیە ئەم کرانەوەیە کەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنێت، لەهەموو بوارەکانییەوە لەگەڵ خواستەکانی ئێمەدا یەکدەگرێتەوە، ساڵەهایە ئێمە بەدوای ئەم هەلەدا دەگەڕێین. پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا لەناوچەکە، بەرپابوونی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی، کرانەوەی سنوورەکان لەگەڵ ئێمەدا هاوبەرژەوەندو هاو سروشتن.

من پێموایە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو رووناکبیرانی کورد پێویستە ئەوە بۆ گەلی کورد روون بکەنەوە کەبەرژەوەندییەکانی کورد هاوپەیوەندە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو رۆژئاوا، گرنگ ئەوەیە نەوەکانی داهاتوو بگەیەنینە ئەو قەناعەتەی کەڕێبازی رزگاریی نەتەوەیی کورد لەوەدایە لەگەڵ دونیای مۆدێرنو پێشکەوتوودا تێکەڵ بن. بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد دەبێت خۆی بەبزووتنەوەی دیموکراسیو مەدەنیو مافی مرۆڤو مافی ژنو رۆژنامەگەریی ئازاد ببەستێتەوە.

ئێمە دەبێت ئەم راستییانە بەراشکاویو بێ شەرمکردن بەگەلەکەمان بگەیەنین. دەبێت شانازیی بەوە بکەین کەئێمە توانیومانە بزووتنەوەکەمان بخەینە سەر رێگای راستو رەوانو حەقانییەت، ئەمە بکەین بەباوەڕی گشتی بۆ دامەرزاندنی دەوڵەتی کوردی، مەرج نییە ساڵو دوو ساڵی تر بێت، بەڵام تا ئەو بایە لەو کونەوە بێتو بزووتنەوەی دیموکراسی ئاوا بەخێر بەرەو پێشەوە بچێت، دیاریکردنی مافی چارەنووس دەبێتە حەقیقەتێکی سەلمێنراو.

پێموایە لەئاییندەدا دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە تەنیا چارەسەر بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش لەڕێگای دیپلۆماسیو ئاشتییەوە، ئەو رۆژە دادێت کەتەنانەت دەوڵەتەکانی داگیرکاری کوردستانیش هیچ چارەیەکیان نامێنێت جگە لەوەی دان بەسەربەخۆیی کوردستاندا بنێن.

**د. بورهان یاسین:**

*پێشەکی رێگام بدەن کەدەستخۆشیی لەرۆژنامەکەتان (کوردستانی نوێ) بکەم بۆ کردنەوەی ئەم باسە تایبەتەی بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. کردنەوەی ئەم باسە بۆ کوردو لەبۆچوونێکی کوردییەوە نەك هەر کاتیەتی، بەڵکو درەنگیش کەوتووە.

بەر لەهەر شتێك، پێویستە بیرۆکەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ ریفۆرم کەئێستا ناسناوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی وەرگرتووە، بخەینە چوارچێوە مێژووییو سیاسیو ستراتیژییو فیکرییەکەیەوە. لەڕووی مێژووییەوە دەکرێت ئەوە بڵێین کەکۆتاییهاتنی جەنگی سارد لەکۆتایی ١٩٨٠کانی سەدەی رابردوو، رێخۆشکەر بوو بۆ نەك هەر باسکردن لەگۆڕانکاری، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی کۆتاییهاتنی ئەم جەنگی ساردە مومکینیش بوو. دەکرێت کۆنفرانسی مەدرید بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین بخرێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڵسوکەوتی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو کاتە بەگشتی لەچوارچێوەیەکی کلاسیکی بۆ بینینی کێشەکانی ناوچە دەرنەچوو کە سێ کۆڵەکەی هەرە گرنگی ئەم بۆچوونەش، ئاسایشو نەوتو ململانێی عەرەبو ئیسرائیل بوو. لەڕووی ستراتیژییەوە دەکرێت ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بەوەرچەرخان تەماشا بکەین. ئەم رووداوە جارێکی ترو بەشێوەیەکی نوێترو بەڕەهەندی تازەوە ناوچەی عەرەبیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێنایە ناوەندی (لەڕاستیدا هەرە ناوەندی) بۆچوونی ستراتیژیی ئەمریکا بەرامبەر ئەو ناوچەیە. زۆر بەکورتی سێکۆچکەیەك بوو



بەکۆنسێپتی ستراتیژیی تازەی ئەمریکا کەسەرێکیان چەکی کۆکوژیو سەری تریان تیرۆریزمی ئیسلامیو سەری سێهەمیشیان ئەو رژێمانەی کەخاوەن ئەو جۆرە چەکەن. ئەگەری ئەوەی کەئەم رژێمانە ئەم جۆرە چەکانە بدەن بەگروپە تیرۆریستییەکان هەر سێ سەری سێکوچکە (سێگۆشە)کەی بەتوندی بەیەکەوە بەستەوە. ئەم بۆچوونە نەك هەر بووە چوارچێوەیەکی ستراتیژی بۆ وەرگرتنی هەڵوەستەیەکی نوێ لەبەرامبەر رژێمی سەدام حسێن، بەڵکو هەر ئەوەش بەماوەیەکی کەم بووە یەکێك لەسەرچاوەکانی بیرکردنەوە، یان راستتر بڵێین بەهێزکردنی ئەو بۆچوونەی کەکلاسیکی نییە، واتە تەنها لەسۆنگەی ئاسایشو هێمنییەوە گرفتو چارەسەرییەکان نابینێتو دەخوازێت دوورتر بڕواو پرۆژەیەکی موتەکامیلی بۆ گۆڕانکاری لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێبێت. هەر لێرەشەوە پێویستە باس لەسەرچاوە فیکرییەکەی هەوڵە تازەکانی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لەناوچەدا بکەین. لێرەدا ئاماژەکردن بەدوو سەرچاوە گرنگە:

١-ئەو گفتوگۆ فیکریو ستراتیژییانەی کە دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١کران، کەبۆچوونێکی سەرەکی لەوێدا ئەوەبوو کەبەڵێ کێشەی تیرۆریزم تەنها بەبۆچوونو ئامرازی کلاسیکی، واتا تەنها بەڕێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو چارەسەری لەلەناوبردنی هەژاریو نەخوێندەواریو..هتد دایە لەو ناوچانەی کەسەرچاوەی تیرۆریزمن.

٢-ئەو راپۆرتەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٢دا دەربارەی حاڵەتی پێشوەچوونی، یان راستتر بڵێین دواکەوتنی، ئابووریو کۆمەڵایەتی لەناوچەی عەرەبیدا زەنگێکی زۆر گرنگ بوو بۆ لایەنەکانو هەروەها وروژاندنی ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کەئەم راپۆرتە پێی گەیشتووە، ریفۆرم لەناوچەی عەرەبیدا زەرورەتێکی بەڵگە نەویستە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەوترا، دەکرێت بڵێین کەداواکاری بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمو گەڵاڵەکردنی هەندێك پرۆژە لەم بارەیەوە ئەڵتەرناتیڤێکی تاکتیکیو کاتی نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیژییە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کەئەو ریفۆرمانەی ئەمریکا باسیان لێوە دەکات، هەتاکو ئێستا توانرابێت لەچوارچێوەیەکی پوختو تێرو موتەکامیلدا رێکبخرێت، من گومانم لەوە نییە کەنیازەکە هەیە، بەڵام پرسو گومانەکان لەسەر ناوەرۆکی فیکریو ئامانجەکانو ئامرازو میتۆدەکانی پیادەکردنی پرۆژەکەن، ئەم باسەش لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی پێویستە.

* جاریٚ بەباوەڕی من، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد، هێشتا ئەو نەخشەیە، یان راستتر بڵێین ئەو پرۆژەیە، موتەکامیل نییەو لەباشترین حاڵەتدا پرۆژەیەکە پێشکەش بەکۆبوونەوەی باڵای گروپی هەشت دەکرێت کە لەوێدا پرۆژەکە جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنو گۆڕانکارییە. هەتا ئێستا هەڵوێستەکان دەربارەی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شێوەی جۆراوجۆری وەرگرتووە. لێرەدا دەکرێت لەڕووی چوارچێوەی هەرە گشتیی پرۆژەکە باس لەهاوئاهەنگی لەنێوان ئەکتەرە نێونەتەوەییەکاندا بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا بکەین کەئەوانیش بەگشتی خوازیاری ریفۆرمکارین لەو ناوچەیەدا. لەلایەکی ترەوە جیاوازیی زۆر لەبۆچوونەکاندا دەربارەی ناوەرۆکی پرۆژەو ئەو مەسەلانەی کەپرۆژەکە دەیانگرێتەخۆو شێوەو ئامرازەکانی بەجێگەیاندنی بەدی دەکرێت. لێرەدا دەکرێت بەتایبەتی باسی هەڵوێستی ئەڵمانیاو فەڕەنساو یابان بکەین. ئەم سێ وڵاتە لەگەڵ ئەوەدان کەڕیفۆرم بکرێت، بەڵام بۆ نموونە ئەڵمانیاو فەڕەنسا پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرن کەوا ریفۆرم پێویستە لەناوچەدا، بەڵام نەك بەلەبەرچاوگرتنی هەڵوێستو تێڕوانینی وڵاتانی ناوچە، بەڵکو بەهاوکاری لەگەڵیاندا. دیسانەوە گرنگیی تایبەتیی پێبدرێت. یابان لەلای خۆیەوە هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی لەپرۆژەکەی ئەمریکا هەیەو شارەزایان باس لەوە



دەکەن کەیەکەمجارە یابان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەئاشکرا خۆی دوور دەخاتەوە لەسیاسەتی ئەمریکاو بانگەشە بۆ هەندێك بۆچوونی تازە دەکات کەتیایاندا لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی لایەنی عەرەبی لەهاوکێشەی ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلیدا بەرچاوە. هەڵبەتە لەمپەر لەم بۆچوونەی یاباندا بەشداریی لەشکری ئەم وڵاتەیە لەعیراق، هەرچەندە بەشدارییەکە لەڕووی ژمارەی سەربازانی بەشدارەوە سنووردارە.

بەهەرحاڵ تەسەور ناکەم ئاسانبێت کەکۆبوونەوەی گروپی هەشت پرۆژەیەکی هەمەلایەنیو براوەی لێبکەوێتەوە، بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا دەرئەنجامی کۆبوونەوەکە راگەیاندنێکی پرنسیپی دەبێت بۆ پێداویستیی ناوچە بەڕیفۆرم. ئەوەی کەئیمڕۆ مرۆ دەتوانێت بڵێت ئەوەیە کە باری ئاڵۆزو گرفتاویی ستراتیژی ئەمریکا لەعیراقو زۆر بەتایبەتی دوای مەسەلەی بەندیخانەی ئەبو غرێب بەئەگەری زۆر ئەمریکا والێدەکات کە لەم کۆبوونەوەیەدا گرنگیی زیاتر بەبۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بدات. بەبۆچوونی خۆم گۆڕانکاری لەهەڵوێستی ئەمریکا بەرەو تێگەیشتنی زیاتر لەلایەنی عەرەبی فەلەستینی لەهاوکێشەی ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلیدا دەڕواتو دەکرێت هەڵوێستی ئاشکراو پۆزەتیڤانەتر بەرەو چارەسەری کێشەکە یارمەتییەکی زۆری ئەمریکا بدات بۆ نزیکبوونەوە لەلایەنەکانی تر لەچوارچێوەی گروپی هەشتدا.

دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین کەپێشتر چوارچێوەو پرۆسەیەکی هاوکاریو گۆڕانکاریی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی دەریای سپیی ناوەڕاست هەبووەو ئێستاش بەردەوامە بەناوی پرۆسەی بەرشلۆنە کە لەناوەڕاستی ١٩٩٠ەکانەوە لەسەر پێیە. ئایا هەروا ئاسان دەبێت بۆ ئەمریکا کەحساب بۆ ئەو پرۆسەیەی بەرشلۆنە نەکات، ئەگەر هەر کردی کەتائێستا کردوویەتی، ئەو کاتە هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپا چی دەبێت..؟

بەباوەڕی خۆم دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ كێشەی فەلەستین یارمەتییەكی هەرە زۆری ئەمریكا لەهەر پرۆژەیەكی ریفۆرمكاریی لەناوچەدا دەدات. ئەم چارەسەرییە دەكرێت تاڕاددەیەكی یەكجار زۆر ببێتە هۆی دەرهێنانی بەرە لەژێر پێی ئەو هێزو رژێمو گروپانەی كەكێشەی فەلەستین بەكاردەهێنن بۆ مۆبیلیزەكردنی ملیۆنەها خەڵكو توانا تیرۆریستییەكان لەناوچەی عەرەبو جیهانی ئیسلامیدا. لەڕێگای ئەم چارەكردنە ئەمریكا دەتوانێت، تاڕاددەیەكی یەكجار زۆر، ئەو باوەڕەی (میسداقییەت)ە بگەڕێنێتەوە كەساڵەهای ساڵە بەهۆی پشتگیریكردنی، زۆربەی جار بێ مەرجی، دەوڵەتی ئیسرائیل. گەڕانەوەی ئەم میسداقییەتە دەبێتە كارتی بەخێرهێنانی ئەمریكا بۆ ناوچە. بەپێچەوانەی ئەمە، واتا یارمەتینەدانی ئەمریكا بۆ فەراهەمكردنی چارەسەرییەكی راستەقینە بۆ كێشەی فەلەستین، سەركەوتنی ئەمریكا لەپرۆژەی ریفۆرمو شەڕەكەیدا دژ بەتیرۆریزم زۆر سەخت دەبێتو هێزو توانای زیاتری دەوێتو زۆریش دوادەكەوێت.

* سەركەوتنی ئەمریكا لەئەفغانستانو عیراق تائێستا لەباشترین حاڵەتدا سەركەوتنێكی كلاسیكییانەی سەربازیی رووت بووە. راستە لەهەردوو حاڵەتدا كۆمەڵێك كار ئەنجامدراون كە لەگۆشەبینییەكی كورتخایەنەوە دەكرێت وەكو دەستكەوتی سیاسیی بۆ ئەمریكا ببینرێن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم دەستكەوتانە لەڕووی ستراتیژیی درێژخایەنەوە بینیان لەسەر بكرێت. من لەو باوەڕەدام كەئەمریكا ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت كەعیراقو ئەفغانستان بكات بەدوو نمونەی گۆڕانكاریی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، ئەوا بەئاسانی دەكرێت بڵێین كە عیراقو ئەفغانستان دوو وڵاتی هەرە بەزەحمەتن بۆ كردنیان بەدوو نموونەی گۆڕانكاریی سەركەوتوو لەپرۆسەی ریفۆرمكاری لەناوچەكەدا. هەریەك لەو دوو وڵاتە لەبەر هۆی مێژوویی‌و سیاسیی تایبەتیی خۆی‌و لەبەر هەندێك هۆی هاوبەشیش كە



لەوێدا بەدوو بەرەی جەمسەرگیری (ئیستیقتاب) بۆ هێزە ئیسلامی‌و ناسیۆنالیستییەكانی دژ بەئەمریكا گرنگترینییانە. دەكرێت ئەمریكا چی بكات بۆ سەركەوتنی لەئەزموونەكەی لەم دوو وڵاتەدا..؟ ئەمە پرسێكی گرنگەو وەڵامدانەوەی لێوردبوونەوەی زۆر تایبەتیی دەوێت، كلیلی ئەو لێوردبوونەوەیەش لەلایەك بینینی خاڵە گشتگیرەكانو لەلایەكی ترەوە هەڵسەنگاندنی خاڵە تایبەتمەندییەكانی بەو دوو وڵاتەیە.. بەهەرحاڵ هەندێك شت هەن بۆ سەركەوتنی ئەمریكا لەم دوو ئەزموونە سەختەدا زۆر گرنگن:

١-ئێستاش ئەمریكا پێویستیی بەهەندێك خوێندنەوەی سیاسی‌و ستراتیژیی دروستتر هەیە كەجوودابێت لەو خوێندنەوانەی كەتا ئێستا بۆ باری ناوچە بەگشتی كردوویەتی.

٢-رۆڵی ئەمریكا لەم دوو وڵاتەدا نابێت وەكو مەسەلەی كۆمارییەكانو لەناو ئەوانیشدا بەتایبەتی موحافیزكارە نوێیەكان ببینرێت، پێویستە ئەمریكاییەكان، بەجیاوازیی بۆچوونی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژیان، مەسەلەی عیراقو ئەفغانستان وەك دوو مەسەلەی نەتەوەیی یان نیشتمانی بۆ هەموو ئەمریكا ببینن. ئەم دوو وڵاتە، بەتایبەتی عیراق، دوو تاقیكردنەوەی ستراتیژینو خۆلێدزینەوەیان، هەتا لەلایەن دیموكراتەكان ئەگەر لەهەڵبژاردنی داهاتوودا سەركەوتن، نابێت بكرێتو ئەگەر كراش، كەمن باوەڕم وانییە بكرێت، ئەوا دەبێتە شكستێكی زۆر گەورە بۆ ئەمریكا، ئەمریكا هیچ چارەی تری نییە تەنها ئەوە نەبێت كەدەبێت لەو دوو تاقیكردنەوەیە سەربكەوێت ، بەڵام چۆن ئەم سەركەوتنە بەدەست دێت، ئەمە پرسێكی ترە.

٣-سەركەوتنی ئەمریكا لەم دوو وڵاتە زامن نابێت ئەگەر پلانێكی تێرو پڕو درێژخایەن بەرامبەر ئەم دوو وڵاتەو تەواوی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی رێنیشاندەری سیاسەتی ئەمریكا نەبێت.

ئەز لەو باوەڕەدام ئەو سیاسەتەی کەئەمریکا گرتوویەتییە بەر لەعیراق لەزۆر رووەوە چەوت بووە. بەپێداگرتنی ئەمریکاییەکان لەسەر پەیڕەوکردنی بۆچوونی بەریتانییەکان، هی ٨٠ ساڵ زیاتر بەر لەئێستا، بەئەگەری زۆر دەبێتە یەکێك لەهۆیەکانی سەرنەکەوتنی پرۆژەکەیان لەعیراق بەزۆرەملێ خستنەپاڵی باشووری کوردستان بۆ سەر عیراق زەرەر بەخودی بەرژەوەندیی ئەمریکا دەگەیەنێت و لەوانەشە ببێتە هۆی لەدەستدانی هاوپەیمانییەکی زۆر گرنگ لەجیهانی ئیسلامیدا، کەئەویش کوردە لەباشووری کوردستان. ئەم هاوپەیمانییە تەنها گرنگییەکی سەربازیی کلاسیکیی نییە، بەڵکو باشووری کوردستان دەکرێت بەئاسانی بکرێت بەو نموونە پۆزەتیڤەی کەئەمریکا پێویستیی پێیە. زۆر بەتایبەتی ئیدارەی بوش، کەنیشانی بدات رای فەرمیو نافەرمیی ئەمریکی..، بەڵام ئەوەی تائێستا کراوە پێچەوانەکەی بووە: بەزۆر پێکەوەلکاندنی دوو جیهانی لەیەك جوودا، یەکێکیان بەر لەماوەیەکی کەم بەشاییو زەماوەند پێشوازیی لە ٩ی ئەپریل ساڵڕۆژی کەوتنی دیکتاتۆر کردو ئەویتریشیان تابکرێت بەکوشتنو وێرانکاریی.. ئەمریکا هەڵەیەکی مێژوویی دەکات ئەگەر بەجددیو بەدیدێکی ستراتیژییەوە جیاوازی نەکات لەمامەڵەکردنی ئەوانەی یارمەتیی دەدەن بۆ ئەوەی ئەمریکا لەناوچەدا سەربکەوێت لەلایەكو ئەوانەی بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن چۆکی ئەمریکا بشکێنن.. بەهەند هەڵنەگرتنی هاوپەیمانیی کوردی ئەمریکیو هەڵنەسەنگاندنی لەئاستێکی ستراتیژیی دوورخایەندا دەکرێت بەهەمان پلە زیانێکی یەکجار زۆر لەکوردو ئەمریکا بدات.

* بەڵێ وایە ئەمەش لەبەر زۆر هۆ، کەلێرەدا باوەڕدەکەم بوار نییە بەوردی بچینە ناویان. بەهەرحاڵ دەکرێت ئەوە بڵێین: کە لەجیهانی عەرەبیشدا  بەدرێژایی کات خەڵکانێك هەبوون کەنەك هەر حەزیان بەڕیفۆرم کردووە، بەڵکو لەڕاستیدا خەباتیشیان بۆکردووەو قوربانیشیان بۆداوە. هەڵبەتە پرسیار ئەوەیە دەکرێت ئەمریکا دەستی



بگاتە هێزە ریفۆرمخوازەکان لەناوچەداو چۆن دەتوانێت نیازی خۆی بۆ ریفۆرمکاری بداتە پەسەندکردن لەناو مێشكو دڵی ئەم هێزو خەڵکانەدا؟ بەبڕوای من ئەوەی لە ٥٠ ساڵی رابردوودا روویداوە بەمانای پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆ ئیسرائیلو پیادەکردنی هەندێك توخمی سیاسەت کەسەرچاوە فیکرییەکەی لەباشترین حاڵەتدا دووڕوویيو لەوەش خراپتر تێکەڵبوونی مەرامی ئیمپریالیو زایۆنی باری وێنەی لەناو عەرەبو موسڵمانانەدا زۆر رەش کردووە. باشکردنی ئەم وێنەیە لەموعجیزە کەمتر نییە. ئەگەر بتوانین وشەی موعجیزە لەپەیوەستەگییەکی ئاوەهای سیاسیدا بەکاربهێنین. رێك ئەم وێنە خراپەو باوەڕنەبوونە بەئەمریکا، کەبەشێکی گرنگە لەپێکهاتەی کولتووریی سیاسیی ناوچە، کۆسپی هەرە گەورەن لەسەر رێگای پەسەندکردنی هەر پرۆژەیەکی ئەمریکا.. گرنگە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە تاڕاددەیەك ئەم وێنەیەی ئەمریکا بەهەمان خەستیی لەگوتاری رژێمەکانو توخمی ئۆپۆزسیۆن (جا چ هێزی ئیسلامی بن، چەپ بن یان خەڵکانی رۆشنبیر)، بەمانای تر ئەم وێنەیە لەلای ریفۆرمخوازو ئەوانەی کەدژ بەریفۆرمن، وەکو یەك رەنگیداوەتەوە.. کەواتە چاککردنەوەی وێنەی خۆ (واتا وێنەی ئەمریکا) لەمێشکی (فەرمیو نافەرمی) تاكو بەکۆمەڵی خەڵکانی ناوچە.. بەتایبەتی لەناوچەی عەرەبیدا، دەبێت لەلاپەڕەی نەنووسراوی هەرەگرنگی پرۆژەی ریفۆرمکاریی ناوچەدا بن، بۆ ئەوەی ئەمریکا دەرفەتی سەرکەوتنی لەپرۆژەکەدا هەبێت. زۆرجار سەرمایەی زلهێزێك، یان هەر هێزێکی سیاسی، لەشێوەی سەرمایەی مسداقییەت (Credibility)دا هەروەکو دەوڵەمەندیی مادديو هێزی سەربازی گرنگە، بگرە لەم حاڵەتەی ئێمە باسی لێوەدەکەین گرنگتریشە..

*نا، نەخێر هەوڵە عەرەبییەکان ناتوانن سەربەخۆبن. دەرکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی عەرەبی بۆ ریفۆرم کردارنییە، بەڵکو پەرچەکردارە، هەر ئەوەش رێك وامان لێدەکات

هەوڵەکان سەربەخۆ نەبینین، هەر نەبێت لەبۆچوونێکی فەلسەفیدا. هەوڵی ریفۆرم لەناوچەی عەرەبی لەبیست ساڵی دواییدا، ئەوە هەڵبەتە بەگشتگیرییەکی زۆرەوە، زۆرتر شێوەی پەرچەکرداری وەرگرتووە، یان بەمەبەستی پاراستنی هەندێك رژێمی سیاسی بووە: لەسەرەتای ١٩٨٠کان بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو وەك کاردانەوەو هەوڵی خۆپاراستن لەشۆڕشی ئێران: لەدوای ناوەڕاستی ١٩٨٠کان وەك کاردانەوە بەرامبەر گلاسنۆستو پرسترۆیکاو کەوتنی کۆمەڵێ رژێمی تۆتالیتێر لەئەوروپای رۆژهەڵاتو دواتریش جەنگی دووەمی کەنداو.. لەگوتاری عەرەبییدا، بەتایبەت هی فەرمی، ئەم رۆژانە دەردەکەوێت کەهەوڵەکانی ئەڵتەرناتیڤ لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ گۆڕانکاری، لەهەوڵی پاراستنی رژێمەکانی عەرەبی دەرناچنو هەنگاوی نێگەتیڤانەش بەرامبەر بەهەوڵی ریفۆرم کە لە"دەرەوەڕا" دێن. بەباوەڕی من ئەم کاردانەوەی عەرەبییە بۆ ریفۆرم، بەلانی کەمەوە، ناتوانێت لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکادا یەکانگیربێت، چونکە:

١-گوتاری سیاسیی عەرەبی تائێستاش زۆر بەتوندی دیلی بیرکردنەوەیەکی پۆستکۆلۆنیالییە، بەو مانایە جیهانی رۆژئاوا ناتوانێت ببێتە مایەی بەرەوپێشبردنو باشکردنی باری ژیانی ناوچە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر هەوڵێکی رۆژئاوا بۆ ریفۆرم لەناوچە هەر دەستتێوەردانەو ئەوەی لێیشی دەکەوێتەوە تەنها گرفتو مەینەتیی زێترە.

٢-ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەپلەی یەکەم بەهۆی ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلی، زۆرتر جەختی لەسەر لایەنی سایکۆلۆژیی ململانێکە بووە. کاتێکیش باس هاتووەتە سەر لایەنی شارستانیی ململانێکە، ئەوا بەپێی ئەم بۆچوونە جیهانی رۆژئاوای ئیمپریالی (بەتایبەتی ئەمریکا)و زایۆنیزم یەکدەگرنەوە بۆ داگیرکردنی ناوچەو مەحرومکردنی گەلانی ناوچە لەهەموو ئامرازو هۆکارێکی پێشکەوتن. ئەم گوتاری



ناسیۆنالیستی عەرەبییە بەشێوەیەك دیلی بۆچوونی پۆستکۆلۆنیالانە بووە کەدواجار وایلێهاتووە کەبکەوێتە هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە بەرامبەر بەجیهانی رۆژئاواو ئەو کولتووورە سیاسییەی لەوێدا بەرهەمهاتووە یان دەوڵەمەند کراوە، وەکو بۆ نموونە بنەماکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ. ئەم بۆچوونە کەنەك هەر ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە، بەڵکو هەندێك جار عەرەبی-ئیسلامیو یان بگرە رووت ئیسلامی بووە. نەیتوانیوە بنەماکانی سیستمی دیموکراسیو مافی مرۆڤ وەکو دوو بیرۆکەی گەردوونی (Universal)و رووتکراوە لەناسنامە رۆژئاواییەکانیان ببینێت.

٣-ئەو راستییەش دەبێت بگوترێت کەڕووی تری دراو ئەوەیە کە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لەماوەی زێتر لە ٥٠ ساڵی رابردوودا ئەمریکا پشتگیرییەکی بەهێزی لەدەوڵەتی ئیسرائیل کردووە.

لەمێژوودا (کۆنو نوێ) زۆرجار "ریفۆرم" یان گۆڕانکاری بۆ پاراستنی بنەما کۆنەکان کراون نەك بۆ بەرهەمهێنانی هەندێك بنەمای تازە، ئەم جۆرە هەوڵانەش تەمەنکورت بوون، یان دواجار رێگایان بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی خۆشکردووە ، هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە لەسەرەتادا مەبەست نەبوون..

بەبڕوای من ئیتر دەرگای گۆڕانکاری لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی زۆر فاکتەرەوەو داخستنی ئەم دەرگای گۆڕانکارییەش لەسنووری نامومکین نزیکترە تا مومکین، بەڵام هەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییە پڕگرفتو ململانێو قەیرانی سیاسییو کۆمەڵایەتی دەبێت: ئەمەش بەگشتی سروشتی هەر گۆڕانکارییەکی گەورەیە. بەر لەچەند ساڵێك لەپەرلەمانی تورکیدا نزیکبوونەوەیەکی بەلاغی لەسەر زمانی کوردی کرا کەدەڵێت: ئەگەر هۆدەیەك بێ دیواربێت، پێویست ناکات تۆ خۆت ماندوو بکەیت بەدانانی دەرگایەکی پتەو بۆی..! بەم مانایە کاتێك، بۆ نموونە، چەند تەلەفزیۆنێکی سەتەلایتی کوردی هەبن کەکورد لەتورکیا تەماشایان

بکات، ئەوا ڕێگانەدان بەتەلەفزیۆنی کوردی لەتورکیا هیچ مانایەکی نییە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ، کەم یان زۆر، وەکو ئەم هۆدە بێ دیوارەی لێهاتووە، دەرگادانان بۆی ناتوانێت ڕژێمەکانی ناو هۆدە بێ دیوارەکە لەتەوژمی گۆڕانکاری بپارێزێت..

* ئەگەر مەبەستتان لەگۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکی گۆڕانکاری بێت لەسنووری سیاسیی دەوڵەتان لەناوچەدا، ئەوا بەئاسانی دەتوانین بڵێین هیچ گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکی لەناو پرۆژەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی گەورە تائێستا جێگای نەبووەتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەناو پرۆژەکەشدا کە لەچوار کۆڵەگە (Pillar)ی هەرە سەرەکی پێکهاتووە، نە لەشێوەی کۆڵەگەیەکی تایبەتیداو نە هیچ خاڵێك لەناو چوار کۆڵەگەی ئەم پرۆژەیەدا، نە بەزۆرو نە بەکەم باسی مافی کەمە نەتەوەییو مەزهەبیو دینییەکان نەهاتووە. ئەوە دەڵێم چونکە باس لەکەمایەتییەکان ڕێ خۆشدەکات بۆ باسکردن لەمافی چارەی خۆنووسینو دەوڵەتی سەربەخۆ، کەواتە نەخشەی ژیۆپۆلەتیکی گۆڕا. ئەوەش وەکو ئەگەر دەمێنێتەوە کەئایا لەقۆناغەکانی داهاتووی گەلاڵەبوونی پرۆژەکە جێگای باسکردن لەکەمایەتییە نەتەوەییەکان دەبێتەوە یان نا..؟

وادەزانم گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکیی هەرە نزیك، لەڕاستیشدا هەرە گرنگ، بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینە. لەلایەکی ترەوە هەر نەبێت یەکێك لەشارەزایان کەباسی لەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کردووە ئەو پرسیارە دەکات: ئەگەر کێشەی فەلەستین بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینیی سەربەخۆ چارەسەر ببێت، ئایا کێشەی کەشمیرو کوردیش بەدامەزراندنی دەوڵەتی کەشمیرو کوردستانی سەربەخۆ تەواودەبن..؟

ئەز بەدووری نازانم پرۆژەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەندێك لاپەڕەی نەنووسراوی هەبن، ئەو لاپەڕانەی کەهەر ئێستاش هەن، بەڵام شاردراوەنو



ڕانەگەیەندراونو لەکاتی گونجاوی خۆیدا دەکرێت ڕابگەیەندرێن یاخود بەشێوەی هەندێك گۆڕانکاری، کە لەڕووی پراکتیکییەوە بەسەر پرۆژەکەدا دێن، بەپێی هەندێك پێداویست لەڕۆشنایی (Real politic)دا..

بەڵام ئەگەر مەبەستتان پێناسەی هەرە فراوانی وشەکەیە، ئەوا بەئاسانی دەکرێت بڵێین بەڵێ لەحاڵەتی جێبەجێنەبوونی ئەم پرۆژەیە گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکیی گەورە ڕوودەدەن بەهۆکاری ئەم پرۆژەیەوە. بەمانا هەرە فراوانەکەی، چەمکی ژیۆپۆلەتیك سیستمی سیاسیش دەگرێتەوە، بەم پێیە یەکێك لەپێوەرەکانی بەهێزی یان بێهێزیی هەر وڵاتێك سیستمە سیاسییەکەی وڵاتەکەیە. زۆر بەگشتی ریفۆرم لەبوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو بواری دیموکراسیو..هتد دەبنە هۆی گۆڕانکاریی ژیۆپۆلەتیکی لەڕەهەندی سیستمی سیاسییەوە.

* بەبڕوای من دەنگێکی زۆر گرنگ کەدەبێت ببێت لەباسو خواسی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، دەنگی خەڵکی کوردستانو دۆزەکەیەتی. شتێکی حاشاهەڵنەگرە کەکێشەی کورد بەدرێژایی ٨٠ ساڵی ڕابردوو کێشەیەکی هەرە گرنگی ئیتنیکی-سیاسی بووە کەڕووبەڕووی کۆمەڵێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتەوە. هەتا ئیمڕۆ ئەم کێشەیە بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی ماوەتەوە.

نکوڵی لەوە ناکرێت کەزلهێزەکان بەئەمریکاشەوە تائێستا ناخوازن کێشەی کورد بەتایبەتمەندییەکی خۆیەوە ببینن، بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا وەکو بەشێك لەکێشەی سیاسیی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کەکوردی تێدا دەژی، ببینن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆربەی کات چاوپۆشیش لەقەوارەو ڕۆڵی ئەم کێشەیە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە.

لەلایەکی ترەوە لەڕۆژێکی وەك ئیمڕۆدا گرنگیی بوونی سەکۆیەك یان چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کوردستانی کە لەوێدا گوزارە لەپرسە هەرە سەرەکیو گشتییەکان بکرێتو چوارچێوەیەکی هەرە گشتی کێشەی کوردستانی پێناسە بکرێتو بەجیهان بناسێنرێت نییە. لەدەرەفەتێکی وەکو ئیمڕۆدا گومان لەوەدا نییە چوارچێوەیەکی گشتیی ئەوها دەکرا خزمەتێکی گەورە بگەیەنێت. لەپێناسەکەیدا، کەسەکۆیەکی ئەوها بەرهەمی دێنێت، پێویست نییە سیاسەتی سفر یا سەد (بەمانای هیچ یان هەموو) پیادە بکرێت، بەڵکو دەکرێت لەوپەڕی بۆچوونێکی پراگماتیکیو فراواندا گوزارە لەچوارچێوە هەرە گشتییەکەی کێشەی کوردستان بکرێت. بەبۆچوونی من ئیمڕۆش درەنگ نییە ئەگەر هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بەپەلە پرۆژەیەکی کوردی (یان تەسەورێکی کوردی لەسەر هەر پرۆژەیەکی ریفۆرم) بخەملێننو بخەنەڕوو.

بەباوەڕی من ئەو رۆژە بەسەرچوو کە بەهۆی جوگرافیای سیاسیی کوردستان، کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێت بەڕاشکاوی تەسەوری خۆی بدات دەربارەی کێشەکانی ناوچەو چۆنیەتیی چارەسەریان. هەر نەبێت لەچوارچێوەی چەند خاڵێکدا دەکرێت کێشەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەندرێتە هەر ئەکتەرێکی نێونەتەوەیی کەڕاستەوخۆ پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەخەملێنێت یان کاریگەریی بەسەرەوە هەیە، بەتایبەتی ئەوەی لەبەر دەرگایە کۆبوونەوەی گروپی هەشتە کە لەمانگی حوزەیراندا دەکرێت. کورد ئیمڕۆ لەشێوەیەکی هەرە فراواندا دەتوانێت بڵێت:

١-پرچەککردنو میلیتاریزم لەتورکیاو عیراقو ئێرانو سوریا کەئەوەش تارادەیەکی زۆر پەیوەندیی بەحاڵەتی ناهێمنیو گرژییەوە لەو وڵاتانەدا هەبووەو هەیە کەئەوەش دەرهاویشتەیەکی راستەوخۆی کێشەی کورد بووە.



٢-ئەم گرژیو حاڵەتی ناهێمنییە کاریگەرییەکی یەکجار زۆر نێگەتیڤانەی هەبووە بۆ سەر پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا، چونکە بۆ ساڵانێکی زۆر لەم وڵاتانەدا سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی بۆ بەزەبرو زەنگ "چارەسەرکردنی" کێشەی کورد بەکارهێنراون. ئەم شێوە سیاسەتە نەك هەر چارەسەری کێشەکەی لێنەکەوتووەتەوە، بەڵکو دەرئەنجامەکەی هەر وێرانکاریو پرۆسەیەکی تراژیدیاوی بووە.

٣-باسکردن لەدیموکراتیزەکردنو پێشکەوتنو گەشەپێدانو فێربوونو کۆمەڵگای شارستانی لەم وڵاتانە فەراهەم نابێت ئەگەر چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی کێشەی کورد نەکرێت.

بەباوەڕی من کورد دەرفەتێکی لەپێشە، ئەمە بەپلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی کوردەو زۆر بەتایبەتییش بەرپرسانی هێزە سەرەکییەکان، کەهەموو هەوڵێك بدەن لەڕێگای ئەمریکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو وڵاتانی تری ئەندام لەگروپی هەشتو ئەندامانی تری یەکێتیی ئەوروپا لەپێناو هەر نەبێت، بەڕستەیەکیش بێت، باس لەکێشەی کورد بکرێت لەسیغەی کۆتایی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا. لەم بارەیەوە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بەرپرسیی تایبەتییان دەکەوێتە سەرشان.

ئەگەر نەکرا لەناو لاپەڕە نووسراوەکانی پرۆژەکە جێگای کورد ببێتەوە، دەکرێت بەبیرکردنەوە لەهەندێك شێوازی جیاواز لەشێوە کلاسیکییەکەی بزاڤی سیاسیی کوردیی لەباشوورو جیا لەوەی کە تائێستا ئەمریکاییەکان کردوویانە لەعیراق رووداوەکان بەئاراستەیەکی تردا ببردرێت لەوەی کە تائیمڕۆ هەبووە، بەشێوەیەك کەزێتر لەبەرژەوەندیی ئەمریکاو خەڵکی کوردستاندا بێت.



**دکتۆر ڕەفیق سابیر**

*ئەمڕۆ زۆرینەی وڵاتانی عەرەبیو ئەو وڵاتانەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە باسیان لێوە دەکات وەك وڵاتانی داخراوو دواکەوتووی پێش مۆدێرنێتە ماونەتەوە، تاڕاددەیەکی زۆر لەڕەوشی سیاسی، ئابووریو کولتووریی جیهان دابڕاون. سیستمی مەعریفیو کولتووریی ئەو وڵاتانە (لەپێشەوەیان سیستمی خوێندنو پەروەردە) لەسەر ئەساسی کۆمەڵە پرەنسیپێکی غەیبیی سەدەکانی ناوەڕاستو شۆڤێنیزمی ئایینیو کولتووری دارێژراون، لەناوەرۆکدا دژ بەعەقڵو زانستو ئازادیی مرۆڤنو ڕەوایی بەکۆیلەکردنی ژن دەدەن. بەجۆرێك ڕقبوونەوە لەویدی، غەیرەدینو غەیرە مەزهەبو غەیرە زمان، هاندەدەن کەزەمینە بۆ کوشتنیانو زەوتکردنی ماڵو ژنو سامانیان خۆشدەکەن. لەبەر ئەم هۆکارانەو بەهۆی بڵاوبوونەوەی فەسادو



هەژاریو سەرداربوونی دیکتاتۆریا و هی تریش سەیر نییە کەئەم وڵاتانە ببنە سەرچاوەی فیکری غەیبیو فوندەمینتالیزمیی ئیسلامیو گۆڕستانی هیوای لاوان. سەرئەنجام بگۆڕدرێن بەلانەی دیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامی. ئەم دیاردەیە سەرەتا وەك هەڕەشەیەکی دژ بەدەوڵەتە عەرەبییەکان دەرکەوت، بەڵام کاتێك (وەك نازیزمی ئەڵمانی) بەرژەوەندیو ئاسایشی ئەمریکاو ئەوروپای خستە بەر هەڕەشە، ئیدی دەبێت ئەوان ڕووبەڕووی ببنەوە. باشترین چارەسەرێکیش ئەوەیە کەهۆکاری دەرکەوتنی دیاردەکە بنەبڕبکەن، واتا ریفۆرمی دیموکراتانەو گۆڕانکاریی فرەلایەن لەو وڵاتانەدا هانبدەن، کە بەهۆی سیستمی سیاسیو ئابووریو مەعریفییانەوە بوونەتە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام ئەو دەوڵەتانە خۆیان ناتوانن، یان دروستتر بڵێم نایانەوێت، دەستکاریی ستروکتووری ئابووریو سیستمی سیاسیو مەعریفیی کۆمەڵەکانیان بکەنو زەمینەی سەرهەڵدانو بەردەوامبوونی تیرۆر نەهێڵن، چونکە توانای مانەوەو بەردەوامبوونی خۆیان لەم ستروکتوورو سیستمەدا دەبیننەوە. لەمەیش خراپتر گرفتەکانی خۆیانو تیرۆر ڕەوانەی دنیای دەرەوە دەکەن. لەهەمان کاتدا گەلانی ئەو وڵاتانە بەجۆرێك تۆقێندراوو دەستەمۆی دەوڵەتەکانیان کراون کەناتوانن خۆیان لەئێستادا هێزو سەرچاوەی گۆڕانکاری بن، بۆیە دەبێت ئەم وڵاتانە بەکۆمەكو توانای دەرەکی، یان لەژێر فشاری دەرەکیدا، ناچاری گۆڕانو ریفۆرم بکرێن، واتا بگۆڕدرێن. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پێشنیارێکە بۆ ئەم شێوە چارەسەرە، یان هەوڵدانێکە تا لەدەرەوەڕا کۆمەك بەگۆڕانو ریفۆرمی دیموکراتانە بکات. ئەمەیش یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی دنیای سەردەمی گلۆبالیزم پێشان دەدات. ئەمریکا بەهاوکاریی گروپی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکە ئامادەیە لەبواری زانیاری، گەشەپێدانی ئابووری، بەهێزبوونی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی، پێشخستنی سیستمی خوێندنو شەڕی فەسادو نەخوێندەواریو..هتد، کۆمەکی زۆر بەو وڵاتانە

بکات. ئامانجیش ئەوەیە کەمۆدێرنێتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌و دیموکراتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبکاتەوەو ئەم ناوچەیە بەرەوشی سیاسی، ئابووری، کولتووری‌و زانیاری ببەستێتەوە، وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی دنیا، بیکاتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی سەرمایەداری‌و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەك تێکڕای پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و کولتوورییەکان.

بۆیە بەڕای من جێبەجێکردنی ریفۆرمی دیموکراتانەو بەمۆدێرنکردنی ئەم وڵاتانە پەیوەندیی راستەوخۆی بەبەرژەوەندیی ستراتیژیای نەتەوەیی ئەمریکاو رۆژئاواوە هەیە، چونکە وەك بەشێك لەئەرك‌و پێداویستییەکانی خەباتی دژ بەتیرۆریزمی جیهانی‌و بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر دادەنرێت. لەلایەکی دیکەوە ئیمڕۆ وڵاتانی جیهان، وەك ئەنجامێکی پرۆسێسی جیهانگیریی، بەرەو لێکنزیکبوونەوەو تێکەڵبوون‌و هاوپەیوەستیی دەڕۆن‌و بەهۆی تۆڕێکی فراوانی ئابووری، کولتووری، زانیاریی‌و ئاگادارییەوە زیاتر پێکەوە دەبەسترێنەوە، کۆمەڵە داخراوەکان‌و وڵاتە دابڕاوو گۆشەگیرەکان، درەنگ یان زوو، ناچاری کرانەوەو هاریکاری‌و تێکەڵبوونی رەوشی ئابووری، سیاسی‌و کولتووریی دنیا دەکرێن. لەم پرۆسێسەیشدا پێویستە ئەم وڵات‌و کۆمەڵانەی بەرۆژهەڵاتی نێوینی مەزن ناونراون، لەقۆناغی پێش مۆدێرنێتە دەربازبکرێن‌و روو لەمۆدێرنێتەو شەفافییەت‌و دیموکراتی بکەن. دیارە ئەم گۆڕانکارییانە بەم بارەیدا بەقازانجی سەرمایەداریی جیهانییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە گەلانی ئەو ناوچەیە بەگشتی سوودێکی زۆر لەم گۆڕانکاری‌و ریفۆرمە دیموکراتانە وەردەگرن، لەستەم‌و فەسادو ئیستیبدادی کۆمەڵە دەسەڵات‌و دیکتاتۆرێك ئازاددەکرێن کەخۆیان بەنوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانن.

* سالانێکە مەسەلەی ریفۆرم‌و بەمۆدێرنکردنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوین بوونەتە خەمێکی رۆژئاواو پێداویستییەکی سەرداربوونی سەرمایەدارو بڵاوبوونەوەی



بەجیهاندا. ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا یەکەمین دەستپێشخەری نییە لەم بوارەدا. لەساڵی ١٩٩٩دا یەکێتیی وڵاتانی ئەوروپا پرۆژەیەکی بۆ ئەم مەبەستە خستەڕوو. پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە تەواوکەری پرۆژەکەی یەکێتیی ئەوروپایە. جیاوازییەك کە لەم بارەیەوە لەنێوان هەندێك وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا هەیە زیاتر پەیوەندیی بەمیکانیزمی ریفۆرم‌و گۆڕانکارییەکانەوە هەیە نەك بەمەسەلەی ریفۆرمەوە. چاوەڕوان دەکرێت کەئەم پرۆژەیە، دوای ئەوەی سەرانی گروپی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکە لێی دەکۆڵنەوە، بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی سەرانی ناتۆو دوای ئەوەش لەکۆبوونەوەی بەرزی ئەوروپا-ئەمریکادا دیراسە بکرێت. لەهەمان کاتدا رەنگە هەندێك تێبینی‌و سەرنجی کۆمەڵە وڵاتێکی رۆژهەڵاتی نێوین، کەم تا زۆر، لەبەرچاو بگیرێت. سەرئەنجام وەك پرۆژەیەکی جیهانی دەخرێتەڕوو.

* رووخاندنی ئەم دوو رژێمە، کە لەدڕندایەتیدا باوەڕناکەم نموونەیان مابێت، خۆی لەخۆیدا گەورەترین رووداوی سەدەی بیست‌و یەکەمینە، لەهەمان کاتدا سەرەتای دیاردەیەکی نوێ لەسیاسەتی جیهانیی پێشاندەدات، دیاردەی گۆڕینی رژێمی سیاسی بەکۆمەکی راستەوخۆی دەرەکی. ئەمریکا بەم کارەی تەنیا خۆی لەدوو دوژمن‌و دوو ناوەندی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی‌و ستراتیژەکەی دەرباز نەکرد، بەڵکو گەلانی ئەو دوو وڵاتەیشی لەدوو دەسەڵاتی دڕندە رزگارکرد، بەڵام ئاشکرایە بەڕێوەبردن‌و ئاوەدانکردنەوەی ئەم دوو وڵاتە، کەشەڕو دیکتاتۆریاو ستەم وێرانی کردوون، زۆر لەڕووخاندنی دەوڵەتەکانیان گرانترە، ئەوەندەی پەیوەندیی بەعێراقەوە هەبێت ئەمریکا لەسەرەتاوەو رەنگە تائێستاش نەخشەیەکی دیاریکراوی بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی عێراقی دوای بەعس نەبووە.

ئۆپۆزسیۆنی عەرەبیی عێراقیش لەو ئاستەدا نەبوو کەشایانی ئەوەبێت بەڕێوەبردنی عێراقی پێ بسپێردرێت. لەهەمان کاتدا دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی هەندێك

لەوانەی سنووریان لەگەڵ عیراق هەیە، کەوتوونەتە گەلەکۆمەکییەکی ناوچەیی بۆ تێکدانی ئارامیو ئاسایشی عیراقو تێکشکاندنی ئەو ئەزموونەی ئەمریکا دەیەوێت لەعیراقەوە دەستی پێبکات، بۆیە گرفتی عیراق تەنیا گرفتێکی نێوخۆیی عیراقی نییە، بەڵکو مەودایەکی هەرێمیشی هەیە، ئەگەر ئەمریکا بیەوێت لەعیراق درێژە بەپرۆژەو ئامانجەکانی خۆی بدات دەبێت لەیەك کاتدا لەدوو ئاستی ناوچەییو نێوخۆییدا بەکاربێت، لەلایەکەوە هەندێك وڵاتی ناوچەکە (بەتایبەتی ئێرانو سوریا) لەژێر فشاردا بەجۆرێك پاسیڤ بکات کەنەتوانن دەستبخەنە ناو کاروباری نێوخۆیی عیراقەوە، یاخود راستەوخۆ کۆمەك بەگۆڕانی بارودۆخی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە بکات. لەلایەکی دیکەوە کێشەی عیراق لەسەر ئەساسی واقیعبینیی سیاسیو بەپێی پرەنسیپی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسی گەلان چارەسەر بکات. عیراق لە دوو گەلی سەرەکی (عەرەبو کورد)و هەندێك کەمایەتیی نەتەوەیی پێکدێت، پەنجا ساڵ زیاترە ئەمە لەقانونی عیراقدا چەسپێندراوە، هەروەها عیراق لەدوو هەرێمی عەرەبی- کوردستانی پێکهاتووە، تا ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی رابردوو باشووری کوردستان (ویلایەتی جارانی موسڵ) بەشێك نەبووە لەعیراق. بەڕای من سەرەتای چارەسەری تەنگژەکانی عیراق دەبێت بەوە دەستپێبکات کەعیراق، ئەگەر مانەوەی پێویست بێت، بگۆڕدرێت بەیەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان دوو گەلو دوو هەرێم، بەمە نیوەی تەنگژەکانی عیراق دوایی دێت. هەروەها دەرفەتێك دەڕەخسێت کەهەر گەلەیان، لەهەرێمەکەی خۆیدا، ئەو شێوە ژیانو حوکمڕانییە هەڵبژێرێت کەلەگەڵ کولتوورو دۆخی کۆمەڵایەتیو مێژووەکەیدا بگونجێت، بێ ئەوەی خۆی بەخاوەنی هەموو وڵاتەکە بزانێت، یان رێگا بەخۆی بدات چارەنووسی سیاسیی ئەویدی بڕیاربداتو شێوەکانی ژیانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. بەبێ قبووڵکردنو سەپاندنی ئەم پرەنسیپانە دەوڵەتی عیراق بەم پێکهاتو خولیا زاڵە قەومیو مەزهەبییە عەرەبییەی ئێستایەوە ناتوانێت



بگۆڕدرێت بەدەوڵەتێکی مۆدێرن کەمافی هاووڵاتیبوونو یەکسانیی نەتەوەییو مەزهەبیو ئایینی بۆ گەلەکانی دابین بکاتو ببێتە نموونەیەکی نوێ لەناوچەکەدا، رەوایش نییە لەوە زیاتر کورد بکرێتە ئامرازێك بۆ راگرتنی پارسەنگی مەزهەبیی نێوان شیعەو سوننەی عەرەب، چونکە ئەمە گرفتی کورد نییە، ئەگەر عەرەبی عیراق ناسنامەی خۆی لەسوننیبووندا، یان لەشیعەبووندا دەبینێتەوە (کە بەکردەوە وایلێهاتووە) ئەوا کورد ناسنامەی خۆی لەکوردبوونو کوردستانیبووندا دەبینێتەوەو خەڵکانی تریش هەر بەم شێوەیە دەیناسن.

* پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەناوەرۆکدا پشت بەڕاپۆرتی عەرەبی ساڵی (٢٠٠٢و ٢٠٠٣)ی گەشەکردنی مرۆیی دەبەستێت، کەکۆمەڵێك باسکاری سەربەخۆیی عەرەب ئامادەیان کردووەو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکراونەتەوە. ئەو وێنەیەی راپۆرتەکە سەبارەت بەو وڵاتانەی بەعەرەبی ناونراون پێشانی دەدات دەتوانێت وەڵامی لایەنێکی ئەو پرسیارە بداتەوە کەبۆچی ئەو وڵاتانە بوونەتە سەرچاوەی فوندەمینتالیزمی ئیسلامیو کارخانەی بەرهەمهێنانی تیرۆریزمی ئیسلامی. راپۆرتەکە بەپشتبەستن بەئامارو بەڵگەنامەی رەسمیو لێکۆڵینەوەی مەیدانی، مەسەلەی نەبوونی ئازادی، کەمایەسی مەعریفی، بەکۆیلەکردنی ژنو دواکەوتنی ئابووری بەرهەمهێنەرانە لەو وڵاتانەدا بەجۆرێك وێنادەکات کە لەجیهانی ئیمڕۆدا وێنەیان نییە یان دەگمەنە، بۆ نموونە بەپێی راپۆرتەکە لەهیچ وڵاتێکی ناونراو بەعەرەبی ئازادیی هەڵبژاردن، رادەربڕینو رێکخستن نییەو مافی مرۆڤ نەپارێزراوە. لەبواری ئازادیی ژناندا لەهیچ وڵاتێکی دنیادا ژنان هێندەی ئەو وڵاتانە کەم پلەو زەبوون نین، لەهەندێك لەو وڵاتانەدا تەنانەت ژنان مافی دەنگدانیان نییە، لەهەندێك وڵاتی تردا، بۆ نموونە لەئوردوندا، کە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبییدا هەندێك سەرەتای دیموکراتیی تێدایە، ساڵی نزیکەی ١٢٠ ژن بەبەهانەی گوایا

شەرەفەوە دەکوژرێن‌و دادگایش بەسووکترین سزا (رەنگە هێندەی ئەوەی کەسێکی برسی نانێکی لەنانەواخانەیەك دزی بێت..!) بکوژان دەرباز دەکات. نزیکەی نیوەی لاوانی ئەو ولاتانە تاکە رێگاچارەیەکی گرفتەکانیان‌و داهاتووی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کەبەرەو رۆژئاوا کۆڕەو بکەن. لەبواری مەعریفیدا (بەمانا فراوانەکەی) لە (٤٠٪)ی گەورەساڵن (البالغین)و لە (٦٠٪)ی ژنان نەخوێندەوارن. سیستمی غەیبیی خوێندن‌و پەروەردە بۆ چەسپاندنی خورافات‌و عەقڵی غەیبیی‌و رقبوونەوە لەویدیی غەیرە موسڵمان‌و غەیرە عەرەب تەرخانکراون. بەهەموو ولاتانی عەرەبی‌و سەدان ناوەندو دەزگای رۆشنبیرییانەوە ساڵانە هێندەی ولاتێکی وەك یۆنان (کەسەرژمێرییەکەی ناگاتە پانزدە ملیۆن کەس) کتێب لەزمانی دنیاوە تەرجەمەی عەرەبی ناکەن، لەبواری ئابووریی بەرهەمهێنەرانەیشدا، هەموو ولاتانی ناونراو بەعەرەبی، کەسەرژمێریی هاوولاتیانیان بە (٢٨٠ملیۆن کەس) دانراوە، تەنیا هێندەی ولاتێکی وەك فینلاندا، کەسەرژمێرییەکەی پێنج ملیۆن کەسە، بەرهەمی پیشەسازیی دەنێرنە دەرەوە.

لایەنێکی دیکەی کەمایەسیی ولاتانی ناونراو بەعەرەبی ستەمی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و مەزهەبییە. لەم ولاتانەدا گەلانی غەیرە عەرەب‌و غەیرە موسڵمان‌و غەیرە سوننە (کەتێکڕایان رەنگە لە"٤٠٪"ی دانیشتووانی تێکڕای ئەو ولاتانە پێکبهێنن) بەتوندی پەلاماری زمان‌و کولتوورو ئایین‌و مەزهەبیان دەدرێت، تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا جینۆساید دەکرێن. لەزۆر حاڵەتیشدا نکوڵی لەبوونیان دەکرێت‌و بەزۆر بەعەرەب یان موسڵمان یان بەسوننی دەکرێن. بیست‌و دوو دەوڵەتی ناونراو بەعەرەبی نەیانتوانیوە تاکە مۆدیلێکی دیموکراسی، رێزگرتنی مافی مرۆڤ‌و تاکە مۆدیلێکی سەرکەوتووانەی پێکەوەژیانی یەکسانانەی زۆرایەتیی عەرەب‌و کەمایەتیی غەیرە عەرەب پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن. ئەم دەوڵەتانە کەسەرچاوەی دواکەوتن‌و



بەدبەختیی گەلەکانیانن، تەنیا بەرهەمی ئەم دواکەوتنە تراژیدیایە نین، بەڵکو خۆیان بوونەتە ئامرازی پاراستن‌و بەرهەمهێنانەوەی ئەم دواکەوتنە. لەناو سەنگەرەکانی ئیمان‌و باوەڕو خورافاتدا دژی هەر دیاردەیەکی نوێ دەوەستنەوە کە لەئەوروپاو رۆژئاواوە بێت. بەناوی گوایا هەڕەشە بۆ سەر ئیسلام‌و "غەزووی کولتووری"یەوە بەگژیدا دەچنەوە. دیارە ئەم دەوڵەتانە کەزۆربەیان یان دەوڵەتی خێڵ‌و بنەماڵە یاخود دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی‌و ئایینین بەرەنگاریی هەر جۆرە گۆڕانکاریی‌و ریفۆرمێك دەبنەوە، چونکە هەڕەشە لەدەسەلاتەکانیان دەکات. قبوولکردنی گۆڕان‌و ریفۆرمیش هەر شتێك واتای قبوولکردنی ئالوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەلات دەگەیەنێت. کەئەمە بۆ حوکمڕانانی عەرەب قابیلی تەسەورو قبوولکردن نییە، بەلام ئەمە تاکە ئاستەنگی بەرێوەچوونی ئەم پرۆژەیە نییە، دیارە کێشەی نێوان فەلەستین‌و ئیسرائیل ئاستەنگێکی ترە، بەتایبەتی کەدەوڵەتانی عەرەبی، بەبەهانەی هەڕەشەی ئیسرائیلەوە، دەیان ساڵە حوکمی دیکتاتۆریاو ئیستیبدادو قانوونی عورفی‌و عەسکەری، کەهیچ شەرعییەتێکیان نییە، درێژە پێدەدەن. رەنگە ئاستەنگی گەورەتر ئەوەبێت کەزۆرینەی خەڵکی ئەم ولاتانە بەرووناکبیرانیشەوە، بەهۆی دیماگۆگیای سیاسی‌و میدیای دەوڵەتی ئەو ولاتانەوە هێندە چەواشە کراون کەحەقیقەتی ستەم‌و فەسادی رژێمەکانیان نەبینن‌و رۆژئاوا بەدوژمنی ئیسلام‌و کولتوورو باوەڕی خۆیان دابنێن. زۆرینەی گوایا رووناکبیرانی عەرەب (تیۆریستانی گۆڕی بەکۆمەڵ‌و ئایدیۆلۆژیستانی تاریکی) رۆژانە بەدەنگی بلند، لەمیدیای عەرەبییەوە، هاواردەکەن کەئەوان دیکتاتۆریای خۆیان لەدیموکراسییەت بەلاوە باشترە کەرۆژئاوا بۆیان بهێنێت. لەم دۆخەدا مەحاڵە گۆڕان‌و ریفۆرم وەك ویست‌و ئیرادەیەکی نێوخۆ سەرهەڵبدات، بۆیە دەبێت بەکۆمەك‌و فشاری دەرەکی بێت. پرۆژەی رۆژهەلاتی نێوینی مەزن دەخوازێت گۆڕانکاریی بەکۆمەکی دەرەکی بکاتە مۆدیلێکی نوێ لەجیهاندا،

مۆدێرنێتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتووریو دیموکراتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبکاتەوە کەهێشتا بەداخراوی لەقۆناغی پێش مۆدێرنێتەدا دەژینو وەك قەڵای دواکەوتوویی، خورافە، دیکتاتۆریاو فەسادی مالیو ستەم ماونەتەوە. ئەمەیش دەشێت لەڕێگای هاریکاریی دۆستانەوە، یان بەهۆی فشاری ئابووری، سیاسی، تەکنۆلۆژیو تەنانەت پەلاماری عەسکەرییەوە بێت.

من گومان دەکەم دەوڵەتانی عەرەبی لەهیچ مەسەلەیەکی گرنگدا سەربەخۆبن، یان بووبن. مێژووی ئەو دەوڵەتانەو رەوشی سیاسییان، لەدروستکردنییەوە تائیمڕۆ ناسراوە. زۆرینەی ئەم دەوڵەتانەو سەقامگیرکردنی شێوەی سیستمی حوکمڕانیی ئەو وڵاتانە بەشێکن لەبەرهەمو پێداویستییەکانی سەردەمی شەڕی سارد. ئەگەر دوێنێ ئەم رژێمانە لەسایەی دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بلۆکی ئایدیۆلۆژی، سیاسیو ئابووریو عەسکەریدا، کۆمەکیان بەبەرژەوەندیو ستراتیژیای ئەمریکاو ئەوروپا کردبێت، ئەوا ئیمڕۆ ئەم دەوڵەتانەو رژێمەکانیان، کەسەرچاوەی دواکەوتووییو ستەمو ناردنەدەرەوەی تیرۆرن بۆ جیهان، بوونەتە هەڕەشەیەك بۆ ستراتیژیای رۆژئاوا. فشاری ئەمریکاو ئەوروپا بۆ گۆڕانکاریو ریفۆرمی دیموکراتانە لەو وڵاتانەدا بەشێکە لەپێداویستییەکانی شەڕی دژ بەتیرۆریزمی جیهانی. ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێت مەسەلەی ریفۆرمو گۆڕان وەك پێداویستییەکی حەتمیی نێوخۆییو جیهانی، لەشێوەی هەڕەشەیەکی دەرەکی بۆ سەر دنیای عەرەبو ئیسلام وەك مەسەلەی فەلەستینو عیراق وێنابکەن، بەڵام بەڕای من ئەوان ناتوانن نەبەم بەهانەیە، نە بەبەهانەی گوایا پاراستنی سەرداریی نەتەوەیی، یان لەڕێگای هەندێك ماکیاژو بڕیاری سەرکاغەزەوە، خۆیان لەم گۆڕانکارییانە بدزنەوە.

(گۆڕان لەنێوخۆڕا نەك لەدەرەوەڕا) هەوڵدانێکە بۆ خۆدزینەوە لەگۆڕان. دەیان ساڵە ئەو دەوڵەتانە هەن کێ رێگای گۆڕانکاریی لێگرتبوون..؟ زۆربەی ئەو دەوڵەتانە



نزیکەی حەفتا تا هەشتا ساڵێك دەبێت دروستکراون. لەو ماوەیەدا پێکهاتی دەوڵەت نزیکەی لەهەموو دونیادا چەندان جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کەچی هێشتا سروشتو ناوەرۆکی ئەو دەوڵەتانە لەناوەرۆکدا وەك خۆیان ماونەتەوە. ئەزموونی ئەو دەیان ساڵە بەلای کەمەوە دوو راستی پێشان دەدات:

یەکەم: ئەو دەوڵەتانە خۆیان ویستو پلانی گۆڕانو ریفۆرمیان نییە.

دووەم: گەلانی ئەو وڵاتانە، کەستەملێکراوترین خەڵکەکانی دنیان، بەتواناو هێزی خۆیان ناتوانن ئەو رژێمانە بگۆڕن، یان ریفۆرمی دیموکراتانەو گۆڕانکارییان بەسەردا بسەپێنن، کەواتە تەنیا کۆمەك یان فشاری دەرەکی ناتوانێت ئەو کۆمەڵانە لەناو بازنەی داخراوی ستەمو هەژاریو دواکەوتوویيو خورافات دەربهێنێت..

* -ئەم پرۆژەیە وێڕای وڵاتانی عەرەبی، تورکیا، ئێران، ئەفگانستان، پاکستانو ئیسرائیلیش دەگرێتەوە. بەپێی پرۆژەکە ئەمریکاو گروپی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییەکە کۆمەکی ئابووری، تەکنیکیو زانستی بەو وڵاتانە دەکەنو دەرەتانی نوێی گۆڕانکاریو ریفۆرمی سیاسیی، قانوونی، ئیداریو کولتوورییان بۆ دەڕەخسێنن. سەرئەنجام ئەم وڵاتانە ناچاری کرانەوەو شەفافییەتو رێزگرتنی مافی مرۆڤ دەکرێن. ئەمەیش بەنۆرەی خۆی پرسی نەتەوە ژێردەستەکان دەکاتە مەسەلەیەکی گرنگی سیاسییو دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، مەزهەبیو ئایینی لەو وڵاتانەدا دەڕەخسێنێت. پرۆسێسی ریفۆرمو بەدیموکراتیبوون ستەمی نەتەوەییو ئایینی بەرامبەر بەگەلو کەمایەتییە ستەملێکراوو کەنارخراوەکانی ئەو وڵاتانە، کەبەرژەوەندیی زۆریان لەم گۆڕانکارییانەدا هەیە، کەمدەکەنەوە. دەشێت هەندێکیان، بەپێی توانای سیاسیو ئابووریو شوێنی جیۆپۆلەتیکییان، ببنە هێزی نوێی سیاسیی ئەوتۆ کەبۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو سیاسیو پاراستنی ئارامیی ناوچەییو بەرژەوەندیی رۆژئاوا لەناوچەکەدا حسابیان بۆ بکرێت.

هەندێکیشیان، کەناتوانن وەك یەکەیەکی بەجیا هەڵکەوتووی سیاسی-نەتەوەییو جیۆگرافی (لەشێوەی قەوارەی سەربەخۆ، یان ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیو کۆنفیدراڵیدا) خۆیان رێکبخەن، ناچاری ئیندیماجکردن (ئینتێگراسیۆن) لەگەڵ نەتەوەی سەردەست دەبنو لەناویدا دەتوێنەوە. بەڕای من لەم پانزە ساڵەی داهاتوودا لەو ناوچەیەی بەرۆژهەڵاتی نێوینی گەورە دادەنرێت کۆمەڵە دەوڵەتێك، کەهیچ مەرجێکی دەوڵەتی مۆدێرنیان تێدا نییە، هەڵدەوەشێنەوە. ئەم دەوڵەتانە بەرهەمی قۆناغی پێش مۆدێرنێتەن، یان پاشماوەی کۆلۆنیالیزمن، یاخود دەوڵەتی ئیستیبدادیی زۆرایەتینو تەنیا بەهۆی ستەمو دیکتاتۆریاو رەشەکوژییەوە راگیراون. بەمۆدێرنکردنی ئەو ولاتانە سەرئەنجام هەندێك لەدەوڵەتەکانیان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات. هەندێکی دیکەیان دەگۆڕێن بەدەوڵەتانی فیدراڵیو کۆنفیدراڵی، ئەمەیش دەشێت لەسودانو ولاتانی باکووری ئەفریقاو عەرەبییەوە بۆ ئێرانو ئەفگانستانو هیندستان بگرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە گەورەو دراماتیکییانە، ئەگەر رووبدەن، بەلای زۆرەوە، بەبێ ژانو قوربانیدان نابن، بۆیە دەکرێت ئێمە لەڕەوشی ئەم پرۆسێسەدا شایەتی کۆمەڵە شەڕێکی نێوخۆیی بین لەو ناوچەیەدا. لەلایەکی دیکەوە بەپەیوەندی لەگەڵ ئەم پرۆژەیەو پرۆسێسی بەجیهانیبووندا سەردارییی نەتەوەیی دەوڵەتان لاوازدەبێتو بەرەو نەمان دەچێت. سنووری نێوان ولاتانی ناوچەکە تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنن. لەسەر شانۆی سیاسیی هەرکام لەو ولاتانە کۆمەڵە ئەکتەرێکی نوێی باننەتەوەیی دەردەکەون (بۆ نموونە سندووقی بانکی جیهانی، کۆمپانیای جۆراوجۆری فرەنەتەوەیی، رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤو رێکخراوە جیهانییەکانی کۆمەڵی مەدەنی..هتد) ئەم ئەکتەرە نوێیانە هەم چاودێریی دەسەلات دەکەنو هەم خۆیان دەبنە شەریکە دەسەلات.



گەلانی ئەو ناوچەیە پەیوەندییەکانی خۆیانو شێوەی هاریکاریو هاوپەیمانیی نێوانیان لەسەر ئەساسی نزیکیی کایەی کولتووریو زمان، یان جیۆگرافیاو بەرژەوەندیی هاوبەش دادەڕێژنەوە.

* گەلی کوردو گەلە بندەستەکانی ئەو ولاتانە بەگشتی بەرژەوەندییەکی زۆریان لەم گۆڕانکارییەدا هەیە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ لەژیانی کورددا دەستپێدەکات، پرسی نەتەوەیی کورد، وەك بەشێك لەمەسەلەی دیموکراتیو پاراستنی مافی مرۆڤ، پێویستیی بەشێوە چارەسەرێك دەبێت. لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەم پرۆسێسەو عاقیبەتەکانییەوە دەشێت کۆمەڵی کوردستان، وەك بەشێك لەکۆمەڵی نەتەوە سەردەستەکان، لەکۆمەڵێکی داخراوو لەجیهانداب‌ڕاوەوە بۆ کۆمەڵێکی کراوەو پەیوەست بەجیهانەوە، لەکۆمەڵێکی سوننەتییەوە بۆ کۆمەڵێکی روو لەمۆدێرنبوون هەنگاوبنێت، بەلام بۆ ئەوەی کورد، وەك گەلێکی بەجیا هەڵکەوتووی خاوەن پرسێکی نەتەوەیی، قازانجێکی زیاتر لەو گۆڕانکارییانەدا بکات، پێویستە پرۆگرامو ستراتیژیای تایبەت بەخۆی سەبارەت بەپرۆژەی رۆژهەلاتی نێوینی گەورە هەبێت.. پشتگیریی ئەم پرۆژەیەو هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکە بکاتو پێشانی بدات کەوەك گەلێکی خاوەن خاكو سامانو توانای بەشەریو سیاسی، دەتوانێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەو پاراستنی بەرژەوەندیی رۆژئاوا لەناوچەکەداو بۆ پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەکە کۆمەكو هاریکاری بکات، بەو مەرجەی پارێزگاریی لێبکرێتو بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێن. ئەم خۆساخکردنەوەیە زۆر گرنگە، چونکە هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە (جگە لەئیسرائیل) دژی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن وەستاونەتەوە. کۆمەڵە دەوڵەتانێکی دۆستی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، لەناوچەکەو شوێنی تردا، ئەم کارە بەقازانجی خۆیان نازانن، بۆیە هەمان هەڵوێست پیشاندەدەنەوە کەبەرامبەر شەڕی هاوپەیمانان لەدژی دەوڵەتی عیراق هەیانبوو.

لەبەرامبەر ئەمەدا کۆمەڵە گەلێکی ستەملێکراوی ناوچەکەو هێزە لیبراڵو ئازادیخوازەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوینی گەورە، بەرژەوەندیی خۆیانو پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتووریی وڵاتەکانیان لەم گۆڕانکارییانەدا دەبیننەوە، بۆیە پشتگیریی ئەم پرۆژەیە دەکەن. هەڵبەت کورد یەکێکە لەو لایەنانەی کەبەرژەوەندیی زۆری لەم گۆڕانکارییەدا هەیە، بۆیە ناکرێت هێزە سیاسییەکانی کورد لەژێر کارتێکردن یان دڵنەوایی دەوڵەتانی ناوچەکەدا دژی ئەم پرۆژەیە بوەستنەوە، یان تەنانەت بێلایەنیش بن. بەهەموو مەزەندەیەك ئەمریکا بەو قورساییەی هاتووەتە ناوچەکە، بەو قوربانییەی ڕۆژانە لەعیراقو ئەفگانستانو وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا دەیدات، بۆ ئەوە هاتووە تاگۆڕانکاریی بکات، چونکە بەبێ گۆڕانو ریفۆرمو بەدیموکراتیکردنی ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی دواکەوتوویی، فەسادو تیرۆرن، ناتوانرێت شەڕی دژ بەتیرۆریزمی ئیسلامیو هەڕەشە لەبەرژەوەندیو ئاسایشی دوورمەودای ئەمریکاو ڕۆژئاوا بنەبڕ بکرێن. بۆیە ئەمریکا لەم کارەیدا، پێویستیی بەدۆستو هاوپەیمان هەیە، لەکاتێکدا نزیکترین دۆستانی ئەمریکا لەناوچەکەدا، لەوانە تورکیا، میسرو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی..هتد، کەپەنجاساڵە ئەمریکا کۆمەکی مادی یان سیاسیو عەسکەرییان پێدەکات، دژی ئەم پرۆژەیە بوەستنەوە، دەبێت ئەمریکا لەدەرەوەی ئەو دۆستە تەقلیدییانەی خۆیدا، بەدوای دۆستو هاوپەیمانی نوێدا بگەڕێت. ئەزموونی شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق سەلماندی کەکورد دەتوانێت یەکێك لەو دۆستو هاوکارانە بێت، چونکە بەڕاستی بەرژەوەندیی لەو گۆڕانکارییانەدا هەیە. بەکورتی پێموایە بەو ئەندازەیەی کورد، وەك یەکەیەکی نەتەوەییو هێزێکی نوێی سەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە، بتوانێت بەستراتیژێکی یەکگرتووو ڕوونەوە پێشانی بدات کەبەرژەوەندییەکی زۆری لەم گۆڕانکارییەدا هەیەو ئامادەیە، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێن، بەشداریی لەم پرۆژەیەدا بکات،



ڕەنگە بەهەمان ئەندازە دەستکەوتی هەبێت. بەشداربوونی نوێنەرانی کورد لەدەوڵەتی داهاتووی عیراقدا نابێت، لەم مەسەلەیەدا لەسەر حسابی بەرژەوەندیی کورد لەدەوڵەتی سەربەخۆیانەی گەلی کوردبێت، بەواتایەکی دی ئەگەر سبەینێ زۆرینەی هێزە عەرەبییەکانی عیراق بەهۆی بەرژەوەندییانەوە، یان لەژێر کارتێکردنی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبیو ئیسلامیدا، دژی ئەم پرۆژەیە ڕابوەستن، ئەوا بەڕای من کورد نابێت بکەوێتە سەنگەری ئەوانەوە، لەم حاڵەتەدا دەکرێت کورد هەوڵبدات قەناعەت بەئەمریکا بهێنێت کەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لەباشووری کوردستانەوە دەستپێبکاتو بیکاتە نموونەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە. دوکتۆر بورهان یاسین، لەباسێکیدا دەربارەی ریفراندۆم، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەبۆچی ناکرێت ئەمریکا، لەباشووری کوردستاندا ئەزموونی باشووری کۆریا دووبارە بکاتەوە: واتا ئەمریکا سەرمایە سیاسییەکەی، وەکو سەرەتاو نموونەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوینی مەزن لەباشووری کوردستاندا سەرفبکات، هەروەك کاتی خۆی لەکۆریای باشووردا کردی..؟ کەسەرئەنجام هەردوولا دەستکەوتو سەرکەوتنیان بەدەستهێنا: ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دۆستو پشتگیرێکی دەستکەوت، کۆریای خواروویش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی-ئابووریو سیستمێکی دیموکراتیی بەدەستهێنا. بەڕای من ئەم تێزە شایانی تێڕامانە، چونکە ئەمریکاو کورد، لەم قۆناخەدا کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەیە، ئیمڕۆ فەزای هەستی گشتیو سایکۆلۆژیی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانانی بەئەندازەیەك دۆستانەیە کە لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیو ئیسلامیدا نموونەی نییە. ئەم دیاردەیە دەکرێت ئەنجامی سیاسیو دەستکەوتی سیاسیی لێبکەوێتەوە..



**مامۆستا عەلی کەریمی**

* پاش تەواوبوونی شەڕی سارد لەدونیاداو تێکشکاندنو داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، گۆڕانو ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەسەر گۆی زەوی روویدا، ئێمە دەزانین لەپاش شەڕی دووەمی جیهانی تاکو کۆتایی هەشتاکان یەکێتیی سۆڤیەت وەك تەلیسمێكو وەك پڵنگێکی گەورە لەناو بیروڕای ئەمریکاییەکاندا خۆی دەنواند. ئەوان پێیان وابوو سۆڤیەت هێزێکی یەکجار گەورەیە، بەڵام رووداوەکانی پاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت راستیی مەسەلەکەیان دەرخستو دەرکەوت کەزانیاریی ئەمریکاییەکان هەر لەبناغەوە لەسەر ئەو پڵنگە کاغەزییە هەڵەبووە.

ئەو زانیارییە هەڵانەی کەئەمریکا لەسەر سۆڤیەت وەریگرتبوو، بووە هۆی ئەوەی کە لەحەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا پشتگیریی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئوسوولێیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. من پێموایە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە



ئەمریکا زانیارییەکانی لەسەر یەکێتیی سۆڤیەت راستو دروست بان، نەدەکەوتە ئەو هەڵە گەورەیەوە کەئێستا دەبێت باجەکەی بدات. ئەمریکاییەکان لەترسی ئەو پڵنگە خەیاڵییەی کەلای خۆیانەوە دروستیان کردبوو دەستیان بۆ هەموو شتێك دەبرد. لەم رۆژانە چاوپێکەوتنێکی جەنەراڵێکی (KGB)ـم خوێندەوە، کە ئێستا خانەنشینەو دەڵێت: "هیچ شتێك ئێمەی نەڕووخاند، نەئەمریکاو نەگۆرباچۆڤ، ئێمە لەناو حزبی شیوعیی سۆڤیەتدا بۆگەنبوو بووین". من دڵنیام ئەگەر ئەمریکا بەوەی بزانیبایە، رەنگە ئەو کارەی نەکردبایە کە لەهەفتاکاندا کردیو ئیسلامی سیاسیی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ رێگاگرتن لەتەشەنەسەندنی بلۆکی رۆژهەڵات دروستکرد. وەك چۆن لەئەفغانستاندا هەستا بەدروستکردنی تەنانەت تالیبانیش، بەهەرەسهێنانی سۆڤیەتو هاتنە سەرکاری ئیسلامی سیاسی لەهەندێك دەوڵەتو بەهێزبوونیان لەهەندێك دەوڵەتی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو سەرهەڵدانی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی..

ئەمریکا تێگەیشت ئەو سەرمایەگوزارییەی کە لەماوەی شەڕی ساردا لەسەر چینی ناوەڕاستی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردوویەتی، هەڵەبووە، چونکە هەر ئەو چینی وردە بۆرژوایەی کەئەو پەروەردەیکرد بووە مارو لەخۆی هەڵگەڕایەوەو یازدەی سێپتەمبەریان بۆی خوڵقاند، بۆیە ئێستا دەیەوێت ئەو هەڵەیە چارەسەربکات. بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەست نەچێت، ئەمریکا بەم پرۆژەیە هاتووەتە ناوچەکەوە، ئێمە دەزانین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی لەڕووی نەوتەوە بێت یان ئاوو کانزاو بازاڕو سەرمایەگوزارییەوە بێت، بۆ رۆژئاوا زۆر گرنگو پێویستە، ئەم ناوچەیە جەمسەرێکە بۆ بەیەکەوە بەستنی رۆژئاواو رۆژهەڵات. پرۆژەکە کار بۆ بەمەدەنیکردنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دەیەوێت ئارامیو سەقامگیریو ئاشتی بچەسپێنێت.

واتا دەكرێت بڵێین ئەم جارەیان ئەمریكا بەم پرۆژەیە پێچەوانەی سەردەمانی شەڕی سارد هاتووە تاكو بەرژەوەندیی خۆیو گەلانی ناوچەكە پێكەوە گرێبدات، هاتووەو گەڕانەوەی بۆ نییەو دەیەوێت بەهەر شێوەیەك بووە جێبەجێی بكات، ناڵێم لەبەرچاوی رەشی ئێمە، بەڵكو لەبەر دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی خۆی.

* وڵاتانی خاوەن هێز هەمیشە لەنێوخۆیاندا خەریكی مانۆڕی سیاسین، لەماوەی رابردوودا، بەتایبەت لەشەڕی ئەفغانستانو شەڕی لەناوبردنی دیكتاتۆری زەمانە سەدام حسێندا ئەمریكا هەر پرۆژەیەكی هەبوو جێبەجێی كردو هیچ ناڕەزاییەك نەیتوانی بەری پێبگرێت، یان بەمساوەمەكردن ئەمریكا هەرچیی ویستووە كردوویەتی. هەموان دەزانین لەپێش لێدانی عیراقدا، فەڕەنساو ئەڵمانیا چیی هەڵلایەكیان نایەوە، بەڵام دواتر چیی لێكەوتەوە..؟ سەدام رووخێنراو ئەوان ئێستا دەیانەوێت لەم عیراقە نوێیەدا شتێكیان بەربكەوێت..! من پێموایە لەم پرۆژەیەشدا لەوانەیە هەندێك ناڕەزابن، بەڵام دواتر هیچیان پێ ناكرێت. وڵاتانی تری وەك ژاپۆنو رووسیا بەڕای من لەسەر پرۆژەكە رازی دەبن، رووسیا ئەگەر هەندێك بەرهەڵستیی بكات لەبەر وەرگرتنی ئیمتیازەو من پێموایە ئەمریكا پێی دەدات، رووسیا دەزانێت ئەمریكا چیی بوێت بۆی دەكات، بۆیە پاش وەرگرتنی هەندێك سوود ئەویش رازی دەبێت. ئەڵمانیاو فەڕەنسا پاش پشتگیركردنی سەدامو جەنگی ئازادكردنی عیراق، ئەزموونیان وەرگرتووە، بۆیە بۆ ئەم پرۆژەیە ئارامترو واقیعییانەتر دەڕواننە مەسەلەكانو پرۆژەكە قبوڵ دەكرێت.

* هۆكاری سەرەكیی ئەوەی كەئەمریكا لەم ماوەیەدا نەیتوانیوە تەواوی پرەنسیپە دیموكراتییەكانو ئارامی لەعیراقو ئەفغانستاندا بەرقەراربكات، بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كۆمەڵگای ئەفغانیو عیراقی تاڕادەیەكی زۆر دواكەوتوونو هیچ چەشنە دیموكراتییەتێك لەناویاندا بۆ چەندین دەهە نەبووە. تۆ چاوێك لەئەفغانستان بكە،



كۆمەڵگایەكە سەد تایفەو چینو توێژی سەیرو جیاجیای تێدایە، دەسەڵاتی ئیسلامی وەكو تالیبان كەهیچ باوەڕێكیان بەدیموكراسی نەبوو، بۆ چەندین ساڵ حوكمی كردوون، لەناودانی ئەو كولتوورە، لەناودانی ئەو شێوازی هەڵسوكەوتە، بەساڵێكو دوو ساڵ ئەنجام نادرێت. دروستكردنی كۆمەڵگای مەدەنیو دیموكرات بەشەوو رۆژێكو ساڵو دووساڵ ئەنجام نادرێت. ناكرێت لێرەوە بڵێین، ئەوا سەدامو تالیبانمان لادا، باعیراقو ئەفغانستان ببێتە دیموكراتی، پێموایە دەبێت كار بۆ ئەوە بكرێت دیموكراتی ببێتە فەرهەنگ بچێتە ناخی كۆمەڵگاوە، رادەی تێگەیشتنو زانیاری لەناو تاكەكانی كۆمەڵگادا بەرزبكرێتەوە. بۆیە پرۆسەیەكی وا پێویستیی بەكات هەیە، جگە لەوەش پێویستە لەوە بگەین هەموو كارەكانی ئەمریكا لەناوچەكەدا مەرج نییە راستو دروستبن، راستە ئەمریكا هێزێكی ئابووریو سەربازیی گەورەیە، ئەمریكا بەو بۆچوونەوە ئەگەر بێتە ناوچەكە، ئەوا هەڵەیە، پێویستە بێن لەگەڵ ئەو گەلو چینو توێژانەی كە لەباری بۆچوونو قبوڵكردنی دیموكراسیو كۆمەڵگای مەدەنییەوە لێیان نزیكن. بەمانایەكی تر ئەوان دەبێت راستەوخۆ پشتگیریی لەو لایەنانە بكەن كە لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی كەخۆیان باوەڕیان پێیەتی، هاوبۆچوونن. بۆ نموونە ئێمە لەكوردستان خۆمان زیاتر لەكێشەو گرفتەكانمان ئاگادارین تاكو جەنەراڵێكی ئەمریكی، بەداخەوە جۆرە غرورێكو خۆ بەزلزانینێك لەناو ئەمریكادا وایكردووە ئەم فاكتەرانە لەپێش چاوی ئیدارەی ئەمریكادا نەبێت یان كەم رەنگ بێت. بەهەندنەگرتنی نوخبەی ئەم وڵاتانە هەڵەیەكی گەورەیە، نابێت هەموو گەلی ئەفغانستان بەچاوی تالیبانو گەلی عیراق بەچاوی موقتەدا سەدرو كوردستان بەچاوی ئەنسار ئیسلام سەیر بكرێت. خەڵكی وا هەن لەم وڵاتانەدا بەدرێژایی تەمەنی سەدام حسێن خەباتی بۆ دابینكردنی دیموكراسیو مەدەنییەت لەعیراقدا كردووە. ئەمریكا ئەوانە بەهێند وەرناگرێت، ئەگەر بەهەندیش وەریبگرێت، قورسایی پێویستیان

پێنادات. ئەم هەڵەکردنو بەلاڕێدا رۆیشتنەی ئەمریکا پرۆسەی دیموکراتیزەکردنو بەمەدەنیکردنی ناوچەکە دوادەخات. دەبوو ئەمریکا بەبەرچاو روونترو هێمنانەترەوە هاتبایە ناوچەکە، بەڵام پێویستە بڵێم ریشەکێشکردنی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکە بەو ئاسانییە نییە کەئەمریکا دروستیکرد.

* هەڵەیە ئەگەر بەیەك چاو سەیری ئیسلام بکەین، هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بووەتە ئیسلام، بەڵام هەرگیز لەلای ئێمە ئیسلام بەو توندوتیژییەی وەرنەگیراوە کەشیعە وەریگرتووە. هەمیشە ئیسلام لای ئێمە شتێکی تایبەت بەکەسەکانەوە بووە، من قەد لەبیرم نایەت باوکم ویستبێتی بەزۆر بمباتە مزگەوت، یان ناچارم بکات نوێژ بکەم، هەرچەندە بۆخۆی نوێژی کردووە، ئەمە جۆرێکە لەئیسلام، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگای ئیسلامی وەك تالیبانو ولایەتی فەقیهی ئەودیو سنوورمان هەیە، بۆیە نابێت هەموو ئیسلامەکان بەیەك دەستە بزانین، بەڵام راستە ریفۆرم نەك هەر لەناو ئیسلامدا، بەڵکو لەناو هەموو ئایینێکدا زۆر سەختترە تاکو ئایدیۆلۆژیایەکی دونیایی. هەموو ریفۆرمێك لەناو ئایینی ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ قورئان، قورئانیش ریفۆرمی تێدا ناکرێت. هەر بۆ نموونە بمانەوێت لەمەسەلەی ژناندا ریفۆرم بکەین، رووبەڕووی چی دەبینەوە..؟ ئیسلام هیچ ریفۆرمێك لەو بارەوە قبووڵ ناکات، چونکە لەناو قورئاندا هیچ مافێکی ئەوتۆ بۆ ژنان رەوا نەبینراوە، بەڵام من پێموایە باشترین چارەسەر بۆ ئەو مەسەلەیە بریتییە لەوەی ئایینی ئیسلام بکەین بەمەسەلەیەکی تایبەت بەکەسەکان خۆیان، واتا وەك چۆن ئەوروپا ئایینو دەسەڵاتیان لێکجیاکردەوە، ئێمەش هەمان شت بکەین، ئەوە کارێکی ئاسانترە تا بێینو ریفۆرم لەناو ئیسلامدا بکەین، ئەمە لەبەرژەوەندیی خودی ئیسلامیشدایە، چۆن دەبێت تۆ لەناو شارێکدا بۆچوونی ئیسلامیی خۆت بەسەر هاووڵاتییەکی تری خۆت کەمەسیحییە بسەپێنیت..؟ جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت لەیەکتر باشترین چارەسەرە.



نابێت لەسەر ئەوە مساوەمە بکەین، بەداخەوە هەست بەوە دەکرێت هەندێکجار ئەمریکاییەکان ئەو مساوەمەیە لەگەڵ شیعەکاندا دەکەن، ئەوکارە پرۆسەی بەمەدەنیکردنی ناوچەکە دوادەخات.

من پێموایە، بەسیاسییە کوردەکانیش دەڵێم، نابێت مساوەمە لەسەر جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت بکەن، چونکە ریفۆرمکردن لەناو نەك ئایینی ئیسلام، بەڵکو جوولەکەو مەسیحییەتو بەهایەتیش شتێکی زەحمەتە، چونکە ناکرێت ئاسمان بگۆڕیت، باشترین نموونە ئەو هەنگاوە گەورەیەبوو کەئەوروپاییەکان لەپاش شۆڕشی گەورەی فەرەنساییەکان نایانو توانییان دینو دەوڵەت لەیەکتری جیابکەنەوە.

* هەموو ریفۆرمێك لەولاتە تۆتالیتارییەکاندا، سەرپێچییە. ریفۆرمی راستەقینە یانی لەرەگو ریشەوە گۆڕینی ستراکتۆری ئەو حکومەتانە، خۆشبەختانە ئەمریکاییەکان لەوە باش تێگەیشتوون کەوا ئەم حکومەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن ریفۆرمی بنەڕەتی بکەن، بۆیە خۆی راستەوخۆ هاتووەتە ناوچەکەوە، ئەو ئەگەر بیزانیبایە ئەو ولاتانە دەتوانن ریفۆرم بکەن، رەنگە پشتگیریی بکردبان، بەڵام ئەو مەسەلەیە بەلای کەمەوە تارماییەکەشی لەناو پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانەدا نییە. من پێموانییە حکومەتە عەرەبییەکانی وەك سعودیەو سوریا ئەو ریفۆرمە بکەن، کەمنو تۆ چاوەڕوانیی دەکەین، ئەوان لەم مەسەلەیەدا هیچ سەرکەوتوو نابن، چونکە ریفۆرم یانی نەمانی پلەوپایەو دەسەڵاتیان.

*پاش شەڕی جیهانیی یەکەم هێندە بەپەلە نەخشەی جیهانیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دایە بەر مقەست، هەڵەی گەورەیان ئەنجامدا، ئەوکاتە دەسەڵاتە بەهێزە سەرکەوتووەکانی دونیا نەیانتوانی بەشێوەیەکی مونسیفانە دونیا دابەشبکەن، گەورەترین نموونەش ولاتەکەی ئێمە کوردستانە، کەهیچ مافێکمان بۆ دیاری نەکرا، بۆیە زۆر سەختە بۆ ئەمریکا، پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبەجێ بکاتو کێشەی

کوردستانو کێشەی فەلەستینییەکان چارەسەرنەکاتو ئەم دوو گەلە رازی نەکات، بەتایبەتی کێشەی کورد کەکێشەیەکی نەتەوایەتییە، من پێموایە کێشە نەتەوەییەکان تەنیاو تەنیا لەرێگای مافی چارەی خۆنووسین کەسەربەخۆییە چارەسەر دەبێت، فیدراڵیزم کاتییە، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوایەتی بۆ کوردستان تەنیا رێگایە بۆ نەمانی کێشەکە، حەتمەن دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی سنوورەکانی ناوچەکە. ئەوە قەناعەتی شەخسیی منە، زۆرکەس دژی ئەو بۆچوونەیە، بەڵام من زۆر بڕوام پێیەتی، نەك هەر بڕوا، بەڵکو ئارەزووشمە.

* وەك گەلی کورد من زۆرم بڕوا پێیەتی، گەلی کورد وریایەو زۆرباش رووداوەکانی خوێندووەتەوە، بەڵام وەك رێبەرایەتیی سیاسیی کورد دەبوو زۆر لەوە باشتریان بکردبایە، بەتایبەت لەم رووداوانەی دواییدا، دەبوو نەك هەر لەباشووری کوردستان، بەڵکو هەر چوار بەشەکەی کوردستان جۆرە هاوکاریو یەکگرتنێکی دروستبکرابایە. ناڵێم، سەرکردایەییەکی هاوبەش، بەڵکو دەبوو کاری هاوبەش دروستبکرایە، گەلی کورد بۆ خۆی ئەو ئامادەییەی تێدایە، سەیربکەن، هەر پاش چەند سەعاتێك لەکارە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتی هەولێر، خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات، لەسابلاغو مەریوانو مهابادو سەردەشتو..هتد بۆ ئیدانەکردنی ئەو کارە رژانە سەر شەقامەکان، پرسەیان دانا، من تەحەدا دەکەم هیچ حزبو لایەنێکی سیاسیی لەپشت ئەو هەڵوێستانەوە نەبووە، بەڵکو ئەوە یەکگرتوویيو هەست بەبەرپرسیارێتیکردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە بەرامبەر باشووری کوردستان. لەکاتی ئیقرارکردنی حوکمی فیدراڵیی بۆ ئەم بەشە، بینیتان لەبەشەکانی تری کوردستان چ جەژنو خۆشییەك کرا، لەکوردستانی ژێردەستی سووریا، لەباکووری کوردستان، هەموو چاویان لەم فیدراڵییەتەیە لێرە هەیە. کەواتە لەناو گەلی کوردستاندا ئیتیحادی عەمەل هەیە، من بۆخۆم کە لەرۆژهەڵاتی کوردستانم، کەلێرەم هیچ هەست بەغەریبی



ناکەم، وڵاتی خۆمە، بەڵام بەداخەوە تاکوئێستا ئەو ئیتیحادی عەمەلە لەنێو سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا نییە، حەقوایە لەمەولا ئەو لایەنە سیاسییانە لەخۆیان بپرسن، ئێمە بۆ حزبی ئەو خەڵکەین..؟ مەگەر بۆ ئەوە نییە خواستو ویستی ئەوان بەدی بهێنین، بەداخەوە تاکە حزبێك نییە لەکوردستاندا کار بۆ ویستی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بکات.



## فەرید ئەسەسەرد*

* بۆ ئەمریکییەکان، مەسەلەکە مەسەلەی ئاسایشە. تا دوێنێ، ئەمریکاو تەواوی ڕۆژئاوا پێی وابوو چەند دەلاقەی شارستانیی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بەرفراوان بێ، ئەوەندەش ڕۆژئاوا باشتر بەرژەوەندییەکانی دابین دەکاو ئەوەندەش درێژە بەو بارودۆخە دەدا کەتێیدا ڕۆژئاوا مەڵبەندی پیشەسازیو تەکنەلۆژیایەو ڕۆژهەڵات مەڵبەندی کشتوکاڵو بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵا دروستکراوەکانە. ئەمڕۆ ئەم دیدە باوی نەماوە، چونکە ڕۆژئاوا چۆتە سەر ئەو باوەڕەی کەنابێ دەلاقەی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات ئەوەندە فراوان بێ کەدوو دنیای جیاوازو دوو جیهانبیی جیاوازی لێ پێك بێ.

ئاسایش بۆ ئەمریکا مەسەلەیەکی ژیانییە، چونکە ئەو ئاستە بەرزەی شارستانێتیو ئەو پێشکەوتنە لەڕادەبەدەرەی کەئەمریکا پێی گەیشتووە، بۆ ئەوەی بەردەوام بێو زیاتر پەرە بسەنێ، پێویستی بەئاستێکی بەرزو سیستمێکی پێشکەوتووی ئاسایش هەیە. گیروگرفتەکەی ئێستا لەئارادایە ئەوەیە کەچەند ڕۆژئاوا پەرە بسەنێ، ئەوەندە ڕۆژهەڵات دەرفەتی تێکهەڵکێش بوونو خۆگونجاندن لەگەڵ شارستانێتیی ڕۆژئاوادا



لەدەست دەدا. لەم سەروبەندەدا چەند ڕۆژهەڵاتی بەجێماو بچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەهەلی پێشکەوتنی لەدەست داوە، ئەوەندەش ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکانی ڕۆژهەڵات هەوڵی کاریگەر بۆ فەوتاندنی شارستانێتیی ڕۆژئاوا دەدەن. ئەمریکییەکان هەست بەوە دەکەن کەئەم بەجێمانەی ڕۆژهەڵات بۆتە بارێکی گران بەسەریانەوە. وەك چۆن ڕۆژئاوا بەشێکی زۆری هۆی دواکەوتنو بەجێمانی ڕۆژهەڵاتی لەئەستۆدایە، ئێستا، لەبەر بەرژەوەندیی خۆیو بۆ پاراستنی شارستانێتییەکەی لەفەوتان، دەبێ کار بۆ ڕامالّینی ئەو دواکەوتنەی ڕۆژهەڵات بکا.

ئەمریکا لەم سەردەمەی بەجیهانیبووندا پێویستی بەئەوپەڕی ئاسایش هەیەو تا ڕۆژهەڵات لەو دواکەوتنەی خۆی ڕزگاری نەبێ، وەك فاکتەرێکی مایەی هەڕەشە بۆ سەر شارستانێتیی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوەو هەمیشە بەگژیدا دەچێتەوە. بەرژەوەندیی ئەمریکییەکان ڕەخساندنی ئەو فاکتەرانەیە کەبەهۆیانەوە ڕۆژهەڵات تێکهەڵکێشی ئابوریی جیهان دەبێو دەگاتە ئەو بڕوایەی کە تێکهەڵکێشبوونی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا لەچوارچێوەی یەك جیهاندا شتێکی مومکینە.

* ئەوروپییەکان پرۆژەی خۆیان هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی ئەمریکییەکان پرۆژەی خۆیان لەم بارەیەوە ڕاگەیاند، هەردوو پرۆژە تێکهەڵکێشی یەکتری بون. ئێستا پرۆژەکە لەوە دەرچووە کە پرۆژەیەکی ئەمریکی بێ، بەڵکو پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییە (ئەمریکی-ئەوروپایی) بۆ بەدیهێنانی شەریکایەتی لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا. بیرت نەچێ کەئەوروپا تا ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نزیکترە.

بەکردەوە پرۆژەکە ماوەیەکە دەست بەجێبەجێکردنی کراوە، بەڵام ئەو جێبەجێکردنە بەئاشکرا ڕانەگەیەنراوە. ئەوروپاییەکان هەنگاوی گەورەیان بۆ بەدی هێنانی شەریکایەتی لەنێوان ئەوروپاو باکووری ئەفریقیا بەدی هێناوە، تەنانەت لەگەڵ سوریاش. ئەمریکییەکانیش بەخشکەیی خەریکی دەستنیشانکردنی شەریکە

ستراتیجییەکانن، وەك ئەوەی لەم دواییەدا لەگەڵ کوێتدا کردیان. خاڵی سەرەکیی جیاوازیی نێوان ئەمریکاو ئەوروپا لەوەدایە کەئەمریکییەکان جەخت لەسەر ریفۆرمی سیاسی دەکەن، لەکاتێکدا ئەوروپا جەخت لەسەر ریفۆرمی ئابووری دەکا. ئەمریکییەکان پێیان وایە ریفۆرمی سیاسی ڕێ بۆ ریفۆرمی ئابووری خۆش دەکا، لەکاتێکدا ئەوروپاییەکان لەو بڕوایەدان کەریفۆرمی ئابووری لەریفۆرمی سیاسی پێویستترەو سەرەنجامەکەشی هەر بەریفۆرمی سیاسی دەگا.

* بەراوردکردنی ئەفغانستانو عیراق لەگەڵ یەکتریدا شتێکی راست نیە. تاکە شت کەئەم دو وڵاتە کۆ دەکاتەوە ئەوەیە کەئەمریکا رۆڵی سەرەکیی لەروخاندنی رژێمە شەڕانگێزەکانیاندا هەبووە. بۆ رۆژئاوا، ئەفغانستان سەرچاوەی سەرەکیی کەرەستەی بێهۆشکەرو تیرۆریزم بوو. بەرژەوەندیی رۆژئاوا لەوەدابووکە بەلەناوبردنی رژێمی تالیبان، ئەفغانستان لەوە دەرچێ کەببێ بەسەرچاوەی کەرەستەی بێهۆشکەرو تیرۆریزم. بۆیە هیچ بەرنامەیەك سەبارەت بەکردنی ئەفغانستان بەنمونەی دیموکراسیو پێشکەوتن بۆ ناوچەکە لەئارادا نییە چونکە هێشتا ئەفغانستان زۆری ماوە بگا بەدیموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. لەئەفغاستاندا ئەوپەڕی هیوای رۆژئاوا ئەوەیە کەئەم وڵاتە جارێکی تر نەبێتەوە بەسەرچاوەی سەرەکیی کەرەستەی بێهۆشکەرو تیرۆریزم. ئەفغانستان هێشتا پێداویستییەکانی پێشکەوتنی تێدا نیە.

بەڵام عیراق وا نیە. عیراق وڵاتێکە هەمو پێداویستییەکانی پێشکەوتنی تێدایە، بەڵام تا باری ئاسایش تێیدا سەقامگیر نەبێ، ئاسەوارەکان گۆڕانی تێدا دەرناکەون. بۆ عیراق، ئاسایش لەسەرووی هەمو مەسەلەکانەوەیەو ئەمریکاییەکانیش دەزانن تا باری ئاسایش چاك نەبێتەوە، عیراق رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی پێ نابینرێ.

* پرۆژەکە تاکە پرۆژەیە کەلێی رادەبینرێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدواکەوتویی رزگار بکا. وەك چۆن ئەوروپاییەکان پاش دووەم جەنگی جیهان، پرۆژەی مارشالیان



قۆستەوەو کردیان بەبناغە بۆ سەرلەنوێ هەڵسانەوەو قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی شەش ساڵی دژواری جەنگ، پێویستە لەسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوانیش ئەم هەلە بقۆزنەوەو بیکەن بەبناغەی پێشکەوتنێکی گەورە.

کەلێنی شارستانیی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا سەرەڕای تێپەڕبونی دوو سەدە بەسەر شۆڕشی پیشەسازیدا هێشتا زۆر فراوانە. نمونەت بۆ دەهێنمەوە. بەرهەمداریی ساڵانەی کرێکاری عەرەب ٨٠٠ دۆلارە، لەکاتێکدا بەرهەمداریی ساڵانەی کرێکاری ئەوروپایی ٦٠,٠٠٠ دۆلارە. ئێستا رێژەی بێکاری لەهەر یەك لەمیسرو ئوردون ٢٥٪ـە، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لەفەلەستینو عیراقدا خۆی لەقەرەی ٧٠٪ دەدا. زیانی ئەم بێکارییە بۆ ناوچەکە دەوروبەری ١٠٠ ملیار دۆلار دەبێو بۆ ئەوەی بێکاری ریشەکێش بکرێ، پێویستمان بەبایی ٧٠ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری دەبێ. ئەمە شتێکە لەتوانای ناوچەکەدا نیە بەڵام ئەوەتا ئەمریکاییەکانو ئەوروپاییەکان هاتونەتە پێشو ئامادەییی ئەوەیان دەربڕیوە کەچارەسەری ئەم گیروگرفتانە بکەن.

گەورەترین کۆسپ لەبەردەم ئەم پرۆژەیە سڵکردنەوەی وڵاتە پارێزگارەکانی عەرەبە لەو گۆڕانەی کەبەهۆی ریفۆرمی سیاسیو ئابوورییەوە دێتە دی. ئەم پرۆژەیە لێی رادەبینرێ لەماوەی کەمتر لەدە ساڵ، رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی زۆر جیاواز پێك بێنێ. رادەی پەسەندکردنی ئەو گۆڕانە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوە هێشتا کەمە، بەڵام توانای رەتکردنەوەی پرۆژەکەش توانایەکی زۆر نییە.

شەریکایەتی لەنێوان رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو رۆژئاوا لەچەند وڵاتێکەوە دەست پێ دەکاو وردە وردە وڵاتەکانی تر، زوو تا درەنگ، بەلای خۆیدا رادەکێشێ. هەرچی بەرپەرچی پرۆژەکە بداتەوە، بەدواکەوتویی دەمێنێتەوەو خۆی زەرەر دەکا.

* عەرەبەکان مافی خۆیانە سەپاندنی ریفۆرم بەسەریاندا رەت بکەنەوە. تەنانەت لەپێشنووسی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو باکوری ئەفریقیادا جەخت لەسەر

ئەوە كراوە كەنابێ ریفۆرم ((لەدەرەوە بسەپێنرێ)). لەم رووەوە دەشێ فاكتەری دەرەكی لەپرۆسەی گۆڕاندا فاكتەرێكی یارمەتیدەر بێ.

تائێستا دو رووداو ئاماژە بۆ ئەگەری ریفۆرم لەناوەوە دەكەن. یەكەمیان، هەوڵی عەرەبەكانە بۆ دەستكاریكردنی سیستمی رێكخراوی دەوڵەتە عەرەبییەكانو رەوایی دان بەریفۆرمە خۆماڵییەكانو دووەمیان كۆنفرەنسی ئەم دواییەی دۆحە بوو كەبابەتەكەی بۆ ریفۆرمی خۆماڵیو دیموكراسی لەجیهانی عەرەب تەرخان كرابوو. ئەگەرچی هەوڵی دووەم لەهی یەكەمیان جددیترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناشارێتەوە كەهەردوو هەوڵ لەدەوروخولی چۆنێتیی ئەنجامدانی ریفۆرم دەسوڕێنەوە. لێرە خاڵێكی گرنگ هەیە كەدەبێ رەچاو بكرێ، ئەویش جیاوازیی ئاستی كۆمەڵایەتیی وڵاتە عەرەبییەكانە كەكارێكی وادەكا ئەنجامدانی ریفۆرم ئەگەر لەیەك كاتیش دەست پێ بكا رەنگە یەك سەرەنجامی نەبێ. كۆنفرەنسی هەشت دەوڵەتەكەش لەسیئایلاند لەویلایەتی جۆرجیا لەپێشنووسی نەخشەی ریفۆرمدا تایبەتمەندێتیی هەر وڵاتێكی لەبواری ئەنجامدانی ریفۆرمدا لەبەرچاو گرتووە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كەئەو تایبەتمەندییە ((نابێ رێگر بێ لەبەردەم ریفۆرمدا)).

* پێشبینیی هیچ گۆڕانێكی جیۆپۆلەتیكی ناكرێ، چونكە پرۆژەكە پەیوەندیی بەگۆڕانی جیۆپۆلەتیكییەوە نییە. پرۆژەكە بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ كەس لێیتێگەیشتوە، بۆ پارچە پارچەكردنی ناوچەكە نییە، بەڵكو بۆ یەكخستنی ناوچەكەیە. پرۆژەكە زیاتر پابەندبونی سەرانی دەوڵەتە پیشەسازییە دیموكراتە گەورەكانی جیهان بەپشتگیریكردنی ریفۆرمو دیموكراسیو ئازادییە گشتیەكان ساغ دەكاتەوەو لەم دیدەوە دەڕوانێتە ریفۆرم كەهەرەوەزێكە لەنێوان حكومەتەكانو كۆمپانیاكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی.



ئامانجی پرۆسەكە بردنی ناوچەكەیە بۆ سەردەمی پیشەسازیو تێكهەڵكێشكردنی ئابورییەكان. بیرۆكەی پرۆسەكە ئەوروپاییە، نەك ئەمریكاییو سەرەتا لەبەرشەلۆنە، بەگەڵاڵەكردنی پرۆژەی شەریكایەتیی ئەوروپا ـ دەریای ناوەڕاست، دەستی پێكردو پاشان پرۆسەی شەریكایەتیی ئەمریكا ـ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاتە پاڵو ئێستا هەردو پرۆژە تێكهەڵكێشی یەكتری بوون. كرۆكی بیرۆكەی پرۆژەكە ئەوەیە كەئەگەر ناوچەكە چووە سەردەمی پیشەسازییەوەو ئەگەر ئابورییەكەی، لەسەر بنەمای شەریكایەتی، تێكهەڵكێشی ئابوریی جیهان بوو، ئەو هەڕەشانەی لەو ناوچەیەوە لەدژی جیهانی رۆژئاوا دەردەچن، ریشەكێش دەكرێن.

پرۆژەكە، بەپشت بەستن بەرێككەوتنەكانی ئۆسلۆو پرۆژە ئەمریكاییەكەی نەخشەی رێگا، یارمەتیی چارەسەركردنی ململانێی عەرەب ـ ئیسرائیل دەدا، بەڵام خودی خۆی وەك پرۆژەیەك بۆ گەشەپێدانی ناوچەكە پەیوەندیی بەگۆڕانە جیۆپۆلەتیكییەكانەوە نیە.

* ئەو بەشەی پرۆژەكە كەپەیوەندیی بەریفۆرمی سیاسییەوە هەیە، پڕاوپڕ قازانجی كوردی تێدایەو دەشێ زۆر سودی لێوەربگیرێ. ئەو ریفۆرمە بەشدارییەكی كاریگەر لەسەقامگیركردنی دیموكراسیو فراوانكردنی رۆڵی رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیو بڵاوكردنەوەی كەلتوری لێبوردندا دەكا. هەر پێشكەوتنێكی دیموكراتی كەناوچەكە بەخۆیەوەی ببینێ، بەقازانجی خۆمانەوەیە.

ئەو بەشەی پرۆژەكە كەپەیوەندیی بە ریفۆرمی ئابورییەوە هەیە، زیانی بۆ كورد نابێ، بەڵام ئەو گەلانەی دەوڵەتیان نیە یاخود قەوارەیەكی نەتەوەییان لەچوارچێوەی دەوڵەتەكاندا نییە، كەمتر سودی لێوەردەگرن. رەنگە كوردی عیراق لەو روانگەیەوە كە لەچوارچێوەی عیراقێكی لیبراڵدا قەوارەی نەتەوەیی خۆی هەیە، لەكوردی پارچەكانی تر زیاتر سوود لەم پرۆژەیە وەرگرێ.

*بەڕێوەبەری سەنتەری لێكۆڵینەوەی سیتراتیجیی كوردستان.

## د. مارف عومەر گوڵ:

* پێش هەمووشتێك با ئەوە راستبکەمەوە کەناوی پرۆژەکە (**مشروع الشرق الأوسط الكبير**) نابێتە (رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە)، بەڵکو دەبێتە (رۆژهەڵاتی گەورەی ناوەڕاست)، واتا گەورەکە ئاوەڵناوە بۆ وشەی رۆژهەڵات نەك بۆ ناوەڕاست. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا وەکو تاکە زلهێزی جیهانی کەهەوڵی جڵەوگرتنە دەستی رێبەرایەتیکردنی دونیای کردووەتە مەبەست، بەرنامەی سیاسی، ئابووری، ستراتیژی، کولتووری، سەربازی، تەکنۆلۆژی، هەواڵگریو راگەیاندنی هەمەجۆرەی بۆ تەرخانکردووە. ئەو بەرنامە هەمەلایەنەش لەچوارچێوەی ستراتیژێکی درێژخایەنداو بەرەوتێکی لەسەرخۆ دەڕوات، لەهەر شوێنێکی دونیاو لەهەر بوارێکیاندا شکستی هێنا، بەرنامەی ئەڵتەرناتیڤی بۆی هەیە، بۆیە ناتوانین هەروا بەئاسانی بڵێین ئەمریکا درۆ دەکات، مەسەلەکەش لەو چوارچێوەیە گەورەترە کەبڵێین: ئەمریکا راست دەکات یان درۆ..؟ بەڵکو ستراتیژیی دووربینو نەفەسدرێژی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بەحوکمی هەلومەرجو بارودۆخی جیهانی قسەی لەسەر دەکرێتو پێوانە دەکرێت. ئایان نییە لەئاستی پرۆژەیەکی وا فراوانو وردەکارانەدا کەسەروەتو سامانێکی بێ شوماری پێویستەو کارێکی زۆری بۆکراوەو لەداهاتووشدا زۆرتر کاری پێدەوێت.



هەروا بەپەلە هەڵسەنگێندرێت. بۆیە بەلای منەوە ئەمە سەرەتای قۆناغێکی تازەی مێژووی مرۆڤایەتییەو پاشەڕۆژ حوکمی بەسەردا دەدات.

*رژێمی تالیبانو رژێمی سەدام ئەگەر پێوەندیشیان بەیەکەوە نەبووبێت، گەلێك خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبووەو ئێستاش بەپاشماوەکانیانەوە دیارە، بۆیە رووداوەکانی دوای خستنی ئەو دوو رژێمە یەکانگیری یەکتر بوونەو تەگەرەیان لەبەردەم پێشکەوتنو دابینکردنی ئاشتیو سەقامگیربوونی ئاسایشدا دروستکردووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەعیراقی دوای رژێمی سەدامدا هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەوێت ئەم وڵاتە بکەنە مەیدانی دژایەتیکردنی ئەمریکا یەك دەگرنەوەو لەسەر یەك هێڵی یەکگرتوو چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن. ئەمریکا، پاش ئەو بەرنامە گەورەیەی کەرژێمێکی دیکتاتۆریی پێ لەناوبرد هەرچەندەش زەرەرمەندبێت، بەڵام لەئەنجامدا سوودمەندەو دەتوانێت بەسەر نائارامیو شەڕو شۆڕدا زاڵبێت. بۆیە ئەو پرۆژەیەی ئەمریکا پێشکەشیکردووە بۆ (رۆژهەڵاتی گەورەی ناوەڕاست) ئەگەر لەوڵاتێکدا بەشەڕ دەستپێبکات، دەکرێت لەوڵاتێکی تر بەشێوازی دیکەو بەئامرازی جۆراوجۆر دەستپێبکات، ئەنجامیش لەسەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەك سەرچاوەو یەك ئەنجام بۆ ستراتیژێکی درێژخایەن بەدی دێت.

* ئەو پرۆژەیە، لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی درێژخایەنو کارێکی زۆرەوە هاتووەتەپێش، ئەگەر تەنها ئەو نموونەیە وەربگرین، کە لەیۆناندا بۆ (١١) یانزە ملیۆن مرۆڤ پێنج ئەوەندەی وڵاتە عەرەبییەکان کتێب وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی یۆنانی، یەکسەر بۆمان دەردەکەوێت کەوڵاتە عەرەبییەکان لەچ حاڵەتێکی نائاساییو لە چ دۆخێکی کولتووریی دواکەوتوودا دەژین..؟ ئەمەش وێرانەیەکی گەورەیەو چەندین سیستمی دیکتاتۆریی لەسەر بنیاتنراوە. هەر بۆیەش ژیانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا لەداتەپینێکی بەردەوامدایە. ئەمەش بەدروشمی بریقو باقو درۆی شاخدار

چارەسەر ناکرێت، چونکە ئەندازەی پاشکەوتنەکە ئەوەندە گەورەو سەختە، کەپێویستیی بەگۆڕانکارییەکی هەمەلایەنە هەیە، لەدەسەڵاتی سیاسییەوە بگرە تاکو بچووکترین دەزگاکانی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵو یاساو سیستێمی بەڕێوەبردنو سیستێمی راگەیاندنو سیستێمی ئابووریو کارکردن. ئەو شێوازی حوکمڕانییە تەقلیدیو کۆنخوازەی وڵاتە عەرەبییەکان نەدەرەقەتی ئەو پێشکەوتنو پێداویستییانە دێت بۆ گۆڕانکاری، نە لەڕووی کولتووریشەوە بۆی وەردەگیرێت، بەڵکو هەژانو راتەکاندنێکی فراوانی پێویستە لەدەسەڵاتەوە بۆ خواری خوارەوە.

* پێم وانییە هیچ پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بتوانێت لەبەرامبەر ئەو پرۆژەیەی ئەمریکادا خۆی رابگرێت، چونکە هیچ گۆڕانکارییەك دروستنابێت لەلای ئەو دەسەڵاتانەی کەمێژوویەکی خراپیان تۆمارکردووە لەداپڵۆسینو خنکاندنی هەموو ئازادییەك. لەبیریشمان نەچێت، ئەمریکا هەروا خێرخوازانە بۆ بەدیهێنانی ئەو پرۆژە گەورەیە، بەڵکو دەچێتە سەر سەرچاوە ئابوورییەکانی ناوچەکەو دەیانکاتە سەرچاوەی کارکردنی لەناوچەکەو لەجیهانیشدا کارناکات، سەرەتای ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا لەکۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە دەستپێکردووەو هێشتا لەهەنگاوی یەکەمدایە، بەڵام بارودۆخی ئێستای جیهان پێوەی دیارە کەئەمریکا بەتەکنۆلۆژیای مۆدێرنو بازاڕی ئازادو بەتەلەفۆنو کەناڵە ئاسمانییەکان گەیشتووەتە نەك هەموو وڵاتێك، بەڵکو هەموو ماڵێك.

*چاوەڕوانی زۆر گۆڕانکاری دەکرێت، بەڵام دیارە ئەمریکا دوژمنی زۆرە، دۆستی خراپیش سەرباری دوژمنداریێتیی، کێشەی قوبرس، کێشەی فەلەستین، کێشەی کورد، کێشەی دەق بەستنی سیستمە نەگۆڕەکان، ئەمانە هەموویان چاوەڕوانی چارەسەرکردن دەکەن، با ئەوەش لەبیر نەکەین ئەمریکا تەنها سەرقاڵی گۆڕانکاری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکو سەرقاڵی سەرانسەری جیهانە بەهەموو کێشەکانییەوە.



-ئەوەی پێوەندیی بەوڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە هەیە، هەر لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردو لەدوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە، ئیتر مەسەلەی کورد چووە قۆناغو ئاستێکی دیکەوە، کە بەقازانجی کورد شکایەوە. ئەوەی کەکورد لەسەرکردایەتییەکەی خۆی دەخوازێت پێش هەموو هەوڵێك ئاوەدانکردنەوەو یەکخستنەوەی ماڵی کورد خۆیەتی-ئەگەر نا وەکو رووداوەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی پاشەکشە دەکەینەوە. راستە هەلومەرجی ئێستای دونیاو ناوخۆی خۆمان جۆرێك لەجیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو سەردەمەی ئەوسادا، بەڵام سیاسەتو رووداوەکان لەهەندێك قۆناغدا هەندێك رووداوی کتوپڕیان لێپەیدا دەبێتو کار لەکار دەترازێت. ئەگەرچی ئەم سەردەمە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك دەوڵەتی تازەبووە لەجیهاندا. سەیر لەوەدایە ئەگەر بەراوردی سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەین لەسەرەتای سەدەی بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمدا، هیچ پێشکەوتنو گۆڕانکارییەك نابینین، بۆیە هەلومەرجی ئێستای ناوچەکەو جیهان بۆ ئێمەی کورد هەروا زوو بەزوو دووبارە نابێتەوە، ئیتر ئەو قۆناغەش تێپەڕیوە ئێمە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان بکەینە قوربانیی دۆستایەتییەکی کاتی، هەموو دۆستایەتیو رێزگرتنێکیش کاتێك سەقامگیر دەبێت، کەمافی میللەتان یەکسان بێت لەئازادیدا.



## دکتۆر موەفەق دەرگەڵەیی*

*بۆ یەکەمجارە ئامارێکی وا سەبارەت بەڕەوشی وڵاتانی سێو جیهانی عەرەبی دەخرێتەڕوو، گرنگیی ئەم خستنەڕووەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەتەنها فاکتی رووت نین‌و هەروەها سادەو ساکارانە داتاشرابن‌و بەمەبەستی توانجگرتن لەو وڵاتانەو بەکەم تەماشاکردنی ئەو نەتەوانە بێت، بەڵکو ئەمە واقیعێکەو دەبێت ئەو وڵاتانە وەك خۆی قبووڵی بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانانەی کەئەمڕۆ لەدنیاو ناوچەکەدا روودەدەن، کە لەهەموویان دیارترو ئاشکراتر بواری زانست‌و (کۆمیونیکەیشن-Communication)ـە بڕۆن، پێموایە وڵاتە زلهێزە ئابوورییە بەتواناکان ئەمڕۆ گەیشتوونەتە خاڵێك کەبۆ گەشەپێدانی ئەو قۆناغە هەست بەجیاوازییەکی زۆر لەبوارەکانی خوێندن‌و پەروەردە، راددەی گەشەکردنی زانستی، خوێندەواری لەناوچە جیاجیاکانی ئەم سەرزەمینە بەدی دەکرێت، ئەگەر ئەو دواکەوتوویەی کەئەمڕۆ دەبینرێت لەهەندێك شوێندا هەروا وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا گومانی تێدا نییە کە لەم چەند ساڵەی ئاییندەدا ئەو جیاوازییە ئەوەندەی تر قەبارەکەی گەورەدەبێت، دووجۆر چین لەمرۆڤ لەسەر رووی زەمین دروستدەبێت،



یەکێکیان ئامادەو تەییارە بەچەکی زانستی سەردەم‌و لەگەڵ رەوشی تازەدا هەڵدەکات، ئەوەی دووەمیشیان دواکەوتووو نامۆ بەهەموو دەستکەوتە تازەکان. بەڕای من ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا دەبێت بەرز بنرخێندرێت‌و بەچاوی رێزەوە تەماشابکرێت، چونکە لەدیدی هەستکردن بەبەرپرسیاریەتییە نەك تەنها بەرامبەر بەخودی خۆی، وەك وڵاتێکی پێشکەوتوو، بەڵکو ئەو گەلانەی کەتا ئەمڕۆ دەستی ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان لێ زەوتکراوە.

ئەمە بەشێکە لەبەرپرسیارێتیی بەجیهانیبوون بەرامبەر بەکێشە مرۆڤایەتییەکان، وەك برسیەتی، هەژاری، نەخوێندەواری، ژینگە، نەخۆشی. بەر لەوانەش بەشداریکردنی ژن لەبوارە جیاجیاکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کۆچکردن، مافی تاك کە لەو جیهانە گەورەیەی عەرەبدا لێی بێبەشن..

راستگۆیی فاکتەکانیش جارێکی تر لەبەراوردکردنی ئەو جیهانە لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو، بۆ نموونە لەڕاپۆرتێکدا هەر (١٠٠٠کەسی عەرەب) **٥٣** رۆژنامەی بەردەکەوێت بەبەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان کە (**٢٨٥**) رۆژنامەیە بۆ هەر (١٠٠٠کەس) ئالێرەدا جیاوازییەکان دەردەکەون.

* گۆڕانکاریی لەو دوو وڵاتەدا "ئەفغانستان‌و عیراق" هەروەها بەئاسانی پیادەناکرێن، گۆڕانکارییەکان ئەگەرچی هەردووکیان بەهۆی هێزی دەرەکییەوە هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام لەناو خودی ئەو وڵاتانە ئارامی‌و ئاسایش‌و سەقامگیریی سیاسیی هەرگیز نەبووە، بۆیە ئەو پرۆسەیە تەنها بەلابردنی هەردوو رژێمەکەی تاڵیبان‌و سەدام کۆتایی نایەت، لێرەدا تەنها گۆڕان لەڕژێمدا روویداوە، ئەم دوو وڵاتە پێویستییان بەسەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە، واتا دروستکردنی سیستمێکی تازە، کەخەڵکی ئەو وڵاتانە خۆیان بەشداری لەنیاتنانەوەی بکەن.. نەك تەنها لەچوارچێوەی وڵاتەکەیان‌و داڕشتنەوەی نیشتمانەکەیان بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەکان‌و

گرووپە ئایینیو کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، ئەم وڵاتانە دەبێت دیدو سیاسەتی خۆیان بۆ دنیاو دەوروبەر، بۆ هاوسێکانیان، ئەو ناوچانەی کەتیایدا دەژین بگۆڕن.. وڵاتێکی وەکو ئەفغانستان نابێت چیتر هێزێکی وەك تالیبان حوکمی بکات، کەباوەڕی بەدیموکراسی نییە، ئازادییەکانی بەرتەسك بکاتەوە، ڕێز لەمافی مرۆڤ نەگرێتو بەچاوی سوك بڕوانێتە ژن، وڵاتەکەی بکات بەبنکە بۆ هێزێکی تیرۆریستیی وەك (ئەلقاعیدە) لەوێوە هەڕەشە لەگشت جیهان بکات، خەریکی ئاژاوەنانەوە بێت لەوڵاتە هاوسێکانیو جیهانی ئیسلامی.

بەهەمان شێوەش عیراقێك کەسەدام حوکمی دەکرد لەناو خۆدا ئەوەی بۆ کرا دژ بەنەتەوەی کوردو دیموکراتخوازانی عیراق کردی، دوا رەفتاری نامرۆڤانەی بەکارهێنا، سیاسەتی جینۆساید، ئەنفال، وشککردنی زونگاوەکان. لەسەر ئاستی ناوچەکەدا لەم بیست ساڵەی رابردوودا گەورەترین هەڕەشەی لەئێرانو کوێت کرد، فاکتەرێکی نائارامو تێکدەر بوو، بۆیە ناکرێت هەروا بەخێرایی باس لەوە بکەین کەئەم دوو وڵاتە ئیتر نموونەی جوانن. دوو ساڵ بۆ گۆڕانکاریی زۆرکەمن، بەبەراورد لەگەڵ تەمەنی ئەو سیستمانەی کەچەندەها ساڵە خاوەن دەسەڵات بوون، خاڵێکی تر کەزۆر گرنگە باسی بکەین، سایکۆلۆژیای ئەو گەلانەیە کەلەو دوو وڵاتەدا دەژین، فێربوونیانە بەجۆرە ترادیسیۆنێك کەزەحمەتە لێی رزگاربین، بۆ نموونە دیموکراسیو بەیەکەوە هەڵکردن، پشوودرێژی بۆ کێشەکان، هیچ یەکێك لەو وڵاتانە لەمەوپێش ئەو دەرفەتەیان نەبووە هەڵسوکەوتی ئاسایی لەگەڵدا بکەن. ئەوەی ئەمریکاو بەشێك لەوڵاتان دەیکەن ئەمڕۆ بۆ ئەو وڵاتانە دەستپێکی بروسکەیە. بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیەش بەردەوامبێت پێویستیی بەهاوکاریی ئەمریکاو وڵاتە زلهێزەکان هەیە، هاوکارییەکان زۆر جۆرن، سەربازی بۆ دروستکردنی سەقامگیریی سیاسیی پێویستە، ئابووری بۆ گەشەپێدانی



کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکردنەوە. نابێت وا بەخێرایی چاوەڕوانی بەئەنجامگەیاندنی ئەو گۆڕانکارییە بین، دەبێت پشوومان درێژبێت.

* بەڵێ، بەشێکی زۆری پرۆژەکە جەخت لەسەر گۆڕان دەکاتەوە لەوڵاتە عەرەبییەکان، بەڕای من هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەجۆرە تەقلیدیەتێك لەو وڵاتانە جێگیرە، کە بەزەحمەت ملدەدات بۆ گۆڕان.. هیچ یەکێك لە وڵاتانی ئەو جیهانە سیستمێکی دیموکراسی تێدا پیادە نەکراوە، هەر هەموویان یان بەڕێگای کودەتای سەربازییەوە هاتوونەتە سەردەسەڵات یان ئەوەتا پادشایەك، ئەمیرێك دەسەڵاتی هەیە، ئەگەر چەند ساڵ جارێك لەهەندێك لەو وڵاتانەدا هەڵبژاردنێکیش بکرێت تەنها شەکلێیەو هیچی تر، بەم جۆرە دیموکراسییە دەڵێن" (دیموکراسیی بێ دیموکراسی)، واتا وەزیرەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام سیستمی سیاسیو دەسەڵاتی مەلیك وەك خۆی دەمێنێتەوە، دوا بڕیار هەر ئەو دەیدات، نموونە لەهەندێك وڵاتانی وەك مەغریبو ئوردون، هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام هەردوو بنەماڵەی مەلیك حەسەنو حسێن دەسەڵاتی تەواویان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، هەر سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگایی ملکەچن بۆ بڕیارەکانی ئەوان، هەندێك وڵاتانی تری وەکو سعودیەو ئیمارات بەهیچ شێوەیەك هەڵبژاردنیان تێدا روونادات. عیراقی پێشوو، سووریا، هەندێکی تر تاکە حزبێك لەسەر حوکمە، لەمیسریشدا ئەگەرچی چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام سەرۆکی ئەو وڵاتانە بۆخۆی لەڕێگای دەنگدانێکەوە ماوەی مانەوەی وەك سەرۆك درێژدەکاتەوە، واتا ئەو وڵاتانە لەجیهانی مۆدێرندا خاڵی دواکەوتوون.

دەسەڵاتەکان رەفتاری کۆیلەو خاوەن کۆیلە لەگەڵ گەلەکانیان دەکەن، هەر بۆیەشە خەڵکی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ریفۆرمدان، بەڵام دەسەڵاتدارانی دژی دەوەستن، پرۆژەی ریفۆرم خۆی لەچەند خاڵێکی گرنگدا دەبینێتەوە، هەرە دیارەکانی بەدەستەواژەی

ئەمڕۆ كۆمەڵی مەدەنییە، كەخۆی لەبوونی ڕێكخراوی جەماوەریی غەیرە حكومی، ڕاگەیاندنی ئازاد، دیموكراسیو هەڵبژاردن، ڕێزگرتنی مافی تاك، بازاڕی ئازاد، گەشەدان بەبواری پەروەردەو گۆڕینی بەرنامەكانی خوێندن، ماوەدان بەگەشەكردنو نەهێشتنی ئاستەنگی لەبەردەم پرۆژەی داراییو پیشەسازیی، دەرخستنی ڕۆڵی ژن، كەبەشدارییان بەبەراورد لەگەڵ جیهانی پێشكەوتووو یەكجار كەمە لەبوارەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتی، پەرلەمانتاریدا.

قسە زۆر لەسەر ئەوە دەكرێت داخۆ ئەو وڵاتانە زەمینەی ڕیفۆرمیان تێدا هەیە، بەهۆی بوونی تایبەتمەندیی كۆمەڵگای عەرەبی، ئایینی ئیسلام. بەبۆچوونی من زۆر هەڵە دەكرێت ئەگەر بڵێین بەهۆی بوونی ئایینی ئیسلامو تایبەتمەندیی نەتەوە ڕیفۆرم مەحاڵە، لێرەدا دەبێت قسە لەسەر ئامرازەكانی گۆڕان بكەین.. ئایا كەرەستەی بۆ گۆڕان هەیە یان بەپێچەوانەوە، ئەی ئەگەر گۆڕان نەكرێت چی ڕوودەدات..؟ باسەیری وڵاتێكی وەك سعودیە بكەین، كەقیبلەی ئیسلامە، لەوێ لەو ماوەیەی دوایییدا چەندەها دەنگ بەرزبوونەتەوەو ئیمزا كۆكراوەتەوەو پێشكەش بەدەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە كراوە، كەداوای گۆڕان دەكەن، پشتگیری لەریفۆرم دەكەن، لەو بەرنامەیە كەئەمڕۆ لەهەموو شوێنێك قسەی لەسەردەكرێت، خۆ ئەگەر دەسەڵاتدارانی سعودیە گوێ بۆ ئەو بانگەوازانە شل نەكەن، ئەوا ئاییندەی ئەو وڵاتە حەتمی گۆڕانی بەسەردا دێت، كە بەكۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بنەماڵەی مەلیك دوایی دێت. ئێران وڵاتێكی ئیسلامییە تەوژمی ڕیفۆرمخواز بەهێزە، توركیا وا خەریكە جۆرە مۆدیلێكی تازە بۆ ڕیفۆرم دەهێنێتە كایەوە، ئەویش ڕیفۆرمكردن لەژێر سایەی حزبێكی وەك (العداله والتنمیه) كەزۆر ڕوونو ئاشكرا لایەنێكی ئیسلامی سیاسییە، بازۆر دوور نەڕۆین كوردستانی خۆمان، كەزۆرینەی كورد ئیسلامە، ئەوە نییە هێزی سیاسیی لەگەڵ ئەو كرانەوەو، ئازادیی ڕادەربڕین، دیموكراسیو هەڵبژاردندان، كەواتە ئیمكانی



ڕیفۆرم هەیە بەتایبەتییش كە لەجیهانو وڵاتە زلهێزەكان پشتیوانیی تەواوی لێدەكرێت.

*من نالێم وڵاتە عەرەبییەكان، دەڵێم دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە وەك پێشتر پێناسەم سەبارەت بەهەڵسوكەوتیان لەگەڵ گەلەكانیاندا كرد، گومانم لەوەدا نییە كەتاكی عەرەب ئەمڕۆ هەست بەنامۆبوون دەكات بەرامبەر بەجیهانی پێشكەوتوو، چونكە كەباس لەوڵاتە عەرەبییەكان دەكرێت لەدەرەوەدا بەوێنەی ڕەشماڵو وشتر دەناسرێن.. ئەو وێنەیەی كەئەو لەدورستكردنی بەشداریی نەكردووە، دەسەڵاتدارانی هۆكاری سەرەكین، بۆیە ئەگەر مقۆمقۆ هەیە لەسەر بەدیل، ئەوە ترسی ڕژێمەكانە لە لەدەستدانی دەسەڵات.. ترسی هەندێك لەناسیۆنالیستانو توندڕەوانی ئیسلامییە كە لەسەر زەمینەی دواكەوتوویی دەژین، ناوێرن بچنە مەیدانێك كەهیچ چەكێكی زانستیو مەعریفییان پێ نییە، هیچیان بۆ نەتەوەكانی خۆیان نەكردووە، كوا دەستكەوتی عەرەبی لەبواری تەكنیكو پێگەیاندنو مەعریفەو زانستە مرۆییەكان، بۆیە چەندەها بڕوبیانووی بێ سەروبەری بۆ دەدۆزنەوە. ڕێزگرتن، مافی مرۆڤ، بەشداریی ژن، بوونی ڕێكخراوی ناحكومی چ پەیوەندییەكیان هەیە بەشوێنو زەمەن، ئەگەر لەهەر كونجێكی ئەو جیهانەدا بێت لەبەرژەوەندیی مرۆڤو بایەخدانو گەشەپێدانی مرۆڤ نییە..؟ ئەمانە هەمووی پێداویستییەكانی مرۆڤی سەردەمن، جا ئەو مرۆڤە لەئەمریكا، ئەوروپا، ئەفریقیا، یان لەجیهانی عەرەبیدا بژیێت، گرنگ نییە.

لەسەردەمی گۆڕاندا ئەم جۆرە گفتوگۆو لێدوانانە هەرهەن، هەر لەناو عەرەبدا نییە، هەموو ئەو گەلانەی كە بەقۆناغی گۆڕاندا ڕۆیشتوون، بەتایبەتییش ئەگەر ئەو گۆڕانە لەدەرەوە بەشێوەیەك لەشێوەكان هاتبێت مشتومڕو قسەی زۆری لەسەركراوە، بۆ نموونە كاتێك كەسیستمی كۆمۆنیستیی خەریكبوو گۆڕانكاریی تێدا دەكرا، مەبەستم

سەردەمی سەرۆکی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت (میخائیل گۆرباشۆڤ) زۆر دەنگ هەبوون دەیانگوت دیموکراسی مۆدیلێکی رۆژئاوایە، بۆ ئەوان باشە.

گۆڕانکارییەکان روویاندا، سیستمی دیموکراسی واخەریکە دوای زیاتر لە(٢٧٠) ساڵی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی پیادە دەبێت، کەچی تاکو ئەمڕۆش هی وا هەیە دەڵێت" ئەو وڵاتانەی کەئەرسەزۆکسین دیموکراسییان تێدا بەرقەرار نابێت، چونکە مرۆڤی ئەرسەزۆکسی کەزۆربەی خەڵکی رووس دەگرێتەوە، بەدڵ هەڵسوکەت دەکات، نەك بەعەقڵ، لەدەنگدانیش هەروا بڕیاردەدات، عاتیفەو سۆز لەجێی لۆژیك، بەسەریدا زاڵە. بەپێچەوانەی کاسۆلیکەکان کە بەعەقڵ بیردەکەنەوە، نەك بەسۆز. ئەمە قسەی یەکێك لەڕووناکبیرە گەورەکانی رووسیای ئەمڕۆیە "ئەندرێی کەنجیلۆڤسکی" هەر ئەو بەتەنها وابیرناکاتەوە زۆری هاوشێوەی ئەو هەن کەپێیان وایە رووسیا وڵاتێکە لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا، خاوەن خەسڵەتی تایبەتیی خۆیەتی، لەبەرئەوە دەبێت رێگای گەشەکردنی خۆی هەبێت، کە لەنەتەوەکانی تر جیای بکاتەوە، یان نووسەرێکی بەناوبانگی ئینگلیز هەیە دەڵێت "رۆژئاواو رۆژهەڵات هەرگیز ناگەن بەیەك"..

ئەم پرۆژەیە زۆر هەمەلایەنەیە، بەئەنجامدانی هەندێکیو پشتگوێخستنی هەندێکی تر سەرناگرێتو سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، هەموو بوارەکان دەبێت شان بەشانی یەکتر بەڕێوەبچن، هەر بۆ نموونە ناکرێت باس لەڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ بکەینو ئازادیی راگەیاندن فەرامۆش بکەین، ریفۆرم لەبازاڕدا نەکەین، ماوە بەژن نەدەین بێتە مەیدانی کارەوە، ئەم پرۆژەیە کاتێك سەردەگرێت کەهەموو لایەنەکانی جێبەجێ بکرێن.

* جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە گێڕانەوەی شەرعییەتە بۆ تاك، دواتر بۆ گروپو کۆمەڵ بەگشتی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان، بەشداریکردنیان لەهەموو ئەو پرۆسانەی کە لەو کۆمەڵانەدا بەڕێوەدەچن، بەواتایەکی تر گۆڕانە لەهەموو بوارەکانی



ژیاندا، واتا حاڵەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە زۆر شتی گەورە پێشبینیی دەکرێت، چونکە ناوچەکە پڕە لەململانێ کەچەندەها ساڵە بەزۆرو بەهێز کپکراوە، لەسەرووی هەمووانەوە مافی کەمەنەتەوایەتییەکان، ئایینەکان، هەریەك لەو وڵاتانە ساڵانێکی زۆرە بەدەست سیستمە کۆنەپارێزەکانەوە دەناڵێنێت، کەمافی هاووڵاتیبوونی بەخەڵکی رەوا نەبینیوە، کەهاو زمانو ئایینو رەگەزن، چ جای ئەو کەمایەتییانەی کە لەگەڵیاندا دەژین، کەزۆر شۆڤێنییانە هەوڵیانداوە لەناو بۆتەی خۆیاندا لەچوارچێوەی ئەو سنوورانەدا بەچەندەها شێوازی جۆراوجۆر بیانتوێننەوە، لەگەڵ پەیدابوونو دەستپێکی ئەو پرۆژەیە ناوچەکە رووبەڕووی چەندان پرسیاری گرنگی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە کەڕەنگە ئاقاری گەشەکردنی پرۆسەکە بەرەو بەکارهێنانی هێزو خوێنڕشتنی زۆر ببێتەوە، ئەویش لەئەنجامی ملنەدان بۆ داخوازییەکانی ئەو لایەنو گرووپانە کەمافێکی سروشتیی خۆیانە داوای بکەن، بۆ نموونە ئەوەی روویدا لەسوریا لەبریی ئەوەی دەسەڵاتدارانی سوری هەڵسوکەوتێکی عاقڵانە لەگەڵ کێشەی کورد بکەن، کەچەندەها ساڵە بەئەنقەست خۆیان لێ بێدەنگ کردووە، زۆر بێ بەزەییانە کەوتنە قەتڵو عامی خەڵکی کورد لەوێو داواکارییەکانی ئەو نەتەوەیەی کەپیلانی دەرەوەی دەزانێتو پێی وایە ئەمریکا لەپشت مەسەلەکەوەیە، لەڕاستیدا خۆشیان ئەوە دەزانن کورد لەوێ بێبەشە لەکەمترین مافی نەتەوەییو مرۆیی، تائێستا بەژمارەیەکی یەکجار زۆریان خاوەن شوناسنامەی سوری نینو بەبێگانە حسابیان بۆ دەکرێت. رووداوی قامیشلۆ لەکاتێکدا روویدا کەهێشتا پرۆژەکە تەنها ناوی هەیەو لەکاردا هیچی بۆ نەکراوە، خۆ ئەگەر سوریا بیەوێت بەچاوێکی واقیعییانە سەیری ململانێکانی ناوخۆ بکاتو چارەسەری عەمەلیی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوا خەڵکی کورد بەشێوەیەکی تر دەڕوانێتە ئایندەی خۆیو دەسەڵاتو مافەکانی لەوێ، بەپێچەوانەشەوە تۆوی رقو کینەی نەتەوەکان بەهێزدەبێتو حەزکردن بەجیابوونەوە

پەرەدەستێنێت، لەوانەشە هاوکاریکردنو هاوپەیمانێتیی تازە بێتە ئاراوەو ئەو ولاّتانە بەدەموچاوێکی ترەوە لەئاییندەدا بژین.

یەکێك لەخەسڵەتە باشەکانی خەڵکی کورد لەناوچەکەدا، پشتگیریکردنی پرۆژەکەیە، ئەو بەرژەوەندیی خۆی لەسەرکەوتنی پرۆژەکەدا دەبینێتەوە، لەعیراقی دوای نەمانی رژێمدا مافەکانی گەلی کورد پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، هەرچەندە لەئاستی تەواوی داخوازییەکانی خۆیدا نییە، لێرەدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەگەڵ گۆڕانکارییەکانو هاوکێشە سیاسییەکانی ناو خودی عیراق ژیرانە جووڵایەوە، هێمنانە مەسەلەکەی خۆی خستەبەردەم رای گشتیی عیراقو جیهان.. ئەمڕۆ گەلی کورد وەك گەلێکی دیموکراتخواز لەناوچەکەو جیهاندا ناسراوە، لەگەڵ ریفۆرمدایە، واتا بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی ولاّتە زلهێزەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، یەکدەگرێتەوە، گەلی کورد نەك هەر لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدایە، بەڵکو خۆی ئامرازێکی باشو چالاکی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەیە کەئەمریکا بەناونیشانی "پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە" خستوویەتییە بەردەم ئەو ناوچەیە، واتا پرۆژەکەی بەفۆرمو ناوەرۆکەوە قبووڵە. پێموایە کوردەکانی پارچەکانی تریش بەهەمان شێوە پشتگیریی ئەو پرۆژەیە دەکەن.. بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە لەوەتەی ئەو پرۆژەیە تەرحکراوە لەهەموو ولاّتانی ناوچەکەدا دەنگی ناڕەزاییی دژی هەیە، بەلاّم تاکو ئێستا نەمبیستووە وەك نەتەوەو لایەنە سیاسییەکانی رەخنەیەکیشیان لێگرتبێت، واتا ئێمە بەئاشکرا لەگەڵ پرۆژەکەداین..

*سەرۆکی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی



## ئیبراهیمی عەلیزادە

* گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە کە لەبارو دوخی ئیستای روژهەلاّتی ناوەڕاستدا ئالّو گۆڕ پێك بینێ ، قسەیەك ئەگەر هەبێ لەسەر ئەوەیە کە ئەو ئالّو گۆڕە چەندە بە کردەوە دەردێت، لەخزمەت کام بەرژەوەند دایە ؟ روژهەلاّتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرچاوەیەکی گەورەی سەروەت بووە بۆ ولاّتانی سەرمایەداری روژئاوا ، لەهەمان کاتدا لەستراتیژی جیهانی ئەواندا گرێ کوێرەیەك بووە کە هەرگیز نەیان توانیوە بە تەواوی بیکەنەوە .

کێ برکێ لەنێوان زلهێزەکانی جیهان لەسەر دەستی بالاّ پەیدا کردن لەسیاسەت و لە ئابووری ئەو ناوچەیەدا مێژوویەکی دەیان ساڵەی هەیە . دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتو بۆ ماوەی چەند ساڵ دەوڵەتی روسیا تا رادەیەکی زۆر لەبازنەی ئەو کێ برکێیە دەر هاویشترا و بە دەرەجەی یەکەم ململانێی نێوان ئۆروپا و ئەمریکا جێگای گرتەوە . کێشەی فەلەستین دەروازەیەك بوو کە ئۆروپا هەوڵیدا لەوێوە پێ بنێتە ناو جەرگەی ململانێکەوە . لەگەڵ ئەوەش دا کە تا رادەیەك پێشکەوتنی بە دەست هێنا، بەلاّم بە هۆی ئالّوز بوونی کێشەکەو هاوسەنگی واقیعی هێز نەیتوانی دەورێکی سەرەکیی تێدا ببینێ . ئەو ململانێیە ئێستاش هەر بەردەوامە و هاوپەیمانیەتی چەند ولاّتێکی ئۆروپایی لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق نەی توانیوە ناوەرۆکی کیشەکە بگورێ . نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە لەهەمان کاتدا کە رەنگ دانەوەی ئەو

ململانێیەیە، دەتوانێ یەکێك لەو مەجالانەش بێ بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێزی زلهێزەکانی جیهان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا جارێکی تر تەعریف بکرێتەوە.ئەو هاوسەنگیەی کە سالّی پار لەبەر چاو نەگیراو ئیمسالّ لەسەر ئەرزی واقعدا ئەمریکای تووشی گەلێك ژانەسەری گەورە لەعیراق کرد.

بەلاّم با توزێك لە هۆکارەکانی هاتنە کایەی ئەم نەخشەیە وردبینەوە . وەلاّمێکی کلاسیکی ئەوەیە :

ئەمڕۆ راسترەو ترین "روناکبیران"یش ئەو لێکدانەوەی مارکسیستەکان دەسەلمێنن کە نیزامی سەرمایەداری ئەمپریالیستی پێویستی بەوە هەیە کە بۆ سنوری سەرمایەو بە دەست هینانی بازار، بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی وە یان بۆ دوا خستنیان ، پێکهاتەی حقوقیو سیاسیو سونەتی لەولاّتانی دواکەوتوو بە هەر رادەیەك کە پێویست بێ بگۆڕێ . ئەوە مەیلێکی دەروونی ئەو قۆناغە لە سەرمایەدارییە کە نزیکەی ١٠٠ سالّ لەتەمەنی تێپەڕ دەبێ، بەلاّم ئیدعای ئەوەی کە ئەو مەیلە لەگەلّ خوی دێموکراسیو ئاسوودەییو ئاسایش بۆ زۆرینەی خەلّکی ئەو ولاّتانە بە دیاری دەبات وەلاّمەکەی دەبێ لە خەلّکی برازیل و ئارژانتین و هەموو ئەو ولاّتانەی ئەمریکای لاتین کە تاقیگای بێ رەقیبی ئەو مەیلە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، بپرسین .

بێ گومان لەهەموو ئەو ولاّتانەدا کە بەم جۆرە سەرمایە روویان تێدەکات، پێویستە ریفۆرمگەلێکی دیاریکراو بکرێ . بۆ وێنە لەوانە ریفۆرمی ئەرزی، بۆ ئەوەی هێزی کاری هەرزان ئازاد کات و بازاڕ بۆ مەسرەفی کالاّی تازە بابەت بکاتەوە. یان رێفورمی حقوقی، بو ئەوەی یاسا و رێسای جێکەوتوو هەبێ و خاوەن سەرمایە بزانێ لەو ولاّتەدا بە پێی چ یاسایەك هەلّس و کەوتی لەگەلّ دەکرێت و بەو پێیە قازانج و زەرەری خۆی لێك بداتەوە، رێفورمی سیاسی، بۆ ئەوەی دەولّەتانی سەقامگیر بن و



یان سەرەڕۆیی نەکەن .

بەلاّم پرسیار ئەوەیە چی روی داوە کە ئەم پروژە ناسراوە کە تەمەنێکی دەیان سالّەی لەژیانی ئینسانی سەدەی بیستەمدا هەیەو هەمیشە لەرابوردوش دا لەناو کۆمەلّێك ووشەی جوان و بریقەداردا پێچراوەتەوە، ئەمڕۆکە وەکو مەیل و حەرەکەتێکی نوێ بو رۆژهەلاّتی ناوەڕاست پێشکەش دەکرێ؟ دەیان سالّە ئەم جۆرە گەلاّلاّنە لە دونیادا بەرێوە دەچن. رێفۆرمی ئەرزی لە ئێران و " دەروازەکانی شارستانیەتی گەورە " کە شای ئێران دەیهەویست بەرەوڕووی گەلانی ئەو ولاّتەی بکاتەوە هەر رەنگدانەوەی ئەم پرۆژەیە بوو . شۆڕشی سپی لەئێران و شۆڕشی سەوز لەپاکستان و... هەموو بەرهەمی وەها پرۆژەیەك بوون. ولاّتانی ئەمریکای لاتین کە پاوانی سەرمایەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون، بۆ " گەشەی سیاسی و کومەلاّیەتی " ئێستای خۆیان قەرزداری ئەو پروژەیەن و ئاکامەکانی دەبێ لەناوچاوانی ملیۆنها مندالّی سەرگەردانی سەر شەقامەکانداو، لەحەلّەبی ئاواکان و حەسیرئاواکانی دەوروبەری سائوپولو و ... بدۆزینەوە .

بۆ وەلاّمدانەوەی کونکرێت بەم پرسیارەی وا لەسەرەوە هاتە گوڕێ با بچینە سۆراغی یەکێك لەپسپۆرانی سیاسەت دارێژ لەئەمریکا. " پیتێر سینگێر " مودیری پروژەکانی سیاسی ئەمریکا لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئەندامی " موسسە لێکولّینەوەی " بروکینگز " وەلاّمی ئەم پرسیارە لەروانگەی شەخسی خۆیەوە ئاوا دەداتەوە : " ئەم گەلاّلّەیە رێك لەکاتێك دا دێتە گۆڕێ کە بەلّێنییەکانی ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی رێفۆرمو ئاسایش لەدونیای ئیسلامدا بە کردەوە دەر نەهاتووە و خەلّکی لێ قەوماو تەنیا ووشەی جوان بەلاّم بێ کەلّك دەبیسن ". " مارك ولّتس " کارناسی ئەمریکایی کاروباری رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەلّێ : " لەچاو پێدا خشاندنێکی سەرەتاییدا ئەو گەلاّلّەیە گەلێك ئیجابی دێتە بەر چاو بەلاّم توزێك بیرکردنەوە وامان

لێ دەکات کە ئەوەی کە دەیبینین باوەڕی پێ نەکەین ".

بەڵام من لەبەر تیشکی ئەم مەیلە گشتییە مێژوویی و کلاسیکییەدا کە لەسەرەوەتر باسم کرد دەتوانم وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە لەدوو خاڵی سەرەکیدا کورت بکەمەوە، ئەو گەلاڵەیە سەرەڕای کارکردیدیاری کراوی تەبلیغاتیەکەی لەروانگەی دەوڵەتی ئەمریکاوە ئەگەر بە کردەوە دەر بێت دەتوانێ بە دوو بەرژەوەندی دیاری کراویش خزمەت بکات:

یەکەم: دابڕینی رەوتی توندڕەوی ئیسلامی لەهەر چەشنە پێگەیەکی کومەڵایەتی.

دووهەم : رەقابەت لەگەڵ دەوڵەتانی ئۆروپایی و لەهەمان کاتدا بەدەستهێنانی هەلێك بۆ دۆزینەوەی خاڵی رێ کەوتنێکی نوێ لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز لەنێوانیاندا.

* هەر وەك باسم کرد لەنێوان وڵاتانی ئۆروپایی و ئەمریکا دا وەکو دوو ناوەندی گەورەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەئاستی جیهان، ململانێیەکی شاراوە و بە ئاشکرا لەگورێ دایە کە بە کردەوە کار دەکاتە سەر ژیان و چارەنووسی کومەلانی خەڵك لەهەموو جیهان. لەنێوان دێموکراتەکان و باڵی راستی کۆماریخوازەکان کە ئێستا لەئەمریکا لەسەر حوکمن دوو بۆچوونی کەم و زۆر جیاواز لە سەر چۆنیەتی هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ ئەم واقیعیەتەی سەرەوە هەیە . بە لای حیزبی دێموکراتەوە ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا نەیهەوێ پرۆژەکانی لەکێشەکانی ئەمڕۆی دونیادا تووشی گیروگرفتی گەورە بن ، پێویستە هاوسەنگی واقعی هێزەکان لەجیهان لەبەر چاو بگرێ و بە پێی ئەوە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەنگاو هەڵبگری. لەم رووەوە بە لایانەوە پێویستە چ لەرێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وە چ لەهەڵس وکەوتی راستەوخۆدا لەگەڵیان ، رێگا بە دەوڵەتانی ئۆروپایی بدرێ کە لەم جۆرە کێشانەدا دەورێکی زۆرتر ببینن. بە پێی ئەو بۆچوونە ئەگەر ئەو سیاسەتە رەچاو نەکرێ، بە کردەوە ئاستەنگی جیدی لەرێگای بەرێوە چوونی پرۆژەکانی ئەمریکادا دروست دەبێ



وە لەنیهایەتدا دەوڵەتی ئەمریکا زیانی تێدا دەبینێ.

بۆچوونی باڵی راستی کۆماریخوازانی نئولیبرال لە وەڵام دا ئەوەیە کە: ئەو جێگاو شوێنەی وا ئەمڕۆ ئەمریکا لەرووی ئابوورییەوە لەجیهان دا هەیەتی لەگۆڕان دایە و دەوڵەتی ئەمریکا بۆ مەحکەمکردنی جێگا پێ خۆی لەسەرکردایەتی جیهانی ئەمرۆدا _کە بە تایبەت روخانی یەکێتی سۆڤیەت ئەو هەلەی بۆ رەخساندوە ـ، ماوەیەکی زۆری لەبەر دەستدا نییەو دەبێ لەو ماوەیەدا لەرێگەی بەکارهێنانی هێزی چەکداریش بوە، هەیمەنەی تەواو و کەماڵی خوی بەسەر جیهاندا فەرز بکات. رووداوی یازدەی سیپتامبریش زەمینەیەکی لەباری بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەو سیاسەتە بۆ سازکردوون.

ناوەرۆکی گەلاڵەی " رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە " لەنێوان ئەمریکاو ئۆروپادا خۆی جێگای کێشە نییە. ناکوکییەکە لەو جێگایەدا دەردەکەوێ کە قسە لەوە دەکرێ کە هەر لایەنەی چ سەهمێکی لەبەرێوەبردنی ئەو نەخشەیەدا پێ دەبرێ؟ و دیارە ئەوەش لەهیچ شوێنێك دا نەنوسراوە .

بە کورتی بەرەو پێشچوونی سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگرەوی ئەوە دایە کە سەهمی ناوەندەکانیتری دەسەلاتی دنیا بە پێی هاوسەنگی هێزی واقیعی بە رەسمی بناسرێ، بەلام لەبیرمان نەچێتەوە کە دەسەلاتێکیتریش هەیە کە دەتوانێ و پێویستە لەجەرگەی ئەو کێشمەکێشانەدا بە شوێن بەرژەوەندی سەربەخۆی خۆیەوە بێت. ئەویش جەماوەری خەڵکی تینوی پێشکەوتن، عەدالەتو یەکسانیو ئازادیە.

* دەوڵەتی ئەمریکا وەکو زلهێزیکی ئەورۆی جیهان حەتمەن ریگایەك بە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی درێژخایەنی خۆی لەم دوو وڵاتەدا دەدوزێتەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە با ناوەندەکانی لێکولێنەوەو بیرکردنەوە، سیاسەتدارشێژەرانی ئەمریکاو پسپۆرانو یاریدەدەرانی بیدەنەوە، ئەوەی بە لای منەوە گرینگە وەلام بەم پرسیارەیە کە خەڵکی

چەوساوەو ستەملێکراو دەتوانن چ بکەن بۆ ئـەوەی کـە لەجەرگـەی ئـەو ململانـێو کێشمەکێشەی کە بە پێـی بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکا و ناوەنـدەکانیتری دەسـەڵات کەوتۆتە رێ، مافو ئازادییەکانیان لەژێر دەستو پێدا پێشێل نـەبێو رێگـای خۆیـان بەرەو رزگاری لەچەوسانەوەو لەستەم بدۆزنەوە.

ئەم ناوچەیە لەجیهان هەر بە تەنها گۆڕەپـانی ململانێـی نێـوان زلهێزەکـانو نێـوان کۆنەپەرەسـتانو قوڵـە دیکتاتۆرەکـانی ناوچـەکە نییـە، بـەڵکو هێزێکـی بـەرینی کۆمەڵایەتی تێیدا دەژی کە زەمینـەو ئیمکـانی وە خەبـەر هـاتنو هاتنـە مەیـدانی دەمێکە پێك هاتووە. ئەو هێزەیە کە دەتوانـێ بارودۆخەکە بە قازانجی بەرەی ئازادیو یەکسانیو عەدالەت تێ پەڕێنێ.

کۆمەڵانی خەڵك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست گومانی جیدییان لەسەر راستگۆیانە بوونی ناوەرۆکی ئەو نەخشەیە هەیە . خەڵکێك کە هەمیشە بە چاوی گومانەوە روانیویانەتە سیاسەتەکانی رابردووی ئەمریکا لەهەموو جیهان، جێگای خۆیەتی ئەگـەر ئەمڕۆکـە پـێش ئـەوەی کـە چـاوەڕێی پـڕۆژەی " رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە " بـن بـیر لەچارەنووسـی پـڕۆژەی ئـەمریکا لـە" رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی چـکۆلە " دا واتـە (ئەفغانستان، عێراق، فەلەستین) بکەنەوە . بە بڕوای من ئەزموونی ژیـانو مەحـەکی تەجروبە سەرئەنجام ئەوەیان پێ دەڵێ کە ئەوانیش هەر بە قەدەر رادەی هێزی ووشیارو رێکخراوو خەباتکاری خۆیان لەو ململانێیـەدا، دەسـکەوتیان دەبـێ، نـە زیـاترو نـە کەمتر.

* هەر وەکو ئاماژەتان پێ کـرد ئـایینی ئیـسلام، کـەمترین زەمینـەی ریفـۆرمی تێدایەو تا کاتێك ئایینو شەریعەت سەرچاوەی یاساو رێگاو رەسمی بەڕێوەبردنی وڵات بن، چاوەڕوانی بۆ گوڕانکاری دێموکراتیك لەو وڵاتانـەدا بـێ ئاکامـە. بـەڵام ئـەوەی لێرەدا دەم هەوێ ئاماژەی پـێ بکـەم بـە بـڕوای مـن ئـەو راسـتییەیە کـە دەوڵـەتی



ئەمریکا هەوڵ دەدات رێگا بـو جۆرێـك لەسـازانو پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ ئیـسلامی میانەرەو لەدەسـەڵات، لـە"رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە" دا بدۆزێتـەوە. بـوونی ئیسلامی سیاسـی میانـەرەو لەدەسـەڵات دا ئەگەرچـی لەگـەڵ دێمـوکراتیزە بـوونو پێکهـاتنی کـەشو هـەوای ئـازادی سیاسـی لـەو وڵاتانـە ناتەبایـە، بـەڵام لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نـەك هـەر ناتـەبا نییـە بـەڵکوو دەتـوانی لەهێورکردنـەوەی پەیوەنـدی شـێواوی موسـڵمانانو دەوڵـەتی ئەمریکاشدا دەور ببینێ . تەنیا گیروگرفت بۆ ئەو سیاسەتەی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو جۆرە دەوڵەتانەی وا لەسەر ئەو بنەمایە پێك دێن لەهەمان کاتـدا دەبـێ پێگەیـەکی کومەڵایەتی لانی کەمیان هەبێ. دەوڵەتانی لەسەر کاری ئیستای عەرەب هەر چـەندە ناوی ئیسلامیشیان بە سەرەوە بێ ناتوانن ئەو دەورە ببیـنن. جـەماوەری خـەڵك لـەم وڵاتانە ئەوان بە گەندەڵ دەزانن. ئاواتیان ئەوەیە کە رۆژێك لەرۆژان لەدەستیان رزگـار بن. بۆیە ئەگەر بو وێنە حەرەکەتێکی ئیسلامی ئۆپوزوسیۆنی میانە رەو لەهـەر کـام لـەو وڵاتانـەدا بکەوێتـە رێ دەوڵـەتی ئـەمریکا نـەك هـەر لـەدژی نابـێ بـەڵکو یارمەتیدەریشی دەبێ لەگەیشتن بە دەسەلاتدا. هـەر وەکـو چـۆن مەجلـسی ئـەعلاو حیزبـی ئەلـدەعوە پـێش روخـانی سـەدام لـە لایـەن ئـەمریکاوە بـۆ بەشـداریکردن لەدەسـەڵاتدا لـەعیراق نـاوزەد کـران. وە هـەر ئێـستاش دەوڵـەتی ئـەمریکا بـە حکومەتێکی میانەرەوی ئیسلامی لە ئێران رازییە، تەنانەت ئەگەر پێکهاتـەی وەهـا دەوڵەتێك هەر لەموحافیزەکارانێکیش بێ کە دەنگی " مەرگ بـەر ئـەمریکا " یـان بگاتە فەلەك! هەڵبەت ئەمڕۆکە گەلێك نیشانە هەیە کە نزیك بوونەوەی بە کـردەوەی موحافیزەکارانی ئێرانو ئەمریکا دەردەخەن.

بە کورتی ئەگەر ئەزموونی ئەمریکا لەعیراق سەر کەوێ، ئەوە بە واتای ئەوەیە کـە جۆرێك لە" دێموکراسی ئیسلامی " دەبێ بە نموونە بـۆ وڵاتـانیتری ناوچـەکەش. جـا

ئەگەر ئێوەش وەکو من پێتان وایە ئەم دوو ووشەیەی " دێموکراسی " و " ئیسلام " ناتەبان، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە لەوەها حالەتێك دا دێموکراسی لەم وڵاتانە ناتوانی بەرهەمی بەرەو پێشچوونی پرۆژەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بێت .

من هەڵگیرسانی شەڕێکیتر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەشێوەی شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، بە دوور دەزانم. لام وایە نە دەوڵەتی ئەمریکا دەیهەوێ ئەو بارو دۆخەی کە ئێستا لەعێراق دا لەگەڵی بەرەو روو بووە ، لە شوینێکیتر بۆی دووپات بێتەوەوە نە هیچ دەسەڵاتداریکیتری ناوچەکە دەیهەوێ سەرەڕۆیی بکاتو بە چارە نووسی سەدام گرفتار بێ.

* لەمەسەلەی ریفورمدا دەوڵەتانی دەسەڵاتداری عەرەب ئامادە نین هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵبگرن کە دەسەڵاتی سەرۆك، بنەماڵەوە یان عەشیرەتەکەیان بخاتە مەترسییەوە. هەر هەنگاوێك کە ناوی ریفۆرمی لەسەر بێت تەنیا لەچوارچێوەی سەلماندنی دەسەڵاتی ئەواندا رێگای پێ دەدرێ. ئەو حەرەکەتانەی کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد بە هیچ لەونێك شیاوی ئەوە نین ناوی ریفۆرمیان لەسەر دابنێین. ریفۆرم بە مانای ئاڵو گۆڕی بە شێنەیی لەهەلو مەرجی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا، لەم وڵاتانە تەنیا دەتوانێ بەرهەمی وەخەبەرهاتنی کۆمەڵایەتیو خەباتی راستەوخۆی جەماوەر بێت.

هیچ دەوڵەتێك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا شەرعیەتی نییە، هیچ کامیان باوەڕ پێکراوو جێگای متمانەی خەڵکی وڵاتەکەیان نین. ئەمریکاو دەوڵەتانی روژئاوا بە گشتی، کە بۆ ساڵها لەو ناوچەیەدا خاوەن دەسەڵات بوون هەوڵیان داوە لەگەڵ ئەو واقیعیەتە بسازێنو بەرژەوەندییەکانی خۆیانی لەگەڵدا رێك بخەن.

* ئەگەر چی پێکهاتنی ئاڵو گوڕ لەسنووری وڵاتانی عەرەبیدا، یەکگرتنو یان دابەشبوونی ئەم یا ئەویان لەگەڵ یەکتر، رووداوی نامومکین نین، بەڵام لەکورت ماوەدا



چاوەڕوان ناکرێن. لانی کەم دەتوانم ئەوە بڵێم کە بۆ بەرەو پێشچوونی نەخشەی " رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە " ئەوە پێویست نییە.

لەمەسەلەی گۆڕانی دەوڵەتەکانیشدا ئەگەر بەرژەوەندییەکان هەر ئابووری بوانایە بەرژەوەندی ئەمریکا ناتەباییەکی جیدی لەگەڵ مانەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر حوکمن، نەبوو. بەڵام ئەمریکا لەهەمان کاتدا دەیهەوێ زەمینەکانی پەرەگرتنی تیرۆریزمێك کە سەرچاوەکەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە لەبەین بەرێ وە ئەو دەوڵەتانەی وا ئێستا لەسەر حوکمن، هاوپەیمانێکی کار لێهاتوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە نین. بەڵام لەسەر کار لابردنی ئەو دەوڵەتانەو هێنانەسەرکاری دەوڵەتانێك کە پێگەی کۆمەڵایەتییان لەتیرۆریزمی ئیسلامی بەهێز تر بێ کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە ووتم کە لام وایە دەوڵەتی ئەمریکا بە شوێن دامەزراندنی جۆرێك لەدێموکراسی سنووردار لەچوارچێوەی ئیسلامێکی میانەرەوی سیاسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

*نەخشەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پڕاوپڕ ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە، کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە. کورد چی پێدەکرێ بۆ ئەوەی لەحاڵەتی جێبەجێ کردنیدا بە قازانجەوە دەر دەچێت؟

- ئەو پروژەیە جێبەجێ ببێت یان جێبەجێ نەبێت، لەهیچ حالەتێك دا خەڵکی کورد لەکوردستانی عێراق ناتوانێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە بە پێی مەزلووم بوونی مێژووییو یان لەرێگای پاڕانەوە لەبەر دەرگای زلهێزەکان دا دەسکەوتێك بە دەست بێنێ. ئازادی، ئاسوودەیی، مافی دیاریکردنی چارەنووس، ژیانی سەربەرزانە، ئەمانە هیچ کامیان خەڵاتێك نین کە ئەمرۆ ئامادە کرا بن کە بۆ خەڵکی کوردستانیان بە دیاری بێنن.

پێویستە لەدووپاتکردنەوەی ئەو راستییە بۆ خەڵکی کوردستان ماندوو نەبین کە نەك

هەر کاتی پشودانو حەسانەوەو کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان نەهاتووە، بەڵکوو لەم ڕۆژە هەستیارانەدا کە چارەنووسی سیاسی داهاتووی عیراقی تێدا دیاری دەکرێ، لەو کاتانەدا کە فایلی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا کراوەتەوە، هەر لەکۆنە بەعسییەکانەوە بگرە هەتا کەسایەتییە کۆنە پەرەستو کەللە وشکەکان، هەوڵ دەدەن دەستێکیان لەدەسەڵاتی داهاتووی ئەو وڵاتە داگیر بێت، کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەو ستەملێکراوی کوردستان تەنیا لەرێگای حوزووری چالاکانەی خۆیان لەمەیدانی خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتی پێشرەودا، بە وشیاریو بە ڕێکخراوی، دەتوانن هیوایان بە گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێو هاوسەنگی هێز بە قازانجی خویان بگۆڕنو ئازادی بڕیاردان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عیراق دا وە یان جیا بوونەوەو پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆوە دەست بێنن، دەتوانن هیوادار بن کە لەچوارچێوەی کوردستانیش دا لەژیانێکی ئازادو ئاسوودەتر بەهرەمەند دەبن. چاوەڕوان دانیشتن بۆ ئەوەی زلهێزەکانو دەسەڵاتداران لەئاکامی گوفتوگۆکانو ڕێکەوتنەکانیان ئاگادارمان کەن، غەیری پەرەگرتنی هەستی رووخێنەری رەنج بە خەساریو بێ هیوایيو بێ ئاسویی، هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

جموجولێکی سیاسی چڕوپڕی رەسەنو ڕێکخراو، پشت ئەستوور بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، دانەبڕاو لەخەباتی ئازادیخوازانەو پێشکەوتنخوازانە لەدنیا لەکوردستانی عیراق، بێگومان پشتیوانی خەباتی خەڵکی باقی بەشەکانی تری کوردستانیش بەرەو لای خۆی رادەکێشی. ئەوە ئارەزوویەکی شیرینو خەیاڵاوی نییە بەڵکو هەموو ئەزموونی ژیانی ئەو سەردەمە هەر ئەوەمان پێ دەڵێ.

لەوەها حاڵەتێکدایە کە خەڵکی کورد دەتوانێ نەچێتە ژێر دەستی دەسەڵاتێکی کۆنە پەرەست کە لەهەرەتی بێ هێزیش دا ددان لەخەڵکی کوردستان تیژ دەکاتەوە، بەڵام وەها بڕیارێك ناتوانێ لە لایەن خەڵکێکەوە بدرێت کە لەو ساڵانەی هەستیاری چارەنووسسازەدا چاوەڕوانی پروژەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە"ی دەستکردی ئۆروپاو ئەمریکا بنو دەستەوەستان لەماڵەوە دانیشتن.





**مامۆستا مەحەمەد رەئوف**

بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە کۆنەو کاری زۆریشی بۆ کراوە، سەرەتا ئەم پرۆژەیە بەناوی (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) خرایە ڕوو کاری لەسەر کراو ئەو وڵاتانەی دەیگرتەوە بریتی بوون لە(تورکیا، ئیسرائیل، میسر، ئوردن، کەنداو) وەك چەند دەوڵەتێکی بنەڕەتی لەناوچەکەداو، پرۆژەکە دوو رەهەندی سەرەکیی هەبوو، کە بریتی بوون لەپێکەوەبەستنی ئەم چەند وڵاتە لەبازارێکی هاوبەشداو هەریەکەیان بەتایبەتمەندی خۆی بەشداریبکاتو رەهەندی دووەمی سیاسی ئیداری بوو، بۆ بەرجەستەکردنو پیادەکردنی ئەم پرۆژەیە کۆمەڵە هەنگاوێك نرا، وەك هەنگاوەکانی سیاسەتی **(تطبیع)** واتە ئاسایی کردنەوەی قەوارەی ئیسرائیل لەئوسلۆو مەدریدو، پێش ئەمانەش هەنگاوی ئاشتی مسرو ئیسرائیل لەپرۆسەی کامپ دیڤیددا ساڵی ١٩٧٨، بەڵام زۆربەی ئاشکرا نەکراو لەگەڵ هەڵچوونی باری ئەمنیو نائارامی فەلەستینو شکستی پرۆسەی ئاشتی عەرەب ـ ئیسرائیلو گەرمبوونی حاڵەتی عێراقو هاتنەکایەی سیاسەتی **(الاحتواء المزدوج)**ی ئەمریکی بۆ ئێران ـ عیراقو دواگۆڕانکارییەکانی دەسەڵاتو سیستمی دەسەڵات لەگەڵ تورکیاو ساردوگەرمی سیاسەتی ئەمریکی لەگەڵ میسرداو هەموو ئەمانە بوونە هۆی دواخستنی پرۆژەکە،

بەڵام ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ پرۆژەکە وەك هەنگاوی بنەڕەتی ماونەتەوەو دەستیان لێ هەڵنەگیراوە.

ئەمجارەیان ئەمریکا بە ئاشکراو، لە دووتوێی پرۆژەیەکی تاوتوێ کراو کە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت کەلەسەر هەموو ئەو وڵاتانە کراوەو خراونەتە ناو پرۆژەکەوە، بەتایبەت ئەو دوو راپۆرتەی (UN) پەسەندی کردووەو بڵاوی کردەوە، لەسەر بواری (گەشەی مرۆیی عەرەبی)، ئەم دوو راپۆرتە پڕاوپڕ قسە لەسەر ئەو بوارو کایانە دەکات کە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەیەوێت چارەسەریان بکاتو هەموو کەمو کوڕیو پێداویستییەکانی تێداتۆمارکراوەو هەر هاوڵاتییەکی سادەش ئاگاداربێت لە ناوەڕۆکی ئەو دوو ڕاپۆرتە زۆر بەپێویستی دەبینێت کە پرۆژەیەکی ڕیفۆرمی گشتگیرو جددی بێتەکایەوەو، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم سیستمانەی دەسەڵاتی ئەمڕۆ ئەم عەقڵو سەرکردانەی عەرەبی ئەمڕۆ توانای ئەو گۆڕانەیان نییە ..

لێرەوە دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکان:

* ئەم پرسیارە دوو بڕگەی سەرەکیو لەیەك جیای لەخۆگرتووە، یەکەمیان لەکاتێکدا پرۆژەکە هەموو کەموکورتییەکانی ئەو وڵاتانەی خستوەتە روو بۆ هەشت ووڵاتە گەورەکەو لەهەمان کاتدا بۆ وڵاتەکان خۆشیان ناکرێتو ناگونجێت هیچ کەسێك لەم سەردەمەدا بەنەخێر وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوەو بڵێت ڕیفۆرمی گشتگیر پێویست ناکات، ئەگەر بەوردی هەردوو (راپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبی) ساڵی ٢٠٠٢ ـ ٢٠٠٣ بخوێنیتەوە سەرسام دەبیت لەو هەموو گەندەڵی ئیداریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو زانستیو مەعریفییەی کەتەشەنەی کردووەو تەنها چارەسەریش پرۆژەیەکی ریفۆرمی گشتگیری ڕیشەییە، کە هەموو ئامادەباشییەکی ناوخۆیی بۆ سازکرێتو عەقڵو تەکنۆلۆژیای ئەو وڵاتە گەورانەش هاوکارو یارمەتیدەربن.



ئەوەش پێویستە بەهەندبگرین کەئەمریکا راشکاوانە بەو هەشت دەوڵەتە گەورە دەڵێت ئەگەر هەرچی زووتر ئێمە دەست نەدەینە ئەم پرۆژەیەو شەریكو هاوکار نەبین، بێگومان چەند ساڵێکی تر بەهۆی کۆچی بەکۆمەڵی نایاسایی خەڵکانی ئەو وڵاتانەوە کەلەبەر دواکەوتووییو باری نائاسایی سیاسی کۆچ دەکەن بەرەو رۆژئاوا، ئەوکاتە جگەلەوەی فرسەتێکی گەورە دوادەخەینو لەدەستی دەدەین، لەهەمان کاتدا پێویستە خەمێکی جددی لەئەورووپا بخۆین.

ئەگەر بۆ ئەم ترسە پێشبینیکراوەی ئەمریکا تەنها ئاماژە بەیەك توێژ بکەین کە کۆچی کردووە بۆ ئەورووپا، دەرئەنجامێکی ترسناکمان بۆ دەردەکەوێت لەلایەك بۆ وڵاتە عەرەبییەکان خۆیانو لەلایەکیتر بۆ ئەورووپای ئایندەش، لە(بیان صحفی) ژمارە/٨ی راپۆرتی گەشەی مرۆیی ساڵی ٢٠٠٣دا دەڵێت (لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٨ ـ ٢٠٠٠دا زیاتر لە ١٥,٠٠٠ پانزە هەزار پزیشکی عەرەبی کۆچی کردووە بۆ رۆژئاوا) ئەم کۆچە رێژەیەکی کەمی سیاسییەو هەندێکی کەمیشی ئابوورییەو زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی حاڵەتی گەشەیی زانستیو نەبوونی زانیاری نوێ لەو بوارەداو گرنگی نەدانی ئەو وڵاتانە بە کەرەسەکانی تەکنولۆژیای سەردەم لەبواری پزیشکیو چارەسەرو خوێندن لەو بوارەدا، ئەگەر ئەوە حاڵی تیروتەسەلترین چینی کۆمەڵگابێت، ئەی دەبێت حاڵی هەژارەکانو نەخوێندەوارەکانو سیاسیو تەوژمەکانی ئۆپۆزسیون چۆن بێت کە هەمان راپۆرتی عەرەبی لە (بیان صحفی) ژمارە(یەك)دا دەڵێت: (رژێمە عەرەبییەکان لەپاڵ شەڕی دژبە تیرۆردا پاساوی قەڵاچۆکردن سازدەکەنو رۆچوون لەپوکانەوەو سیسکردنی ئازادییەکاندا بەناوی پاراستنی ئەمنو ئاسایشەوە..).

بۆیە دەڵێم هەموو مرۆڤێکی چاوکراوەو ئازادیخوازو ریفورمخواز داوای هەرچی زووتر دەستبەکاربوون دەکاتو نەك هەرکاتی ریفۆرمێکی گشتگیر هاتووە، بەڵکو چەندان

ساڵ ئەم ناوچەیە دواکەوتووەو دەبێت هێزە ریفورمخوازەکان فریای هەرچی زووتری ناوچەکەو ئایندەی ناوچەکە بکەون، ئەگینا خراپتر لە رێدایە.

برگەی دووەمی پرسیارەکەش کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی ئەمریکاوە هەیە: نابێت کەس نکولی لەوەبکات کە ئەمریکاش هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتیو ئەگەر جاران هەوڵی ئەوەی دابێت لەجەنگی سارددا نەیدۆڕێنێتو براوەبێتو دۆستی لەهەموو جێگایەك هەبێو لەهەموو هێزێك بەهێزترو دەوڵەمەند تربێت، ئەوا ئێستاکە دونیای بۆ یەکلایی بوەتەوەو دەیەوێت سیستمی یەکجەمسەری بچەسپێنێتو سەدەی داهاتوو سەدەی خۆی بێت، بێگومان لەم حاڵەتەدا لەهەموو جموجوڵێکدا حسابی بەرژەوەندیە ستراتیژییەکانی دەکاتو هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ کە ئەگەرەکانی دوو جەمسەریو فرەجەمسەری نەیەتەوە کایە، قورسایی ئەم(٢٧) دەوڵەتەش کە لەچەند خاڵێکی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر بەتەواوی مسۆگەر ببێت، ئەوکاتە ئەمریکا یەکجەمسەریەکەو کوێخایەتییەکەی دونیا دەستەبەر دەکات، لەو خاڵە گرنگانەی ئەم ناوچەیە ئەمانەی لای خوارەوەن:

- سامانێکی مرۆیی گەورە کەلە ٦٠٠ ملیۆن کەس تێ دەپەڕێتو گەورەترین بازاڕی ساغکردنەوەی شمەکە.

- دەستەبەرکردنی ئەمنی ئیسرائیلو یەکلایی کردنەوەی کێشەی عەرەب ئیسرائیل.

- دەستەبەرکردنی نەوتی کەنداو دەریای خەزەر بۆ چەندەها ساڵیتر.

- کۆنترۆڵکردنی ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی ئیرهابو توندوتیژی کەهەمیشە زەمینەی سازو لەبارە لەم ناوچەیەدا.

- کۆنترۆڵکردنی هێزی ناوکی (ئتۆمی) پاکستانو ئەگەری ئێرانو ڕەواندنەوەی ترسی ئیسرائیل.



- ئەگەر بەتەواوی بتوانێت ئەو هەشت دەوڵەتە گەورەیە لەپرۆژەیەکی گەورەی گشتگیردا هاوبەش کاتو کۆکاتەوە لەم ناوچەیەدا، ئەوکاتە بەئاسانی سەرکردایەتی هەموویان دەکاتو سەرقاڵیان دەکات بۆ نزیکەی ٢٠ ساڵ، چونکە پرۆژەیەکی ریفۆرمی گشتگیرو ڕیشەدار ئەگەر لەخاڵی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە دەستکاری سستمی دەسەڵاتو گەشەی ئابووری..پێگەی ئافرەت لەهەموو دامودەزگاکانی ژیانو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی راستو دروست لەسەر بنەڕەتی مەعریفەیەکی پێشکەوتوو .. هتد، هەموو ئەمانە کات زۆرو میکانیزمی گونجاوو لەباری دەوێت.

لەوەڵامی ئەم پرسیارە وای بۆ دەچم کە ناتوانن هەموو پرۆژەکە ڕەتبکەنەوە لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر:

١- وڵاتە ئەوروپییەکان پرۆژەیەکی دیکەیان هەیەو چەند وەختە کاری لەسەر دەکەن بەناوی (**الشراكة الاوربية المتوسطية**)و رەهەندی سەرەکیی ئابوورییەو کەمتر بواری سیاسیو ئەمنیو مەعریفی لەخۆی گرتووە یان هەر نییە، بۆیە دەکرێت لەم رووەوە یەکبگرنەوەو بەرژەوەندییەکان یەکانگیربن..

٢-بیرۆکەی پرۆژەکە وا فۆرمەڵە کراوە بەرژەوەندی هەشت وڵاتەکەی تێدا خوێنراوەتەوەو ئەمریکاش وەك وڵاتێك دیارەو دەردەکەوێت.

٣-ئامانجەکانی راپۆرتەکەی (UN) بەشێوەیەك داڕێژراوە هەموو دەوڵەتەکانو بەتایبەت ئەو هەشت دەوڵەتە دەخاتە بەردەم بەرپرسیاری بەرانبەر ناوچەکە، کە بریتییە لە:

چارەسەرکردنی حاڵەتی گەشەی مرۆیی لەوڵاتە عەرەبیەکاندا، کە بەستراوە بەسێ بوارەوە:

أ) هاندان لەسەر دیموکراسیەتو دەسەڵاتی گونجاوو دروست.

ب) بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەعریفی (خوێندەوارو چاوکراوە).

ج) فراوانکردنی هەلی ئابووری.

١- هەڵچونو رەشبینییەکی زۆرو بەرچاو سەری هەڵداوە بەرانبەر بەخۆرئاواو پێویستی بە چارەسەر هەیەو ئەوەش زەرەری تەنها بۆ ئەمریکا نییە، بەڵکو بۆ ئەوانیشەو دەبێت لایەکی جددی لیٚ بکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێم وایە هەموو ئەو دەوڵەتانە بەشی ئایندەی تێدا دەهێڵنەوەو بەتایبەت (روسیاو چینو فەرەنسا) هۆکاری مل نەدانی ئەو سیٚ دەوڵەتەش ئەوەیە کە: روس دوژمنی یەکەمی ئەمریکایەو چین لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەرگای دونیای بەڕووی خۆیدا داخستووەو سیاسەتی (**عدم التدخل في السياسات الاقلمية والدولية**)ی پیادەکردووەو فەرەنساش لە زەمانی دیگۆلەوە پەیامی فرەجەمسەری بەرزکردۆتەوەو بەیەك جەمسەری رازی نییە.

* پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە ئەزموونی دەستکاریکردنی وڵاتانەوەو لەئەفغانستانو عیراقدا بەرجەستە بوو، وەتا ئەمڕۆش دەرئەنجامی وای لیٚ نەکەوتەوە کە گەلانی وڵاتەکانی دڵخۆش کات، من پێم وایە ئەمریکا بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو هەشت وڵاتەکە دڵخۆش کاتو متمانە بۆ ئەوانو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەستەبەر بکات، پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێت:

١-لەم دوو وڵاتەدا زۆر بە ئارام بێتو پەلەنەکاتو بەجێی نەهێڵێت ئەگینا هەنگاوی دیکەی بەدوادا نایەت.

٢-ئەگەر بەهێزی فرە رەگەزیش هەندێك جێگا کۆنترۆڵ بکات پێویستە خۆی سەرکردایەتی بکاتو بەخشینی ماددیو مەعنەوی زیاتر بەرخۆی بکەوێت.

٣- پێویستە لەگەڵ هێزە نیشتمانیو ریفۆرمخوازەکاندا بەتەواوی رێکەوێتو پانتایی هەڵمەتی دژبە ئیرهاب کەمو چڕکاتەوە.



٤- لەهەردوو رووی سیاسیو ئابوورییەوە هەرچیی کردووە گرنگییەکی باش بدات بە عێراقو ئەفغانستان.

٥- هاوکات لەگەڵ چارەسەری کیشەی عێراقو ئەفغانستان بەهەر نرخێك بووە کێشەی فەلەستینییەکان چارەسەر بکاتو دەوڵەتێکی گونجاوو شیاو پێك بهێنێت بۆیانو هەندێك مەرج بسەپێنێت بەسەر ئیسرائیلداو دەوڵەتی ئایندەی فەلەستین بۆ هەموو فەلەستینیەکان بێت بە عەلمانیو ئیسلامییەوە بۆ ئەوەی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی راپەڕین نەمێنێت.

* بەزۆری پرۆژەکە جەخت لەسەر گۆڕان لەوڵاتە عەرەبیەکاندا دەکات، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانەی کەخودی کۆمەڵگای عەرەبیو ئاینی ئیسلام کەمترین زەمینەی ریفۆرمیان تێدایە، ئاستەنگەکانی ئەو پرۆژەیە لەجیهانی عەرەبیدا خۆی لەچیدا دەبینێتەوە، ئایا لەداهاتوودا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکە شاهیدی شەڕی تر دەبین؟

پێویستە تیشك بخەینە سەر چەند مەبەستو ئاماژەیەك کەلە پرسیارەکەدا هاتووەو راشکاوانە لەسەریان بوەستن:

سەرەتا من تەسلیمی ئەوە نابم، خۆم بیٚ ئومێد ناکەم کەبڵێم کۆمەڵگای عەرەبیو ئایینی ئیسلام کەمترین زەمینەی ریفۆرمی تێدایە، بەڵکو راستتر ئەوەیە کەهیچ هەوڵێکی جددی تائێستا نەدراوە بۆ ریفۆرم لەجیهانی عەربیداو هەموو پرۆژەکانی بلۆکی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی جارانو بەدرێژایی نیوسەدە بریتی بوو لەپشتگرتنو یارمەتیدانی سیستمی دەسەڵاتی تاکڕەوو شۆڤینیزمو ئایدۆلۆژیو بەهیچ جۆرێك پشتی جولانەوەی ئازادیخوازی خەڵكو بەرنامەو پرۆژەی ریفۆرمخوازەکان نەگیراوەو ئەمڕۆش درۆینەی ئەوە دەکرێت کەدوێنیٚ چێنراوە.

بەنسبەت خودی ئایینی ئیسلامیشەوە، ئەوەش ستەمێکی ترە لەئیسلام ئەگەر وا بخوێنرێتەوە کەزەمینەی ریفۆرمی تێدانییەو وێنای ئیسلام بکرێت لەبیرکردنەوەو هەوڵسوکەوتی کۆمەڵێك بزوتنەوەو جموجوڵی رادیکالی بەناو ئیسلامیەوە، کەخاوەنی هیچ پرۆژەیەك نین، بۆ راستی ئەم ئاماژە کورتە دەربارەی ئیسلامو تێگەیشتنی دروستو گرنگی (مقاصدی دین) لەبڕگەی پێنجی (بیان صحفی) ژمارە (١١) کەتەرخانکراوە بۆ باسکردن لەپێنج پایەی سەرەکی بۆ پێکهێنانی (کۆمەڵگەی مەعریفە) لەولاتە عەرەبیەکاندا، بەراشکاوانە جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکاتەوە.

ئێستا دێمە سەر ئاستەنگەکانی پرۆژەکە لەجیهانی عەرەبیدا:

١- رەشبینی خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بەرانبەر ئەمریکاو رۆژئاواو هۆکارەکەش سێ خاڵی سەرەکییە: یەکەمیان: کێشەی عەرەب ئیسرائیلو هەڵوێستی دوو پێوەری ئەمریکا. دووەمیان: پشتگیری ئەمریکاو رۆژئاوا لەدەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان. سێیەمیان: کاری زۆر لەسەر ئەوە کراوە کەئەمریکا دژ بە دینو بەهاکان (قیم)و ژیاری ئیسلامییەو تەمەنی ئەم هەوڵەش کۆنەو چەندەی بزوتنەوە ئیسلامیەکان کردوویانە، زیاتر لەوە دەرئەنجامەکانی جەنگی ساردەو هەندێك ولاتی عەرەبیش وەك چەکێك بەکاری هێناوە.

٢- خەڵك لەولاتە عەرەبیەکاندا بێ ئومێد بوون لەهەوڵەکانی ریفۆرمو گۆڕانکاریی، لەبەر ئەوەی دەیانساڵە هیچ پرۆژەیەکی سەرکەوتوویان نەدیوە، نەسیاسی نەئابووری، هەموو هەوڵە ناوخۆییەکان نەك هەر نەزۆك بوون بەڵکو دەستبڕو دەستخەڕۆکەریش بوون، ئەوە (بازاڕی عەرەبی هاوبەش)و ئەوە (جامیعەی دەوڵەتە عەرەبیەکان)و ئەوە دەیان گۆنگرەی هاوبەشی ئابووریو زانستیو سیاسیو رۆشنبیریو هەمووی لەشیعاراتو قسەی بێ ناوەڕۆکو دوور لەهەموو ئامارو پلانو ئیلتزاماتێك بەرێکراونو رۆژ لەدوای رۆژ رادەی هەژاریو دواکەوتوویی زانستیو مەعریفی



بەرزدەبێتەوەو رژێمەکانیش گورزەکانیان لەسەر خەڵك قورستر دەکەنو پێشکەوتوترین دەزگاو وەزارەت، دەزگاکانی ئەمنو ئاسایشە لەولاتە عەرەبیەکاندا.

٣- ریفۆرم ئەگەر رووبەدەسەڵاتو سیستمی دەسەڵات بێت، ئەوکاتە رژێمەکان بێ بەزەییانە جەماوەر دۆگما دەکەنو بەناوی ئەمنی قەومیو پاراستنی کۆمەڵگەی عەرەبیو ئیسلامیو رەسەنایەتیو هتد.. خەڵك بەکار دەهێننو دەیکەن بەگژ هەنگاوەکانی پرۆژەی ریفۆرمداو ئەمەش ئەمڕۆ لەعیراقدا بەرجەستە بووەو، بە ئاشکرا دیارە حەزدەکەن ئەمریکا شکست بێنێتو بگەڕێتەوە دواوە دەرئەنجامیش کەمسۆگەرە جەنگی ناوخۆی لێ دەکەوێتەوەو بە هەزارەها خەڵك دەکوژرێتو ئەگەری پارچە پارچەبوونی عێراقیش تاکە چارەسەر دەبێت، چونکە دوای کۆمەڵە شەڕێکی دینیو مەزهەبیو تایەفەگەریو نەتەوەیی چیتر دەمێنێتەوە عیراقو خەڵکە هەمە چەشنەکەی بەیەکەوە ببەستێتەوە کەهەر هەمووی بەبیانووە بۆ یەکتر.

٤- دواکەوتوییو کەم خوێندەواریو نەبوونی هۆشیاری لەناو خەڵکی ئەمولاتانەدا کۆسپێکی گەورەیەو هێشتا زۆرینەی خەڵك بە گوتاری عاتیفی زیاتر گەرم دەبێت تا گوتاری عەقلانیو واقیعی، ئەمەش کاری زۆری دەوێتو دەبێت پێش وەخت کاری بۆ بکرێت.

بۆ بڕگەی دووەمی پرسیارەکەش..

پێم وایە بۆ ئەگەرو سەرهەڵدانی شەڕی تر وەك ئەوەی رویدا لەئەفغانستانو عیراقدا دوورە، لەبەر ئەوەی کەئەمریکا پێناچێت بەهێرشی سەربازی بیەوێت ئەم پرۆژە گەورەو گرانە بچەسپێنێت، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی ترەوە ئەگەر لەعیراقدا سەرکەوتووبێتو لەماوەی ١٠ ساڵی ئایندەدا عیراقێکی ئارامو پێشکەوتوو لەهەموو بوارەکاندا کەلەبەرنامەی ریفۆرمی گشتگیردا هاتووە ببینرێت، ئەو کاتە زەمەن لەبەردەم هەوڵەکەدا زۆر کورتدەبێتەوەو، هیچ پێویست بە شەڕ ناکات.

جگەلەوە وادەبینم کەئەمریکا لەعێراقدا کۆتایی بەجەنگی تیرۆر دێنێتو دەستەو تاقمەکانیانو هەرچییەك هەیەو نییە دەیهێنێتە ناو گۆڕەپانی جەنگی عێراقەوەو لێرە شەڕەکە تەواودەکات.

* وادەزانم هەتا ئێستا نەیانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی سەرکەوتوو بنێنو لەدوورو نزیك پەیوەندی بە ریفورمەوە هەبێت نەلەسیستمی دەسەڵاتدا نەلەئابووریو گەشەی ئابووریدا، نەلە مەعریفەو زانستدا، نەلە ئازادیو باسی ئافرەتدا، خۆ ئەگەر هەنگاوێکیان نابێت یان لەترسی هەڕەشەکانی ئەمریکا بووە، وەك هەنگاوەکەی لیبیا بۆ تەسلیمکردنی پرۆژە ناوکییەکەیو دەستکاری هەندێك بەرنامەی خوێندنی سعودیو هەنگاوە سیاسیەکەی میسرو هتد، یان بۆ چەواشەکردنی جەماوەربووە هیچ لەو هەنگاوو بڕیارانە زاتی نییەو دەرئەنجامی قەناعەتو پێشکەوتن نییە، لەلایەکی دیکەوە ریفۆرمی دروست پشت دەبەستێت بە چەند رەگەزێکی بنەڕەتی لەوانە:

١- سیستمێکی دەسەڵاتی گونجاو کەخەڵك دەنگی پێ بداتو هاووڵاتی بەمولّکی خۆی بزانێتو مافو ئازادیەکانی هاووڵاتیو هاوڵاتیبوون بپارێزێت، کەئەم شێوازە لەووڵاتی عەرەبیدا نییە.

٢- ئابوورییەکی بەهێزو بوونی سیستمێکی ئابووری زانستی کەبتوانێت دەرامەتی دەوڵەتو دەرامەتی تاك بەرەو گەشەسەندن بەرێت.

٣- بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو گونجاو کەزیاتر بەرجەستەبێت لەکۆمەڵێك دەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی ئازاددا کەبتوانێت کاریگەری تەواوی لەسەر حکومەت هەبێتو قەناعەتیش بۆ هاووڵاتی دروست بکات، ئەم حاڵەتە مەدەنیەش لەوڵاتە عەرەبیەکاندا نییە.

*لەحاڵەتی جێبەجێبوونی پرۆژەکەدا، ئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییانە چین کەپێشبینی دەکرێ لەناوچەکەدا روودەن؟



ئەگەر بە ووردی سەرنجی دەقی پرۆژەکە بدەین ئەوەی لێ ناخوێنرێتەوە کەئەگەری گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی هەبێت بە تایبەت لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا بەڵکو ئەوەی کەبە زەقی دەخوێنرێتەوەو جەختی لەسەر دەکاتەوە بریتییە لەگۆڕانکاری لەسیستمی دەسەڵاتو هێنانەکایەی دیموکراتیو دامەزراندنی دەزگاو پێگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گرنگیدانی گونجاو بە ئافرەتو بە دەزگا(موئەسەسە)کردنی دەسەڵاتو لاوازکردنی شۆڤینیەتو دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیا.

بەڵام شێوازی سیستمی دەسەڵات ئەگەری گۆڕانکاری زۆرە لەناو هەندێك لەم دەوڵەتانەدا بەحوکمی پێکهاتەی نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبی جیاجیا وەك عیراقو سودانو ئێرانو جەزائیرو تورکیاو سوریا، گونجاوترین گۆڕانکاریش هاتنەکایەی جۆرێك لەفیدراڵیەتە.

لەحاڵەتی جێگیربوونی ناوچەکەو پێشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو مەعریفی بەپێی پرۆژەکە ئەگەری ئەوە هەیە کەسیستمی فیدراڵیەت وەك (اتحاد اختیاری) بێتە کایەوە، بە تایبەت لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کەبەیەك دەخۆنو لەزۆر رووەوە لەیەك نزیکن، هەروەها ئەگەری هاتنەکایەی کۆنفدرالیش هەیە بۆ هەندێکی دیکەیانو هەندێك گرفتیشی پێ چارەسەر دەکرێت، وەك دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆنفیدرالی لەنێوان ئەردەنو ئەو دەوڵەتەی کەبۆ فەلەستین دروستدەکرێت یان لەنێوان سوریاو لوبنان.

* پێم باشە ئەم پرسیارە بەهەندبگرینو هەموو سیاسەتمەدارو رۆشنبیرێکی ئەم گەلە قسەی لەسەر بکەنو بەجددی وەریبگرین..

سەرەتا من لەگەڵ ئەوەم کەجێبەجێکردنی پرۆژەکە لەناوەوە دەست پێ دەکاتو رادەی پێشکەوتنی هەریەك لەو ٢٧ دەوڵەتەی پرۆژەکە دەیگرێتەوە بەستراوە بە

هەرچی زووتر دەستکاریکردنی ناوخۆوە، مەرجیش نییە هەموو دەوڵەتەکان وەك یەكو لەیەك کاتی دیاریکراودا پێشکەونو (استیعابی) پرۆژەکەو ڕەهەندەکانی بکەن.

کورد هەلومەرجێکی زۆر گونجاوو لەباری بۆ رەخساوەو هەموو پرۆژەکە خزمەت بەگەلی کورد دەکاتو هیچ دەوڵەتو سەروەریەکی سیاسی نییە تا لەکیسی بچێتو هەر حاڵەتێکی ریفۆرمیش بێتەکایەوە لەو دەوڵەتانەدا هەمووی بە قازانجی کوردە.

وەها باشترە لەبری ئەوەی بڵێین کورد چی پێ دەکرێت بڵێین کورد چی بکات باشە بۆ ئەوەی بەقازانجەوە دەرچێت؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەم پێشنیارانەم دەخەمەڕوو:

١-لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا سیاسەتمەدارانو رۆشنبیران بەجددیو چالاکانە دەست بکەن بەدامەزراندنو پێکهێنانی رێکخراوەی ریفۆرمخوازو هەر هەنگاوێکی ریفۆرمی لەوڵاتەکەیاندا هەبوو پشتگیری لێبکەنو سوودی لێوەرگرن.

٢- چالاکی رۆشنبیریو روناکبیری ئەنجامبدەنو جەماوەر هۆشیارکەنەوەو هەستێکی ریفورمخوازانەیان بۆ دروستبکەنو ئاگاداریان بکەنەوە لەئەگەرە سیاسیەکانو مافەکانیان.

٣- لاوانی کورد هانبدرێن لەسەر خوێندنو پسپۆڕیو خۆسازدان بۆ ئاییندە.

٤- سوودی باش وەرگیرێت لەهەموو کوردەکانی هەندەرانو ئەو سۆزە نەتەوایەتییەی هەیانە (تەوزیف)کرێتو رێکبخرێت بۆ خزمەتی ئەمڕۆو ئەگەرەکانی ئایندە.

بەڵام بۆ کوردستانی باشوور پێشنیارو تێبینی تایبەتی دیکەم هەیە:

١- ئێمە لەقۆناغی (عملی)و پراکتیك داینو ١٢ ساڵمان بەڕێ کردووەو ئەزمونێکمان بۆ دروست بووەو پێویستە هەنگاوو بیرکردنەوەکانمان بە جۆرێکی ترو پێشکەوتوو تربێت.



٢- پێویستە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ئایندەدا هەنگاوێکی جددیو بوێرانە بنێینو پرۆسەکە بەشێوازێك ئەنجام بدەین کەئازادیو مافی مرۆڤو مافی ژنانو دیموکراسی بەتەواوی تێدا بەرجەستە ببێتو پەرلەمان ببێتە پەرلەمانی هەموو دەنگو رەنگەکانو هەموو هاووڵاتییەك نوێنەرەکانی بەشەرعی بزانێتو بکرێتە پێگەی یەکەمو سەرەکی ئەمنی قەومیمانو بەم شێوازە دەبینە نموونە لەناوچەکەدا.

٣-پێ داگرتن لەسەر ئەم سیاسەتە ژیرانەو عەقڵانیەی کەئێستا کورد پیادەی دەکات لەمەسەلەی عێراقو کێشە ئاڵۆزەکانیداو بەمەش متمانەیەکی باش بەدەست دەهێنین لەسەر هەموو ئاستەکان.

٤-دەبێت هەموو کوردێكو هەرکەسیش هاوڵاتییە لەکوردستاندا بەشداری جددی بکات لەپاراستنی باری ئەمنیو ئاسایشی کوردستانداو نابێت بەهیچ شێوازێك رێگە بدرێت بە دروستبوونو سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژیو تیرۆر، چونکە هەموو ئەزموونەکەو خەونەکانمان لەباردەبات.

٥-گەشەپێدانی باری رۆشنبیری لەکوردستانداو رەخساندنی فەزایەکی ئازاد تر .

* ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان



**خالید سلێمان**

* هەرقسەکردنێك لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بەپێداچوونەوە بەڕابوردووی هەمان سیاسەتدا هەیە کەتاماوەیەکی نزیك لەبازنەی بێدەنگییەکی ترسناکدابوو. بەشێوەیەکی تر جۆرێك بوو لەدەست نیشانکردنی بەرژەوەندییەکان لەسەر ڕۆشنای کولتووره یەکلاگیرەکانی تۆتالیتاریزم کەئێستا بوونەتە گرفتێکی لەبنەهاتوو لەبەردەم خەونە ئەمریکییەکاندا.

لەڕابردوودا ئەم سیاسەتە بریتیبوو لەگەڕان بەدووای بازاڕو هاوپەیمانێتیدا بەهەر نرخێكو لەسەر جەستەی نەتەوەو گروپە کۆمەڵایەتیو ئیتنیە بێهێزەکان. هەر لەساڵی ١٩٨٧دا بوو کە وەزیری بەرگری ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا " دۆناڵد ڕامسفێلد " سەردانی بەغدای کردو کۆنترای فرۆشتنی زیاتر لە٦٧ فڕۆکەی بەو ڕژێمە ئیمزاکرد. جێگای وەبیرهێنانەوەشە کەئەو فڕۆکانە بەنیازی بەکارهێنان لەبواری کشتوکاڵیدا فرۆشرانو ڕژێمی عێراق لەپاکتاوکردنی نەژادیدا دژی گەلی کورد بەکاری هێنا، ئەمریکاش ئاگای لەم کارە هەبوو، بەڵام بێدەنگ بوو.



بەپێی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئەو کاتەو بێدەنگییەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاواو زانیارییە شاراوەکانیان، ڕژێمی بەعس لەسەرەتای پراکتیزەکردنی پرۆژەکانی " ژینۆسید " بوو لەکوردستاندا. ئەمە نموونەیەکە لەڕابردووی ئەو سیاسەتەی کەئێستا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەرداهاتووەو بازنەی ئیشکردنەکانی فراوانتر دەکاتەوە. لەڕووانگەی ئەم بەفراوانکردنەشەوە کەڕووبەرەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەتەواوەتی دەگرێتەوەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوەتی دەگرێتەوەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی، وڵاتەیکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بەسەرمایەیەکی نوێ هەیە بۆ مۆراڵێکردنی پرۆژە سیاسیو کولتوورییەکانی لەجیهاندا. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کەچی دی دەسبەسەراگرتنی بازاڕی نەوتو چەك دابینی لایەنێکی کەمی بەرژەوەندییەکان نەبێت ناکات لەدونیای ناسنامەبکوژەکاندا " بەیارمەتی ئەمین مەعلوف ". چونکە بازاڕە ئابوورییەکان وا دەردەخەن کەبەردەوامبوونو تەشەنەکردن لەپاڵ نائارامیو هێرشی کولتووره داخراوەکاندا وەك ئەوەی لەوڵاتە عەرەبییەکانو ئیسلامییەکاندا هەنو مۆدێرنەو پێگەکانی دەخەنەژێر مەترسیو ناسەقامگیرییەوە کارێکی پڕمەترسییە. لەپاڵ ئەمەشدا هەر ئەو کولتوورو یاساو ڕێسا ئاینیو خەیاڵە سیاسییە میللیانەی کە بەشێکن لەبنەماکانی دەوڵەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا بوونەتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لێرەوە ئەمریکا ئەیەوێ بخزێتە نێو پانتاییەکانی کۆمەڵەوە دووای بێئومێدبوون لەنموونەی پرۆژەکانی دەوڵەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

* لەشەڕی ئەفغانستانو عێراقدا بازاڕەکانی سیاسەتو ئابووری کەوتنە سەر ئێسقانو گۆشتی کولتوورەکان هاتنە نێو گۆڕەپانی ململانێکانەوەو لۆژیکی شەڕەکانیان بۆ دوو ئاراستەی جیاواز گۆڕی: یەکەمیان دژی مۆدێرنەیە لەلایەن

کولتوورە داخراوەکانەوە، دووەمیشیان بۆردوومانکردنی تارماییەکانی تیرۆرە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەمانەکانییەوە. چونکە تیرۆرو بنەماکانی لەجیهانی ئەمڕۆدا وەك تارمایی ناو ژیانەوەو لەپاڵ جولأنەوەشیاندا دوونیایەکی بەفراوان لەخەیاڵی سیاسی بەرهەمیان دەهێنێتەوە. ئەگەر تەماشایەکی ئەو هاوهەڵوێستییەش بکەین کە لەنێوان گروپە ئیسلامییەکانو جادەکانی دونیای عەرەبدا هەن لەپاڵپشتیکردنی ئاسەوارەکانی بەعسو تالیباندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو پانتاییو ژینگە کولتووریو ئاینییەی حزبی وەك بەعسو بزووتنەوەی وەك تالیبان بەرهەمدێنن توخمو سەرچاوەی لەبن نەهاتوویان تیایە بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیان. چونکە ئەو خەیاڵە سیاسییەی لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامی دا هەیەو جادەو دەوڵەتو کۆمەڵو پێگەکانی پێگەوە گرێ دەدات جێگای مۆدێرنەو گۆمەڵگای مەدەنی گرتووەتەوە. بگرە ئەمانە هەموو سەرچاوەی کۆمەڵگایەکی بەهێزن بەپێی زۆربەی فیکریو کولتوورییە پان عەرەبیو ئیسلامییەکان.

بە ڕای من هەریەك لەنموونەی دەوڵەتی سەددامیانەو تالێبانو نموونەکانی تریش لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا بەئاسانی کۆتاییان پێ نایەتو لەناوچوونی هەرەمەکانیشیان وەك ئەوەی ڕووی دا لەئەفغانستانو عیراق نابێتە هۆی بنبڕکردنی ستەمکاریو گشتگیری . چونکە گەرای چەندین ساڵەی ئەم نمونانە لەحوکمی گشتگیریو ڤیۆلانسدا بووەتە بەشێك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو بەرهەمهێنانەوەیان زۆر بەسانایی ڕەچاودەکرێت . بەشێوەیەکی تر حوکمی داپڵۆسینو دیکتاتۆرییەت لەلای ئەو کۆمەڵگایانە شتێکی غەریب نییە، بەڵکو شتێکی ساناو مەئلوفە. هەر بۆیە ناتوانین بڵێین روخاندنی ڕژێمی تالیبانو بەعس دەبنە سەرەتایەك بۆ ئەو پڕۆژە ئەمریکییە بەبێ تەگەرەیەکی زۆرو سەرئێشانێکی سیاسی زۆر بۆ خودی ئەو پڕۆژەیە.



*بە بۆچوونی من وڵاتە عەرەبییەکان گەورەترین گرفتن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا. ئەمەش بەهۆی واقیعی دیکتاتۆرییەتێکی دواکەوتن کە باڵی بەسەر ژیانی وڵاتە عەرەبییەکاندا کێشاوە . پێش هەموو شتێکیش پێویستە بووترێ کە ئەمریکا لەم پڕۆژەیەدا تێزەکانی کۆتایی مێژووو ململانێ سیڤیلەکان تێدەپەڕێنێو زیاتر لەتێزوکانی چەپ نزیکدەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە کولتوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستە بکرێن بریتین لەدەرگا بەسەر بنەماکانی دەوڵەتو کۆمەڵدا لەڕووانگەی گەشەسەندنێکی هەمەلایەنە کە سیاسەتو کولتوورو ئابووریو تەنانەت هەندێ لایەنی دەستووریش دەگرێتەوە. یان ڕزگارکردنی کۆمەڵ لەچەپۆکی دەوڵەت لەلایەكو دوورخستنەوەی یاساو دەستووریش لەتوندڕەوی دەوڵەت کە لەئایینەوە سەرچاوەدەگرێت. پاڵپشتی ئەمریکییەکانیش لەدەستووری عێراق بۆ دوور بێت لەدەستوورێکی ئایینی نمونەیەکی دیاری ئەو ڕوانگەیەیە: خۆ ناتوانین ئەم بۆچوونەش لەدەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانو کاریگەری شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا بەدووربگرین. دەتوانین بڵێین کەئەمریکا دەخوازێت لەڕێگای ئەم پرۆژەیەوە رابوردووی خۆی لەگفتوگۆیەکی ناوخۆیدا کە لەناو زانکۆو سەنتەرە ئەکادیمییەکاندا ڕوودەدەن بخاتە بەردەم رەخنەو لەبیرچوونەوە. چونکە ئەو بیرو بۆچوونانەی کە ئێستا لەژیانی کولتووری زانستی ئەمریکییەکاندا هەیە بریتییە لەپەرەپێدانی توانای تاکەکان لەبنیاتنانی جیهانبینییەکی سەربەخۆو سیستەماتیککراو بەشێوەیەکی هاوکاتیانە، بەڵام ڕەخنەو لەبیرچوونێك کەڕێگای بەرفراوانتر لەبەردەم خەونەکانی بەردەوامبوون لەتاك جەمسەریو مۆنۆپۆلکردنی جیهاندا بکاتەوە. لەپێش هەموو شتێکیشەوە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ڕاهێنانی کەلەپوورەکانی وەستانەوە دژی کولتوورە بێگانەکان لەگەڵ واقیعی نوێدا.

پێوستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا تەوژمێکی ئەنتی ئەمریکیانەی بەهێز هەیەو پشتیوانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ سیاسەتی ئیسرائیل ئەو دژوەستانەوەی کردووەتە حاڵەتێکی کۆهێزانەی یەکجار توندڕەوو داخراو لەبەردەم ئەگەری هەر دیالۆگێکدا، واتە سەرمایەیەکی ڕقباری فراوان لەبەردەم ڕۆژهەڵاتی گەورەی ناوەڕاستدا.

* پێم وا نییە هیچ سەربەخۆییەك هەبێت لەلایەن عەرەبەکانەوە، ئەوەش کە ئەبینرێتو گوایە دەیانەوێت هەندێك ڕیفۆرمی ناوخۆی سەربەخۆ بکەن بریتییە لەڕەنگدانەوەی ئەو ترسەی وا لەسیاسەتی ئەو وڵاتانە نیشتووە. چونکە جادەو کۆڵانەکانی کولتوورو ئایینو میزاجە میللییەکان پێش هەموو شتێك ڕەتی دەکەنەوەو ئەو جادەو کۆڵانانەی کە چەپی عەرەبی  ئیسلامییان بەرەو نەهامەتیو شیرپەنجەی خۆخواردنەوە برد. لێرەشەوە بەڕای من ئەمریکا تووشی سەرئێشەیەکی گەورە دەبێت لەبەرامبەر ئەو خەیاڵە سیاسییەدا کە دەوڵەتو کۆمەڵو ئایینو کولتوورو میزاجی ملیۆنان خەڵکی توندڕەو پێکەوە گرێدەدات سیسیتەمی دیکتاتۆرییەت نۆرمال دەکات. لەم پرۆژەیەدا دوو ڕابردووی جیاواز لەڕووی یەکدا دەوەستن : یەکەمیان تونای خۆتێپەڕاندنی هەیەو قورتاربوون لەگوناهەکانی خۆی لەرێگای پراگماتیزەکردنی شتەکانەوە . هەرچی دووەمیشیانە کەڕابردووی دونیای عەرەبیو ئیسلامییەکانە بەئێستاشەوە توانای خۆتازەکردنەوەی هەیە لەگوتاری بەرهەمهێنانی میزاجێکی ڕاهێنراو لەگەڵ داپلۆسیندا، کەڕژێمێکی وەك بەعس لەعێراقو سوریادا بۆی هەیە لەپاڵ ئەو میزاجەدا بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ بحەسێتەوە. ئەگەر ڕابردووی ئەمریکاش لەڕابردووی دوونیای کوشتارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمێك خاوێنتر بوایە ئەوا شتەکان نۆرمال دەبوون، بەڵام کە هەستی دووژمنکاری گەیشتە ڕادەی خۆتەقاندنەوەو لەناوبردنی ژیان بەهەموو مانایەك ئەوا ئەو خەونی مەزنترکردنی



ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبازنەی نەخشەی ڕێگاکەی ئیسرائیلو فەلەستین زیاتر تێپەڕناکات.


* دوور نییە ئەمریکا، تەنانەت بەریتانیاش بیر لەوە بکەنەوە، کەدەستکاریی جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، بەڵام ئەم کارە وەك ئیشارەتم پێکرد لەباسکردنی مەسەلە کولتوورییەکاندا تووشی گیروگرفتی زۆر گەورە دەبێتەوە، ئەمریکاش نایەوێت ئامادەبوونی لەم ناوچەیەدا زیاتر بکات، بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا لەو بڕوایەدا نیم ئەم مەسەلەیە بخرێتە ناو پرۆژەی گەورەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە گرێدانی هەموو شتەکان پێکەوە دەبنە کۆسپێك دوورنییە بەسیاسەتی ئەمریکا تووشی کۆمەڵێك گیروگرفتی گەورەبکات. تەنانەت لەگەڵ دۆستەکانیدا، لەوانە تورکیا کەهاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکایە. دەبێت ئەوەش بوترێت کەئەم مەسەلەیە پیرۆز نییەو دووریش نییە.

*بە نسبەت کوردەوە تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی وا ئاشکرا نییە سەبارەت بەڕۆڵی کورد لەم پرۆژەیەدا بۆ رۆژهەڵاتو سیاسەتی ئەمریکاش ئەوەندە پەیوەستە بەبارودۆخی کوتوپڕەوە لەناوچەکەو جیهاندا، پەیوەست نییە بەپرانسیپی بەهاوپەمانێتی ستراتیژییەوە. مێژووی کوردیش لەپاڵ ئەم سیاسەتی کوتوپڕییەدا لەنێوان زلهێزەکانی دوونیاداو بەقوربانی کردنی لەئاهەنگەکانی دابەشکردنی بازاڕدا، مێژووی نەهامەتییەکی سیاسی گەورەیەو پرسیاری دووبارەبوونەوەی تراژیدیاکان بەسەر دوونیای کورددا هەمیشە لەئارادایە.

بەڕای منیش هەر رۆڵێك بۆ کورد دەستنیشان بکرێت، دەبێت بخرێتە ناو چەقی مەسەلەکانی رۆژهەڵاتەوە. ئەمەش پێویستیی بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە لەهەموو ئەو وڵاتانەی کەکوردستانیان بەسەردادابەشکراوە.

توركیاش یەكێكە لەو گرفتە مەزنانەی لەرێگای ئەم پرۆژەیەدا دەوەستێتەوەو بگرە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدات. وەك لەپرسیاری پێشووشدا ئاماژەم بۆكرد ئەمریكا ئامادەنییە هاوپەیمانییە ستراتیژییەكانی خۆی لەدەستبداتو تائێستاش لەعیراقدا داخوازییەكانی كورد بەتەواوەتی بەجێ نەهاتووە كەحاڵی حازر لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئەمریكادایە. ئەی چۆن چاوەڕوانی رۆڵێك بكەین بۆ كورد كەپارچەكانی تر لەژێر سیستمی داپڵۆسینو ستەمكاریو بێدەنگیدا دەژین..؟ ئەگەر تەنها باسی كوردستانی عیراقیش بكەین، ئەوا هێشتا زۆر شت ماوە كورد بێ بەشە لێی، وەك مافێكی قانوونیو دەستووریو دانپێدا نەنانی فیدراڵییەتی نەتەوەییو مەسەلەكانی گەڕاندنەوەی كەركوكو شارە كوردییەكانی تر بەشێكن لەو مەسەلەیە. پرسیارەكەش ئەوەیە چۆن دەتوانین بەشداریی ئەم پرۆژەیە بكەین، لەكاتێكدا ئەركە ناوخۆییەكانمان تەواو نەبووەو كەموكووڕییان تێدایە؟.





**مەلا بەختیار**

* جارێ با مەبەست لەرۆژهەڵاتی گەورە روونبكەینەوە، ئینجا بچینەسەر بەرژەوەندی ئەمریكا. رۆژهەڵاتی گەورە، دەوروبەری چل وڵات دەگرێتەوە. لەوڵاتانی كەنداوەوە، هەتا ئەفغانستانو پاكستان. وڵات بەوڵات، لەناو بەرنامەی رۆژهەڵاتی گەورەدان، نەخشەكە لەدوورەوە بۆ نزیكی رۆژهەڵات دەتەنێتەوە. ئاشكراشە، لەم چل وڵاتەدا، پاشكەوتێكی ئابووری گەورە، بەتایبەتی نەوت، مۆڵ بووە. میللەتانی جۆراوجۆرو سەدان ملیۆن دانیشتوی تیادەژێ. ئەم رۆژهەڵاتی گەورەیە، سیخناخە لەقەیرانی ئابوری، تەنگوچەڵەمەی كۆمەڵایەتی، كێشەی نەتەوەییو پێشێلكاری مافی مرۆڤ. جگە لەكوردستانو هەتاڕادەیەك میسرو لوبنانو ئیسرائیل (چارەسەرنەكردنی فەلەستینی لێدەركەیت)و توركیا (چارەسەرنەكردنی كێشەی كوردی لێدەردەكرێت)، لەرۆژهەڵاتی گەورەدا نەك دیموكراسی نییە، بەڵكو دوژمنایەتییەكی سەرختنی دیموكراسیش هەیە. لەم سەرزەمینە پانوپۆڕەداو لەناو سەدان ملیۆن مرۆڤدا، پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا زۆر لاوازە پەروەردەی زانستی نوزەی دێ، ئازادی نییە، ژن سوكایەتی پێدەكرێ، منالٚ بەسەقەتی پەروەردەدەكرێ.. تاد.

بێگومان.. ئەم هەلومەرجەی رۆژهەلاَت‌و ئەو دۆخە سیاسی‌و ئەو بارە دواکەوتووەی رۆژهەلاَتی گەورە، دەمێکە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی رۆژئاوادا ناکۆکن. بەلاَم بەرژەوەندیەکانی جەنگی سارد کرابووە سەرقاپی خەفەکردنی ئەو ناکۆکی‌و تەنگوچەڵەمانە. ئێستا ئیتر کە سەردەم گۆڕاوەو جیهان بەرەو جیهانگیری رچەدەشکێنێ، بێگومان، کێشەو ناکۆکیەکان زەق بوون‌و لەبەرامبەر گۆڕانکاریەکانیشدا، رەق بوون. ئەمریکاش.. ئەمڕۆ، بالاَدەستترین ولاَتانی رۆژئاوایە. رکێفی بەشێکی رۆژهەلاَت لەدەستی ئەمریکایەو هەژمونی بەسەر بەشێکی تری هەیەو بەشێکیشی بێگومان کێشەیان لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاوادا هەیە.

گەوهەری راستەقینەی بەرژەوەندی ئەمریکا لەرۆژهەلاَتدا، لەبنەچەدا مەسەلەی ئابورییە. ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوای هاوبەشدا، ناکۆکی زۆرە. ئەم دەوڵەتانە لەناوخۆیاندا، یەکیانگرتووەو بازاڕیان یەکخستووەو دراویشیان یەکە. لەولاشەوە، لەگەڵ ژاپۆن‌و چین، ناکۆکە. ژاپۆن زۆر بەهێزەو چینیش، ئەمساڵ رێژەی نش‌ونما (نمو)ی گەیشتۆتە (٧و٩٪) ئەمە بەرزترین رێژەیە لەجیهاندا. ولاَتێکی وەکو چینیش وەکو مالیزیا، ئەندونیسیا، تایلاند، کۆریای باشوور، تایوان، فیلیپین‌و سنگاپور نییە بەکشانەوەی سەرمایە سیستەمی ئابورییان دابتەپێ. لەقەیرانی (١٩٩٦-١٩٩٧)دا، تەنها چین‌و هۆن کۆنگ دوچاری قەیران نەهاتن. تەنانەت یەك سەنتیش دراویان دانەشکا. ولاَتانی ئاسیا پێیان دەگووتن پڵنگەکانی ئاسیا، کەچی بەپلانێك کردیانن بەچەقەڵی ئاسیا. چین، پرۆژەی ستراتیژی هەیەو کۆمپانیاو بانکەکانی رۆژئاوا ناتوانن بەئارەزوو کۆنترۆڵی بکەن. ئەمریکا ئەم راستیانە باش دەزانێ‌و ئەم جەمسەرانەش لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێ. ئیتر ناتوانێ بەتەنها پشت بەمەکسیك‌و کەنەداو هەندێك ولاَتانی ئەمریکای لاتین ببەستێ. واتا: ئەمریکای باکورو ئەمریکای باشور بازاڕێکی زۆر تەنگەبەرن‌و هەتاسەریش نین بۆ ئەمریکا. چونکە ئاڵوگۆڕی جەمسەرەکانی تری



جیهان کاریگەریان لەسەر ئەمریکاییەکانیش دەبێ. لەم جیهانەدا، کوێ.. بۆ ئەمریکا گرنگترین شوێنە، جگە لەرۆژهەلاَت شوێنی دیکەی وا لەجیهاندا نییە. تەنانەت زێڕو کانزاکانی ئەفریقیاش ناگەنە لایەنی کەمی سامانی رۆژهەلاَتی گەورە. رۆژهەلاَتی گەورەش، هەرگیز بەم هەموو کێشەو بێشە پەنگخواردوانەی هەناوی، بۆ بەرنامەکانی ئەمریکا دابین نابێ. ئەوەتانێ، جارێ دەهەیەك بەسەر جیهانگیریدا تێنەپەڕیوە، ئیسلامگەرای تیرۆریزم پیلانی گەیاندە لوتکەی ناوەندی بازرگانی ئەمریکا. حاڵ وا بڕوا، ئەم تیرۆریستانەو هێزی تری کۆنەپەرست، چی تریان لەدەست دێ؟

کەوابێ:

رۆژهەلاَتی گەورە، بەئەندازەی گەورەییەکەی دەبێ بەرنامەو پرۆژەی هاوچەرخی بۆ دابنرێ، بەشێوەیەك کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەم ولاَتانەدا بەدی بێنێ، ئینجا ئەمریکا دەتوانێ پشتی ستراتیژی پێببەستێ.

کۆنەپەرستی لەرۆژهەلاَتی گەورەدا، رۆچۆتە ناخی کۆمەڵەکان‌و مرۆڤەکان. هەتا کۆنەپەرستیش بمێنێ، کێشەکانیش چارەسەرناکرێن. رۆژئاوا ئەم راستیانە باش دەزانێ. باش دەزانن ئازادی هەر نییە. باش دەزانن کەوا بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی‌و تورکی‌و عەقیدەی ئایینی‌و مەزهەبی‌و ئەندێشەی نیشتمانگەرێتی تەسك لەرۆژهەلاَتی گەورەدا، تا ئێستاش پێوانەن بۆ ژیان، لەباتی ئابووری ئازادو ئازادی فەلسەفەو بیرو ژیانی مەدەنی.

ئەمریکاو.. رۆژئاواش، ناتوانن لەسەر بنەمای رابوردووی رۆژهەلاَت، ئەو بنەمایەی بەشوێنەواری سەدەکانی ناوەڕاست داپۆشراوە، بناغەی ئابووری هاوچەرخ‌و سیاسەتی سەردەم دارێژن. بۆیە، هەر دەبێ ئەو بنەما کۆنە هەڵبتەکێندرێن.

* گروپی ولاَتای گەورەی پیشەسازی، گرنگترین گروپی پیشەسازی یەکگرتوی سەردەمن، هەرهەمووشیان بنچینەی ئابوورییان گۆڕاوەو گۆڕانەکەش، لەم سەردەمەدا

پێویستی بەگۆڕانکارییە لەناو دەوڵەتانی دەرەوەی ئەو گروپەدا. مەسەلەکە ئەمریکا نییە، مەسەلەکە ستراتیژێکی نوێیە لەگەڵ بەرژەوەندی بالای گروپی گەورەی پیشەسازیدا یەك دەگرێتەوەو بازاڕی ئازادی جیهانیش هەم دابین دەکاو هەم پەرەشی پێدەدا. بۆیە، لەم روانگەیەوە، لەوباوەڕەدام بەهەندێك دەستکاریەوە، گروپی ولاتانی گەورەی پیشەسازی، دوای دیالۆگێکی ئازاد، لەدوائەنجامدا، پرۆژەکە قبوڵ دەکەن. هەوڵیش دەدەن پرۆژەیەکی ئاوا بکەنە زەمینەیەکی نوێی پەیوەندی نێوان ئۆروپای هاوبەش‌و ئەمریکا.

* ئەمریکا.. کاتێك رژێمی تالیبانی روخاندو پاشان رژێمی عێراق، جارێ پرۆژەی رۆژهەلاتی گەورەی گەلالەنەکردبوو. رووداوەکان وا هاتنەپێشەوە لەسەختترین دوو دەوڵەتدا، ئەمریکا بەجەنگ دەستپێبکا. جەنگیش، کێشەو کاردانەوەی زۆرە. ئەمە جگەلەوەی، لەولاتێکی هەرەدواکەوتووی وەکو ئەفغانستان، کە هێندە دواکەوتووە، رژێمی تالیبان‌و ئوسامە بن لادن لەوێدا جێیان بووەوە، هەروا لەگەڵ ولاتێکی پڕ لەکێشەی ناوخۆو ئیقلیمی وەکو عێراق، ئاسان نییە بە سێ ساڵ لەئەفغانستان‌و ساڵێك لەعێراق نمونەی جوان پێشکەش بکا. ئەمە کاری ساڵ‌و چەند ساڵ نییە. بەڵکو پرۆسەیەکی درێژە. لایەنی کەم دەهەیەکی بۆ متمانەو دوو دەهەیشی بۆ سەرکەوتن دەوێ. دیموکراسی رێڕەوێکی دورودرێژە. تایبەت لەولاتانی ئیسلامیداو لەبەرامبەر ئیسلامگەرای تیرۆریزمدا.

*لەراستییا، بەداخەوە، ولاتانی عەرەبی بەوهەموو سامانە زۆروزەبەندەییان، بەپێی توێژینەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان خراپترین دۆخی سیاسی، باری کۆمەلایەتی، ئاستی رناکبیری‌و ژیانی تەندروستیان هەیە. (١٢٦) کێشەی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ئابوری، مەزهەبی‌و سیاسییان هەیە. ژن‌و منداڵ‌و لاو، هەر زۆر نالەبار ژیان لەم ولاتە عەرەبیانەدا دەبەنەسەر. هەتا ئێستا، میسرو لوبنانی لێدەرکەین هەتاڕادەیەك



دیموکراسی لەناویاندا هەیە، لەباقی ولاتانی عەرەبیدا دوژمنایەتی دیموکراسی بەشانازی عەرەب‌و ئیسلام دەزانن.

لەوباوەڕەدام، گەلانی عەرەب، لەپرۆژەی رۆژهەلاتی گەورە، کەمتر لەکورد قازانج ناکەن. بەڵام حکومەتەکانیان زەرەردەکەن. چونکە ئەم گەلانە بەناو، لەکۆلۆنیالیزم رزگاریان بووە. بەڵام ژیانیان لەسەردەستی حکومەتەکانیان، بەتایبەتی حکومەتە کۆمارییەکان، خراپتر بووە.

ئەگەر بەدەستی حکومەتەکان بێ، ریفۆرم‌و گۆڕانکاری قبوڵ ناکەن. بەڵام بەدەستی ئەوان نابێ. لەوباوەڕەدام ولاتانی خاوەن نەوت ئەگەر مل نەدەن بەپرۆژەکە، وەکو پڵنگەکانی ئاسیایان لێدەکەن. خراپتریش، چونکە ئاستی تەکنەلۆژی‌و بنەوانی زانیاری ولاتانی عەرەبی هەر زۆر لەولاتانی ئاسیا دواکەوتووترە. بۆیە، لەباری ئابووریەوە زووتر دایان دەتەپێنن‌و سەرلەنوێ دروستیان دەکەنەوە.

تازە.. بەرەنگاری کردنی جیهانگیری‌و پرۆژەی رۆژهەلاتی گەورە لەدەسەلاتی ئابووری‌و کولتوری حکومەتەکان دەرچووە. بێگومان لەدەسەلاتی سیاسیشیان نامێنێ. بەڵام ئەم ریفۆرم‌و گۆڕانکارییە، کاتی دەوێ‌و توانای دەوێ‌و رێگەی رەوای بلاوکردنەوەی بنەمای دیموکراسی‌و ژیانی مەدەنیەتی دەوێ. لەهەمووش گرنگتر، چۆنیەتی وشیارکردن‌و ئاڕاستەکردنی رای گشتی ولاتانی عەرەبی دەوێ بۆ پرۆژەی گەورەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەلات.

سەبارەت بەشەڕیش، ئەگەری شەڕ زۆر بەهێزنییە. بەتایبەتی لەناو ولاتانی عەرەبیدا. بەڵام ناشکرێ شەڕ لەناو ئەگەرە سیاسیەکان بەتەواوەتی دووربخەینەوە. چونکە ولاتانی رۆژهەلاتی گەورە، ولاتی گرنگی وەکو ئێرانیشی تیایە کە بێگومان ئێران وەکو کوەیت نییە.

* هەر بەدەركەوتنی روخسارە سەرەتاییەكانی پرۆژەكە، چەند ولآتێكی عەرەبی كەوتنە خۆیانو ریفۆرمی رێژەییان لەهەندێك بواردا ئەنجامدا، ئێستا مقۆمقۆی ئەوەیانە كەپرۆژەیەكی بەدیل (گۆڕان لەناوخۆو لەدەرەوە) بخەنەڕوو، پێتان وایە عەرەبەكان بتوانن بەلایەنی كەمەوە لەم گۆڕانكارییە سەربەخۆبن..؟

-ولآتانی عەرەبی لەترسا كەوتونەتە هەولّی ریفۆرم. بەلآم پرسیار ئەوەیە كە: ئایە ئەم ریفۆرمە لەگەلّ پرۆژەی دیموكراسی رۆژهەلآتی گەورە یەك دەگرێتەوە؟ بێگومان نەخێرە. چونكە لەبنەچەدا ئەم حكومەتانە پێكهاتەیانو كولتوری سیاسییانو بەرژەوەندیەكانیان لەگەلّ قولآیی پرۆژەكە، ناكۆكە. ناشتوانن خۆیان لەو گۆڕانكاریانە دابڕن كە جیهانی گرتۆتەوەو سەرەنجام رۆژهەلآتیش دەگرێتەوە. بەلآم ئەمە بەومانایە نیيە كە سەرجەم حكومەتەكانی رۆژهەلآت، هەر دەبێ لەژێر تەوژمی پرۆژەكەی رۆژهەلآتدا، بڕوخێندرێن. واش نابێ.

* بەش بەحالّی خۆم بەدووری نازانم، لەدواسەرەنجامدا، لەرۆژهەلآتەوە چەند دەولّەتێكو چەند حكومەتێكی نوێ بچنە سەر ژمارەی دەولّەتانی نەتەوە یەكگرتوەكان. یان، دەسەلآتی سیاسی لەناو نەتەوەكانی رۆژهەلآتدا، بەبێ سەپاندنی حكومەتی نەتەوەی سەردەستەكان، دابەش ببێ. بەمەش، ئەو قەوارە ژیوپۆلیتیكییەی ئێستا، بێگومان دەگۆڕێ. چونكە گەلێ كێشەی نەتەوەیی، بەكۆمەلّێك برینی قولّی مێژووییەوە، لەرۆژهەلآتدا، قەتماغەی بەستووەو وردەوردە، قەتماغەكە هەلّدەدرێتەوە.

* وابزانم هەموو ئەو شێرو رێوییەی پرسیارەكانی پێشوو، پێشەكییە بۆ ئەم پرسیارە. كەواتە، شایەنێتی وەلآمێكی تێروتەسەل بدرێتەوە.

كوردستان.. لەرۆژهەلآتی گەورەدا، هەلّكەوتێكی ژیوپۆلۆتیكی گەورەی هەیە، چ وەكو سەرزەمینو چ وەكو دانیشتوانو چ وەكو سامانو چ وەكو كێشە سیاسیيە رەواكەی. بەدرێژایی مێژوو، كوردو كوردستان جگە لەداگیركردنو چەوساندنەوەو



مالّوێرانی، ئاوڕێكی دیكەی لێنەدراوەتەوە. كام چەكی كوشندەی حكومەتەكان هەیە، لەفڕۆكەوە یەكەم جار، لەتۆپەوە یەكەم جار، لەزرێپۆشەوە یەكەم جار، هەتا دەگاتە كیمیاباران، یەكەم جار لەكوردستاندا تاقینەكرابێتەوە. رەنگە كەم كەس بزانێ هەتائێستا لەجیهاندا (٢٣) جار چەكی كیمیایی لەجەنگی یەكەمەوە بەكارهێنراوە، بۆ بەدبەختی دووجاری لەكوردستاندا بەكارهاتووە (١٩٢٣) لەناوچەی رەواندوز لەزەمانی ئینگلیزو (١٩٨٨)یش لەزەمانی بەعسدا.

لەسەدەی پانزەهەمەوە كە رێكەوتنامەی چالّدێران (١٥١٤) مۆركراوە، هەتا داگیركردنی كوەیت، كورد قوربانی پیلانی نێودەولّەتیو ئیقلیمیو ناوخۆیی بووە. ئەم نەتەوەیە.. پێنج سەدە بەش مەینەت بووە. ئیتر، لام وایە لەهەزارەی سێهەمدا، بەش مەینەتی بەری دەدا.

ئەگەر هەزارەی دووەم، هەزارەی رزگاریو دیموكراسی رۆژئاوا بوبێ، ئاوا هەزارەی سێهەم، هەزارەی رزگاریو دیموكراسی رۆژهەلآت دەبێ. لەرۆژهەلآتیشدا كێشەی كورد هەر زۆر گرنگە.

كوردستان.. جگە لەرووپێوی سەرزەمینو سامانی ئابوری، وەكو كێشەی نەتەوایەتیش، بۆتە كێشەی ژمارەیەكی رۆژهەلآتی ناوەڕاست، لەراستیا، بەدرێژایی مێژووی سەدەی بیستەم، بەپشتیوانی عەرەب، كێشەی فەلەستین لەرۆژهەلآتدا كراوەتە كێشەی ژمارە یەك. ئەمە لەكاتێكدا هەمیشە، بەواقیعی، كێشەی كوردستان گەورەتر بووە لەكێشەی فەلەستین. ئێستا تەواوی روپێوی حوكمڕانێتی فەلەستین شەش هەزار كیلۆمەتری دووجایە، ئەمە لەكاتێكدا تەنها ناوچە بەعەرەبكراوەكانی كوردستانی عێراق (٣٦) هەزار كم$^{2}$. شەش بەقەد ناوچەی دەسەلآتدارێتی فەلەستینە. ئەمە جگەلەوەی كوردستانی عێراق (٨٦) هەزار كم$^{2}$. كوردستانی گەورە زیاتر لە (٠٠٠و٥٠٠) كم$^{2}$ دەبێ. هەموو خاكی فەلەستین (٢٥) هەزار كم$^{2}$. كوردستان لەسەر دەریاری نەوت هەلّكەوتووە. لەفەلەستیندا بەرمیلێك نەوتی نییە. شوێنی كوردستان

بۆ بەستنەوەی رۆژهەڵاتی دورونزیك بەرەو رۆژئاوا گرنگـە. ئەمـە جگەلـەوەی بـەپێی ئاماری یونسکۆساڵی (٢٠١٠) نەتەوەی کورد دەگاتـە (٦٥) ملیـۆن کـەس. وڵاتو نەتەوەیەکی ئاوا، بێگومـان لـەناو پرۆسـەی گۆڕانکاریـەکانی رۆژهـەڵاتی گـەورەدا، شوێنێکی ستراتیژی دەبێ. لەوباوەڕەدام لەئاینـدەدا ئەگـەر کێـشەی نەتـەوەی کـورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا چارەسەری سیاسییان بۆنەدۆزرێتەوە، جێبـەجێکردنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە، دوچاری کێشەی گەورە دەبێ، ئەگـەر لەبارنەچـێ. چـونکە بەچارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین (کە وەکو گـوتم بچوکتریـشە لەکێـشەی کـورد) دەبینین بەرنامەو بڕیارەکانی ئەمریکاو رۆژئاوا دوچاری گیروگرفتـی زۆربـووەو دەبـێ. گەر بێتو روداوەکان بەرەو جێبەجێکردنی فراوانی پرۆژەی رۆژهـەڵات بـڕواو کێـشەی جۆراوجۆری کوردیش بەچارەسەرنەکراوی بمێنێتـەوە، بێگومـان لەحالـەتی وادا، هـیچ دەستەبەرێك نییە روداوەکان نەتەقێتەوە. تەقینەوەیەکیش، مەگەر نەوەی نوێی کـورد لەئایندەدا دەریبخەن بەرەو چ ئاسۆیەك دێنە جۆش‌وخرۆش. بۆیەش دەڵێم نەوەی نوێ، چونکە نەوەی ئایندەی کوردەواری، جیاوازتر لەنەوەی ئێستا پێدەگـەنو رادیکـاڵتریش تێدەگەن. نەوەیەکی ئـاوا رێـڕەوی مێـژوو لـەناو گۆڕانکاریەکانـدا، دەگـۆڕێ. بۆیـە، کوردستان لەگۆڕانکاریەکانـدا، لەهـەر رویـەکی: ژیوپـۆلیتیکی، ئـابوری، سیاسـیو زیاتریش لەوانە، بەکارلێك کردنی بەرژەوەندیەکان لـەرۆژئاواو رۆژهەڵاتـدا، بـەهاتنی کۆمپانیاو سەرمایەو شۆڕشـی زانیـاری بـۆ رۆژهـەڵات، بـەدابینکردنی بـازاڕی نـوێ لەرۆژهەڵاتو کوردستاندا، بەبەرزبونی ئاستی رونـاکبیری کـوردو بنـەمای زانـستیو تەکنیکی لەکوردستاندا، هەم بازاڕی کوردسـتانو هـەم کۆمـەڵی کـوردو هـەم تـاکی کوردو هەم سامانی ژێرزەمینـی کوردسـتان، لەسـایەی دیموکراسـیو بـازاڕی ئـازاددا بەهای زۆر گەورە پەیدادەکەن. دەشبنە بەشێکی دانەبڕاوی مەسەلە چارەنوسسازەکانی پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە.





**د.روئیا تلوعی**

-ماوەیەکـە گەڵاڵـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە سـەرنجەکانی بـەرەو خـۆی راکێشاوەو پرسیارێکی زۆری خستووەتە مێشكو زەینی بیرمەندانـەوە، کـەداخۆ ئـەم گەڵاڵەیە چۆنەو چۆن بەڕێوەدەچێت..؟ ئایا لەواقیعدا دەگونجێت..؟ بەتایبەت نەتەوەی کورد کەنزیك سەد ساڵ خەباتی خوێناویی لەپێناو ئازادیو رزگاریدا بووە، لەکوێی ئەم گەڵاڵەدا جێی دەبێتەوە..؟ ئایا هیچ مافێك بۆ کورد بەدی دێت..؟ لەلایەکی تریشەوە ژنانی چەوساوەی ئەم ناوچەیە چ سوود یان زیانێك لەم پرۆژەیە دەبینن..؟

گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پرۆژەیـەکی پێـشنیارییە کەهێـشتا خـەریکی لێکۆڵینـەوەن لەسـەریو جـارێ لـەکردەوەدا رەنگـی نەداوەتـەوە، لەرۆژنامـەی (ئەلحەیات)دا راپۆرتی ئەو پرۆژەیەو دەقەکەی بڵاوکراوەتەوە، بڕیاروایـە ئـەم پرۆژەیـە لەماوەی پانزدە رۆژدا رۆژی سـەرەتای مـانگی ژوئـەنی داهـاتوودا بـۆ لێکۆڵینـەوەو وتووێژ بخرێتە بەردەست وڵاتانی پیشەسازیی گرووپی هەشت.

ئەم گەڵاڵەیە باسی ریفۆرمی لەوڵاتانی عەرەبی، ئێران، ئیسرائیل، ئەفغانستان، تورکیاو پاکستان دەکاتو پێکەوە گرێدانی ئەم وڵاتانە لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا کردووە.

ئەم ریفۆرمە لەبوارگەلی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەدیی دێت لەسەر چۆنیەتیی سیستمی فێرکاریی زۆر جەخت دەکرێت، جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕ لەشێوازی فێرکاری بەهۆی پەرەسەندنی بنیاتخوازییەوە لەم ناوچەیەدا کەبێگومان سیستمی نادیموکراتیو وڵاتانی ناوچەو فێرکاری نادیموکراتیک یەکێك لەسەرچاوەکانیەتی. هەروەهاش وڵاتگەلی ناوچە لەبواری سیاسیو ئابووری کێشەی زۆر جیدییان هەیە. بۆ نموونە نەبوونی دیموکراسییەکی ناتەواوو شانۆیی، نەبوونی مۆدێرنێتەو گەندەڵیی سیستمی ئیداری، هەژاریی خەڵكو نەبوونی سیاسەتو رێو رەوشتی دروست بۆ دابەشکردنی سامانی ئابووریی وڵات لەنێو خەڵکدا، هەمووی خۆی زەمینەیەکی لەبارە بۆ پەرەسەندنی بنیاتخوازییو تیرۆریزمو هەروەها پەنابردنی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتانە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو، دیارە زۆربوون نرخی پەنابەرێتی نایاسایی بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو لەبواری کۆمەڵایەتیو ئابووریو کولتوورییەوە کێشەیان بۆ سازدەکات.

لەلایەکی ترەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنکەیەکی دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکانە وەك نەوتو گازو.. هتد. بازاڕێکی یەك ملیارد کەسییە بۆ بەرخۆری دەستکەوتە پیشەییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووو هێزی کاری هەرزانیشی زۆرە. کەواتە شوێنێکی زۆر باشە بۆ گەڕانی سەرمایەی ئەو وڵاتانە، دیارە سەرمایە وەگەڕخستن لەوڵاتانی دیموکراتی دەتوانێت جێگای متمانەبێتو قازانجەکەی بەهۆی دیموکراسیی ئەو وڵاتەوە گارانتیی دەکرێت، سەرجەم ئەم فاکتەرانە سەرنجی زلهێزەکانی جیهانی بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راکێشاوە.



ئەمریکا لەدوای رووخانی یەکێتیی سۆڤێتەوە دەرفەتێکی بەنرخی بۆ خۆی دۆزییەوەو هەوڵیدا سیستمی نێونەتەوەیی نوێ بەدڵی خۆی دابڕێژێت. دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەچەند رەهەندەوە دەتوانێت بەقازانجی ئەمریکا بێت.. "ئۆپێك" بەهۆی زۆربوونی پێویستیی وڵاتانی پیشەیی نەوتی ناوچە لەداهاتوودا دەتوانێت کۆنترۆڵێکی زۆر بەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی نەوتدا بێت. دیارە ئەمریکا خۆی نەوتی هەیەو لەمەکسیکیش نەوت دەکڕێت، بەڵام دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر "ئۆپێك"دا دەتوانێت ئامرازێك بێت بۆ دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر چۆنێتیی دابەشبوونو فرۆشتنی نەوت لەم ناوچەیەدا. بەتایبەت کەنەوتی ئەورووپاو ژاپۆن لێرەوە بەرهەمدێت. کەواتە لێرەوە ئەمریکا دەتوانێت ئەورووپاو ژاپۆنیش کۆنترۆڵبکاتو لەهەمان کاتدا هێزی ئابووریی ئەوانیش رابگرێت. بەم چەشنە ئەمریکا دەبێتە یەکەم زلهێزی جیهان، بەهۆی پلانێك کەبۆ جیهان داڕێژراوەو لەڕەوتی جیهانیبوونیشدا کەمەبەست ئەوەیە لیبرالیزمو دیموکراسی لەوڵاتانی جیهان سەقامگیربێتو دەوڵەتانی بچووكو (NGO)کانو بەشێکی ئابووریی گەورە بەشێوەی کەرتی تایبەت بەڕێوەبەری وڵاتان بن، بەرژەوەندیی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە دەپارێزێت، ئەوەی راستییە ئەمریکا بەڕێوەبەری ستراتیژییەکی جیهانیی داڕێژراوەو لەم بەڕێوەبەرایەتییەش دەبینین کەبەریتانیاش راستەوخۆ یارمەتیی دەدات.

-روونە کەئەورووپاش چاوی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو بێگومان خۆیشی گەڵاڵەو پرۆژەی بۆی هەیە، پرۆژەی ئەورووپا ناوی "رەوتی بارسێلۆن"ە. لەم پرۆژەیەدا کەپرۆژەیەکی زیاتر ئابوورییە هەوڵدەدرێت هاوکات لەگەڵ هاوکاریی ئابووری، رەوتێکی سیاسیی هێمن لەناوچەدا بپارێزرێت. لەپرۆژەی ئابووریی ئەورووپادا هاوکاریی "ئەورومەدیتەرانە: ئۆرۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" رەچاودەکرێت کەبریتییە

لەکۆمەڵێك رێککەوتنی ئابووری-بازرگانی لەنێوان یەکێتیی ئەورووپاو باکووری ئەفریقاو عەرەبەکان، بڕیاریش وایە کەوڵاتانی مەدیتەرانەش پەیوەندیی بەم پرۆژەیەوە بکەن. یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ئەورووپاو وڵاتانی باڵکان بازنەیەکی ئابووریی هەیەو تێدەکۆشێت بەهێمنایەتی سیاسیو گەشەی ئابووریو پێوەندیی کولتووری ببێتە هۆکاری دینامیکیی ساغو ساڵمی سیاسی. دیسان دێپارتمانی EOش گەڵاڵەیەکی بەمەبەستی هاوکاریی لەم ناوچەیەدا هەیە کەبڕێك کۆنترو جیاوازیشی لەگەڵ پرۆژەکەی تردا هەیە.

بۆ گەلانی چەوساوەو ژێردەسەڵاتە توتالیتارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم کایە سیاسییەی ئەورووپا زۆر خۆشنییەو رەوتی ئاڵوگۆڕەکان زۆر هێمندەکاتەوە، بەڵام ئەو توندوتیژییەی ئەمریکاش بۆ بڕێك دەسەڵاتدارانی ناوچە ناخۆشە. بەهەر حاڵ دەبێت ماتڵ بینو بزانین وتوتوێژی گرووپی هەشتو ئەمریکا بەکوێ دەگات..؟ ئەوەی زۆرتر پێشبینیی دەکرێت ئەوەیە کەبەهۆی درزێك کە لەنێو یەکێتیی ئەورووپادا هەیەو دەسەڵاتی بەهێزتری ئابووریی ئەمریکا تەنانەت بەسەر رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا، ئەورووپا دەچێتە ژێر رکێفی ئەمریکا، هەرچەندە ئەورووپا زۆرترین توانای خۆی بۆ سەندنی بەشی زیاترو قازانجی زیاتر بەکاردەهێنێت.

- ئەو کێشانەی کە لەعیراقو جارجاریش لەئەفغانستان بۆ ئەمریکا دێنەگۆڕێ لەوانەیە بڕێك پێشڕەویی ئەمریکا کەم کاتەوە، بەڵام لەئاکامدا ئەمریکا مەحکووم بەسەرکەوتنەو دیارە زلهێزێکی وا بەهیچ قیمەتێك دۆڕاندن قبووڵ ناکات، هەرچەندە هێمنایەتیی عیراق دەیتوانی رەوتی درێژەپێدان بەپرۆژەکەی ئەمریکا لەناوچەدا وەکو ئاڵوگۆڕ یان هێرش بۆ سەر سووریاو ئێران خێراتر بکات، بەڵام هێشتا زووە کە لەم ماوە کورتەدا سەبارەت بەسەرکەوتووبوون یان سەرنەکەوتنی ئەمریکا داوەری بکرێت.



بەتایبەت کەپلانەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن دارێژراوەو بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی بەردەوامی جیهانییە.

ئەمریکا دوای ماوەیەك سەربەخۆییو تاکڕەویی لەبەڕێوەبەری پرۆژەکانیدا ئێستا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کەهاوپەیمانێکی زیاتر وەدۆزێت کەبتوانێت پرۆژەکانی بۆ گۆڕینی پانۆرامای سیاسیی بەردەوامبێت.

- زۆربەی هێزی پرۆژەکە لەسەر جیهانی ئیسلامو عەرەبە، ئەمریکا چەندین هاوپەیمانی عەرەبیی هەیەو بۆیەش هەوڵیداوە لەدابینکردنی پرۆژەکەی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عەرەبستانی سعوودیو میسرو ئەردەن بهێنێتە نێو بازنەکەو بەشدارییان بکات. مەبەست لەم بەشدارییەش ئەوەیە کەپرۆژەکە رەنگێکی عەرەبیش بگرێتو تەنیا ئەمریکی نەبێت، بەڵام ئەو وڵاتانەش زۆرتر لەهەنگاوە سەرەتاییەکاندا هاوبەشی دەکەن نە کە لەپرۆژەکەدا، لەپرۆژەدا دوو رێکخراو دەورێکی زۆر دەبینن“

یەکەم: "ئاژانسی عەرەبی بۆ گەشەپێدان"و دووەم: "پرۆگرامی پنووت بۆ گەشەپێدان لە UN".

ئەم دوو رێکخراوە راپۆرتی ساڵانەیان هەیەو چۆنیەتیی ئەو راپۆرتە بەتایبەت راپۆرتی ئاژانسی عەرەبی لەچۆنیەتیی بەڕێوەبەری پرۆژەکەدا گرنگە، لەدوایین رۆژەکانی مانگی مارسی ئەمساڵدا هاوپەیمانە عەرەبییەکان لە (توونس) کۆبوونەوە، عەرەبستانی سعوودی رۆڵێکی سەرەکیو ئاکتیڤی لەم کۆبوونەوەدا بووو پرۆژەیەکی بۆ وڵاتانی عەرەبی دەرخست کە لەبناغەیدا پرۆژەیەکی ئەمریکاییەو دوو خاڵی سەرەکیی تێدا بەدی دەکرێت:

یەکەم: ریفۆرمی سیاسیو زیاتر بەشداربوونی خەڵك.

دووەم: هەوڵ بۆ ئابووریی کەرتی تایبەتو بازاڕی ئازاد.

ئەوروپاییەکان بەشكو گومانەوە سەیری ئەم پرۆژەیە دەکەنو نیگەرانیی ئەوەن کەئەمریکا لەبواری ئابوورییەوە جێگای ئاڵمانو فەرەنسا تەنگ بکات، پرۆژەکەش ئەگەرچی رواڵەتی عەرەبیی هەیە، بەڵام شانۆیەو خۆبەزلزانینی ئەمریکای تێدا دیارە.

- بەهەرحاڵ برێك لەوڵاتانی عەرەبی کەوتوونەتە جموجوولێكو بۆ ریفۆرمی ناوخۆ کەئەوەش هەر بەهۆی فشاری ئەمریکاوەیە، لەوانەیە ئەمریکا بتوانێت بەبێ هێرشی سەربازی وڵاتگەلێك وەك عەرەبستانی سعوودیو بەحرێنو قەتەر تووشی ریفۆرمو ئاڵوگۆڕ بکات، بەڵام ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ ئێرانو سووریا هەر بەردەوامەو بەتەواوی لەپرۆگرامی ئەمریکا نەسڕاوەتەوە. بەتایبەت دەڕوانین زوو زوو لەسەر چەکی ئەتۆمی هەڕەشە لەئێران دەکرێت.

- بەهەرحاڵ ئاڵوگۆڕ بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیەو لەم ماوەیەشدا دەرکەوتووە کەسیستمە توتالیتارەکان تەنیا بەفشاری خەڵك لەناوخۆوە لەناودەبرێن، بەڵکو ئەوەی زۆر ئەسەری هەیە فشاری نێونەتەوەییە. لەوانەیە لەبرێك ناوچەی عەرەبیدا فشاری نێونەتەوەیی ببێتە هۆی ریفۆرم لەگەڵ مانەوەی حکومەت، بەڵام بەسەقامگیربوونی دیموکراسی، وەرچەرخانێك لەکۆڵەکەی قودرەت بەدی دێت کە لەئاکامدا هەر حکومەت دەگۆڕێت.

*نەخشەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پڕاوپڕ ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کورد چیی پێدەکرێت بۆ ئەوەی لەحاڵەتی جێبەجێکردنیدا بەقازانجەوە دەربچێت..؟

-سەبارەت بەمیللەتی کورد ئەوەی گرنگە چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەکەیە، پرسیارو نیگەرانیی زۆر بۆ کورد لێرەدا هەیە کەداخۆ بەشی ئەم میللەتە شۆڕشگێڕە چوارپارچەکراوە چی دەبێت..؟ دیارە ئاڵوگۆڕی جیۆپۆلەتیك تەنیا



لەگۆڕینی سنوورەکانو دەوڵەتەکاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئاڵوگۆڕی دیالێکتیکیی پێوەندییەکانیش گرینگە. بەهەرحاڵ چۆنێتیی سیستمی یاساییو چۆنیەتیی دیموکراسی نێو ناوچەکەیە کەدەتوانێت لەچۆنێتیی ئاڵوگۆڕی جیۆپۆلەتیکدا دەوری هەبێت.

قازانجی کورد لەم ئاڵوگۆڕەدا پەیوەندیی بەستراتیژی ئەمریکاو زلهێزەکانو هەروەها ستراتیژی وردو هێمنایەتیی کوردەوە هەیە. هەر لەم کاتەدا کەعەرەبەکانی عیراق خەریکی شەڕو ئاژاوەن لەفەزایەکی هێمنیی کوردستاندا پرۆژەگەلی ئابووری چەندین ملیۆنییو چەند ملیاردیو بەرەو رێکەوتنە کەبێگومان بۆ کوردی هەمیشە سەرکوتکراو زۆر بەکەڵکە.

رەوتی سوپەر ناسیۆناڵو ئەنتێگراسیۆنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەتوانێت یارمەتیدەری کوردەکان بێتو لەتوندوتیژییەکان سەبارەت بەکورد کەمبکاتەوە.

بەهۆی ئەوەی لەهەر شوێنێك وەها رەوتێك بەڕێوەبچێت لەباڵادەستیی نەتەوەیەك کەمدەبێتەوەو تابۆکان دەشکێن. هەر بۆیە لەم دەرفەتەدا کورد دەتوانێت کێشە نەتەوەییەکانی باسبکاتو بۆ چارەسەر بگەڕێت، بەڵام لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا لایەنی ئابوورییەکەی بەهێزترە تاسیاسییەکەی. بۆیە لەماوەیەکی تیژپەڕو کەم خایەندا موعجیزەیەکی گەورە بۆ کورد نابێت وەك دروستبوونی خێرای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، بەڵام بارودۆخی ژیان لەو وڵاتە کوردنشینانەدا زۆرباشتر دەبێت. فیدراڵیزمی جوگرافی-نەتەوەییو مۆدێرنبوونی کۆمەڵگاو پیشەییبوونو ئاساییبوونی ژیانی کورد دەتوانێت لەدەستکەوتەکانی ئەم گەلاڵەیە بێت بۆ کورد. دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کاتێك مومکین دەبێت کەخواستو بڕیاری ئەمریکاو زلهێزەکانیشی لەسەربێت کە بەداخەوە تائێستا بەڕوونی نەبینراوە.

جائیتر لەدرێژخایەندا بڕیار چی دەبێت، جارێ روون نییە. سەبارەت بەبارودۆخی ژنان لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دوای بەدیهاتنی وەها پرۆژەیەك دەبێت هەڵسەنگاندنێکمان لەسەر هەلومەرجی ئێستاو ئەوکاتە بێت بۆ ژن. لەبڕێك لەوڵاتانی عەرەبی ژنان تەنانەت ناسنامەشیان نییەو لەزۆربەی ئەو وڵاتانەش مافی دەنگدانیان نییە.

ئێستا بەگشتی لەم ناوچەیەدا بەشداریی ژنان لەبواری سیاسەتو ئابووری، زۆر زۆر کەمەو کولتووری دواکەوتوو لەکۆمەڵگا رێگریی لەگەشەسەندنی تواناییەکانی ژن دەکات.

نرخی نەخوێندەواریی لەژناندا ژمارەیەکی بەرچاوەو توندوتیژیی دژ بەژنان لەهەموو قۆناغێکی ژیان شتێکی ئاشکرایە. ژنانی چالاکیش کەندوکۆسپی زۆریان لەسەر رێگایەو بەربەست بۆ سەرکەوتنیان ئێجگار زۆرە. دەرفەتەکان بۆ ژنوپیاو یەکسان نییەو دەستەبژێریو تەبعیز لەهەموو بوارێکدا دژ بەژن بەردەوامەو دەرفەتی سەربەخۆیی ئابووریو ئیشوکار بۆ ژنان زۆر نزمەو..هتد.

بێگومان بەسەقامگیربوونی دیموکراسیو پشتیوانیی یاسایی لەژنانو پیشەییبوونو بەرەو مۆدێرنێتەچوونی کۆمەڵگاو بەشداریی ژنان لەدەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رەخساندنی دەرفەت بۆ ئیشوکارو سەربەخۆیی ئابووری، دەتوانێت یارمەتیدەری ژنان بێت بۆ ژیانێکی باشترو بارودۆخیان لەوەی کەئێستا هەیە چاکتر بکات.

لەوانەیە کەسانێك پێیان وابێت ئەم بەشداریکردنانەی چەند ژن لەدەسەڵاتی سیاسیداو لەژێر چاودێریی پیاواندا شانۆیەك زیاتر نییە، بەڵام ئەگەرچی لەسەرەتاشدا وابێت، لەبەردەوامیدا وانامێنێتو ژنانی چالاك دەرفەتی پەروەردەبوونیان دەبێتو تواناییەکانیان دەردەکەوێت. بەئالوگۆڕ لەسیستمی فێرکاریشدا دیارە پێگەی ژنان لەکۆمەڵگادا لەحاڵەتی تێڕوانین وەك کۆیلەیەك دەگوێزرێتەوە بۆ پێگەیەکی مرۆڤایەتیو هەنگاو هەڵگرتن بەرەو گەشەی مرۆڤایەتی.





**د.دلێر ئەحمەد**

## دەستپێشخەریی ئەمریکا لەوروژاندنی ریفۆرم خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکی بوێرانەیە لەسیاسەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

- ریفۆرم یان گۆڕانکاری یان نوێکردنەوە یان گەشەپێدان گشتیان وەك چەمك بەکەمێك جیاوازییەوە مێژوویەکی دێرینیان هەیە. لەسەردەمی پێش زایینو لەسەدەکانی ناوەڕاستو لەسەردەمی بووژانەوەو تاڕۆژگاری ئەمڕۆ ریفۆرمو گۆڕانکاریی وەك پێداویستییەکی گرنگی ژیان بوونیان هەبووەو هەیەو لەداهاتوویشدا هەر دەمێنێت، بەڵام ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە. بەرژەوەندیی ئەمریکا چییە لەم گۆڕانکارییانەی کەپێویستە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بکرێت، بەتایبەت لەوڵاتانی عەرەبی. دیارە ئە و پرۆژەیە کە لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش بەسەرانی عەرەب کراوە، بریتین لەدۆکیومێنتێکی مێژوویی بەر لەوەی لەبەرژەوەندیی ئەمریکا بێت، لەبەرژەوەندیی گەلانو میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە، چونکە جەخت دەکاتە سەر چەند کێشەیەك کە بەحەق کێشەی گرنگنو پەیوەندیی بەژیانو بەداهاتووی میللەتانی ناوچەکەوە هەیە. ئەگەر سەرنجی پرۆژەکە بدەین دەبینین کێشە گرنگەکانی وەك

سیاسیی، بێکاری، ژن، ئابووری، کولتووری، دەورووژێنێت، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەئاگا دەهێنێتەوەو بەئاشکرا پێیان دەڵێت: وریای خۆتان بن ئەگەر چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە نەدۆزنەوە دواڕۆژتان ترسناك دەبێت. واتا ئەم ریفۆرمانە پێش ئەوەی لەبەرژەوەندیی ئەمریکا بێت، لەبەرژەوەندیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

بێگومان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دروستدەبێت، شتێکی ئاساییە کەئەمریکاش لەو ریفۆرمانە بەرژەوەندیی خۆی هەبێت. بەرژەوەندییەکانیش بریتین لەسیاسی، ئابووری، کولتووری. کە بێگومان گشتیان بەرژەوەندیی ستراتیژین.

ئەگەر گۆڕانکاریی سیاسیی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێت ئەویش بەهەنگاوی لەسەرخۆو پرۆسەی هەڵبژاردنو بەدیموکراتیکردنی سیستێمی سیاسیی، بێگومان کۆمەڵێك لەو وڵاتانە لەدیاردەی ڕێکخراوو جووڵانەوەی توندڕەوییو تیرۆریستی دوور دەکەونەوە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا لەبەرژەوەندیی ئەمریکایە. واتا ئەوکات هەموو ڕێکخراوو پارتە سیاسییەکان دەکەونە جووڵەو ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵات. بەواتایەکی تر ئەو گرووپانە زیاتر ڕوودەکەنە مەیدانی سیاسیی ناو وڵاتەکانی خۆیان وەك ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە بورجێك یان باڵەخانەیەك لەئەمریکا بتەقێننەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێتو پرۆسەی بەدیموکراتیکردن لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبەجێ بکرێت، مانای سەرکەوتنی پلۆرالیزمی سیاسیی دەگەیەنێت، ئەم پرەنسیپەش بەیەکێك لەبەها سیاسییەکانی ئەمریکا دادەنرێت، سەرکەوتنی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یانی سەرکەوتن بۆ سیاسەتی ئەمریکاو نزیککردنەوەی بەهاکانە لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، دروستکردنی کولتوورێکی سیاسیی نوێو تاڕادەیەك



هاوبەش لەنێوانیاندا، بەمەش ئەمریکا لایەنگرێکی زۆر بۆ خۆی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتاتی ناوەڕاستدا بەدەستدەهێنێت.

لەبواری ئابوورییەوە ئەگەر ئەم ریفۆرمە ئەنجامبدرێت، دەبێتە هۆی زاڵبوونی بازاڕی ئازادو سەرکەوتنی ئەم پرەنسیپە، کەئەمەش دەبێتە تەواوکەری پرۆسەی ئابووریی ئازاد لەدنیای هاوچەرخدا، پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەمریکادا دروستدەبێتو بێشك لێرە بەرژەوەندیی ئەمریکا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەچیتر ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دەست بەسەر بازاڕدا نەگرنو گەندەڵیی دارایی بڵاونەکەنەوە، کەدەبێتە هۆی نەبوونی حوکمی یاساو پەیدابوونی ڕێژەیەکی زۆری بێکاریو بڵاوبوونەوەی هەژاریو نەداری لەناو کۆمەڵگادا، کەئەنجامەکەشی خۆی لەکۆچ بۆ وڵاتانی ڕۆژئاواو سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریست دەبینێتەوە.

جگە لەمانە بەرژەوەندیی ئەمریکا لەو ریفۆرمە لەوەدایە ئەگەربێتو بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەوا کولتوورێکی ستاندارد لەنێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا دروستدەبێت، شارستانێتیی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بەحوکمی پێشڕەویی خۆی دەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتو دنیا بەرەو کولتوورێکی لەیەکتر نزیكو ڕوحی دیالۆگو دۆستایەتی دروستببێت.

- گرووپی هەشت ئەو گرووپە گەورەو زەبەلاحەی دنیایە کەهەشت دەوڵەتی خاوەن ئابووری بەهێزی دنیا تاڕادەیەکی ئێجگار زۆر دەستنیشانی کێشە گرنگەکانی دنیا دەکەنو بەرنامەی چارەسەری بۆ دادەڕێژنو بەرژەوەندییەکان لەنێو خۆیاندا دابەشدەکەن، دیارە کەئەمریکا هێزە هەرە گەورەکەیانە ناتوانێت بەتەنیا ئەو ریفۆرمە بەرفراوانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامبداتو جێبەجێی بکات، جگە لەمە بۆ شەرعییەت پێدانی پرۆژەکە پەنادەباتە بەر گرووپی هەشتو مەبەستی ئەمریکا لێرەدا

زانینی هەڵوێستو بۆچوونی گرووپی هەشتە، خۆ ئەگەر ئەوان رایان لەسەر بێت، بێگومان زیاتر رەوایەتی بەپرۆژەکە دەدرێت.

لەوانەشە گرووپی هەشت دابەشکرابن بەسەر بەرژەوەندیی جیاوازدا، لەوانەیە ئەنجامەکە وا دەربکەوێت کەڕایەکی یەکگرتوو لەسەر ئەم پرۆژەیە دروست نەبێتو بۆ نموونە ئەوروپاییەکان پرۆژەی تایبەت بەخۆیان هەبێتو جیاواز بێت لەپرۆژەی ئەمریکاییەکان. لەهەردوو حاڵەتدا پرۆژەی ئەمریکاییەکان گرنگیی خۆی لەدەست نادات، چونکە:

یەکەم: بوونی پرۆژەی ریفۆرم بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێداویستییەکی گرنگی ژیان دادەنرێت.

دووەم: هەر پرۆژەیەکی تر دابنرێت، بەلای کەمەوە نیوەی ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ئەوەی ئەمریکادا یەکدەگرێتەوە.

بۆیە دەستپێشخەریی ئەمریکا لەورووژاندنی ریفۆرم خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکی بوێرانەیە لەسیاسەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەڵوێستێکی مێژوویییە جێگای رەزامەندیی دەبێت لەلایەن میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

-رووخانی رژێمەکانی سەدامو تاڵیبان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە پەیوەندیی بەپرۆژەی ئەم ریفۆرمەوە نەبووە، رژێمی تاڵیبان تیرۆریست بوو دالّدەی تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدەو بن لادنی دەدا، لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری واشنتۆنو نیویۆرك ئەم رژێمە وەك بەشێك لەپرۆسەی لەناوبردنی تیرۆر رووخێنرا. رژێمی سەدامیش بەهەمان شێوە وەك رژێمێکی تیرۆریستو بەکاربردووی چەکی بەکۆمەڵکوژ لەناوبرا.

بۆیە لەناو عیراقو ئەفغانستان دۆخێکی سیاسیی تایبەت دروستبووە کە لەوانەیە چەند ساڵێکی تر بخایەنێت تاکو بارودۆخەکە جێگیریو ئارامیی بەخۆیەوە دەبینێت. هەر بۆیە ناکرێت ئەم دوو وڵاتە بکەینە نموونە بۆ وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،



چونکە دۆخەکە لەوڵاتانی تر تەواو جیاوازە، بەڵام ئەگەر دەپرسن ئەمریکا چی بکات بۆ سەرخستنی پرۆژەی ریفۆرمەکە، پێموایە ئەمریکا ئەوەندە راوێژکارو ئەزموونی هەیە کە بۆخۆی دەتوانێت بەرنامە بۆ کارەکانی خۆی دابنێتو پرۆسەکە بەرەو سەرکەوتن ببات، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لەپرۆژەی ریفۆرمەکەی پاشگەز نەبێتەوە، چونکە ئەمە پرۆژەی کۆمارییەکانە، کە لەوانەیە لەهەڵبژاردنی داهاتوودا پارتی دیموکرات سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو پرۆژەی کۆمارییەکان جێبەجێ نەکات.

-راستە وڵاتانی عەرەبی کە بەشێکی گەورەی جیهان پێکدەهێنن، ئێستا رووبەڕووی ئەم پرۆژەیە بوونەتەوە، ئەمەش هۆکاری تایبەتیو سەرەکیی خۆی هەیە. هۆکارەکان بەئاشکرا لەپرۆژەی ریفۆرمەکە باسکراون، بەتایبەت کێشەی نەخوێندەواری، بێکاری، نەبوونی دیموکراسیو دەسەڵاتی شەرعی، کێشەی مافی ژنانو.. چەندین کێشەی تر کەگشتیان جۆرێك لەفەزایەکی نائاساییان لەوڵاتانی عەرەبدا دروستکردووە. جا چۆن لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا پرۆسەی گۆڕانو ریفۆرم کۆسپی تووش نەبێتو رێگای سەرکەوتن بگرێتەبەر، لەهەموو رۆژگارو سەردەمێکدا کەڕیفۆرم ئەنجامدەدرێت کۆمەڵ بەشێوەیەکی سەرەکی دابەشدەبێتە سەر لایەنگرو نەیاری ریفۆرم. دژو نەیاران ئەوانەن کە لە لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆیان دەترسن، ئەوانن کەهەست دەکەن مەترسیی رووی لەبەرژەوەندییەکانیان کردووە، ئەوانەن کەپابەندن بەبەهاو نەریتی رابردوو ئەگەر وازی لێبهێنن هەستدەکەن بەهاو قییەمی خۆیان لەدەستدەدەن. مێژوو بە ئەزموونی خۆی بۆمانی ساغکردووەتەوە جگە لەوڵاتانی عەرەب هەموو ئەوانەی دژی ریفۆرمن زۆرینەی کۆمەڵ پێك ناهێنن، بەڵکو چەند پرۆگرامێکی دیاریکراونو لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانکاریو ریفۆرمدا بێدەسەڵاتن، بەڵام وڵاتانی عەرەب زۆر تایبەتە، زیاتر لەنیو سەدەیە رژێمەکان مێشکی دانیشتووانی وڵاتەکەی خۆیان بەبیری ناسیۆنالیستیی عەرەبی، ئیسلامی دژە کۆلۆنیالیو زایۆنیستی شتووەتەوە. بۆیە هەر

جۆره پێشنیارێك لەم بارەیەوە، ئەگەر لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانو شێخو میرەكانیان نەبێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەپیلانو دەسیسەی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو دوژمنانی ئیسلامو عەرەبی دەبەستنەوەو ناوەندەكانی راگەیاندن سەر بەو شێخو میرو دەسەڵاتدارانە دەكەونە دژایەتیكردنیو خەڵكیی لەدژ هاندەدەن.

یەكێك لەتایبەتمەندییەكانی تری وڵاتانی عەرەب ئەوەیە كەجگە لەئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیی عەرەبی، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیو شەریعەتی ئیسلامی ئامادەیە. بۆیە هەر جۆره گۆڕانكارییەك لەبوارەكانی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، كەبكرێت، بێگومان ئەگەر لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی عەرەبیو ئیسلامی نەگونجێت، ئەوا ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە رووبەڕووی دەبنەوەو زەحمەتە پێشبینییی داهاتووو دوارۆژی بكەین داخوا شەڕ روودەدات یان نا..

جگە لەمانە هەموو ریفۆرمێك لەبواری جێبەجێكردندا هونەرە، ئەگەر پسپۆڕیی تایبەت بەخۆی نەبێت، لەوانەیە خوێندنەوەی ناڕاست بۆ دۆخەكە بكرێتو دووچاری شكستو نائارامی ببنەوە.

- كاتێك نوێنەرانی ئەمریكا پرۆژەی ریفۆرمەكەیان پێشكەش بەوڵاتانی عەرەبكرد، كۆبوونەوەیەكی گەورە كەهەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی تێدا بەشداربوو بەسەرۆكایەتیی عەمرو مووسا لەقاهیرە ئەنجامدرا. دوای تەواوبوونی كۆبوونەوەكە رایانگەیاند كە گۆڕانكاریی پێویستە لەناو خۆمان بكرێت، نەك لەدەرەوە بەسەرماندا بسەپێنن، بەڵام تا ئەمریكا داوای لێنەكردن ئەوان ئامادە نەبوون هەر باسیشی بكەن. كەواتە ریفۆرمەكە لەدەرەوە هاتووەو سەرانی عەرەب نەیانتوانی رەتی بكەنەوە، بەڵام تاچەند سەربەخۆن لەئەنجامدانی ریفۆرمەكە، من پێموایە جارێ زووە قسە لەسەر ئەم كێشەیە بكەین، چونكە ریفۆرمەكە هێشتا بەتەواوی لەلایەن وڵاتانی عەرەبەوە تەسدیق نەكراوە، كەی هەموویان باوەڕیان پێهێنا، ئەو كاتە زەحمەتییەكان



دەستپێدەكات، ئایا گۆڕانكاریی سەرەتا لەدەسەڵاتی سیاسییەوە بكرێت..؟ یانی پادشاو مەلیكو سەرۆكەكانی عەرەب لە خۆیانەوە دەستپێبكەن هەڵبژاردنو بەیعەت پیادە دەكەن..؟ پەرلەمانی راستەقینە بەهەڵبژاردن دروستدەكەن..؟ شارەوانییەكان بەهەڵبژاردن دادەمەزرێنن..؟ یان سەرەتا بەلەناوبردنی گەندەڵیی ئیداریو دارایی دەستپێدەكەن، هەوڵدەدەن بێكاری نەهێڵن، پرۆسەی لەناوبردنی نەخوێندەواری گەشەپێدەدەن، یاسای پاراستنی مافی ژنان دادەهێنن، ریفۆرمو گۆڕانكاریی چەندە زۆرە بەو ئەندازەو رادەیەش رێگاكانی جێبەجێكردنیشی زۆرە.

لەبەرئەوەی كێشەكە ئاڵۆزە، هەمەلایەنەیە، هونەرو لێزانینی دەوێت، لەیەك وڵات نییە، لەچەندین وڵاتە، زەحمەتە داهاتووەكەی پێشبینی بكرێت، چونكە ئەزموونی ئەنجامدانی ریفۆرم لەهەندێك وڵات ئەنجامەكەت بەقەیرانو ناجێگیری تەواوبووە، بۆیە زەحمەتە بڵێین سەربەخۆن یان سەربەخۆ نین لەئەنجامدانی ریفۆرمەكە.

-ئەگەربێتو ریفۆرمەكان جێبەجێ بكرێن، بێگومان چەندین ساڵی دەوێت تا ئەنجامەكانی دەردەكەوێت، ئەوكاتە وڵاتانی عەرەبیش دەكەونە سەر سكەی دیموكراسیو پاراستنی مافی مرۆڤو بەهاو لۆژیكو عەقڵانییەت جێی ئەفسانەو درۆو دیكتاتۆرییەت دەگرێتەوە. ئەو كاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش جێگیریو پێشكەوتنو شارستانییەت بەخۆوە دەبینێتو دەبێتە شەریكی وڵاتانی پێشكەوتووی جیهانو دەبێتە ناوەندێكی گرنگی بازرگانیو پیشەسازی لەجیهاندا، ئەوەش بەحوكمی جیۆپۆلەتیكەكەی.

-چەمكی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر لەوە گەورەترە كەئەو چەند دەوڵەتە بگرێتەوە، كەكوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، چونكە ئەم چەمكە هەر لەئەفغانستانو ئێرانو رۆژهەڵاتی نزیكو كەنداوی فارسو باكووری ئەفریقیا دەگرێتەوە.

قازانجی کورد لەم ریفۆرمانە چییە..؟ یان چارەنووسی کورد چیی بەسەردێت، ئەگەر هاتو ئەو ریفۆرمانە ئەنجامبدرێت..؟ لەلایەنی سیاسییەوە گۆڕانکاریو ریفۆرم خۆی لەخۆیدا وازهێنانە لەدیکتاتۆرییەتو هەنگاونانە بەرەو دیموکراسیو ئازادی، ئەگەر لەتورکیا، لەئێران، لەسووریا ئازادیو دیموکراسی لەدایك ببێت، بێگومان نەك هەر لەقازانجی کوردە، بەڵکو سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. یانی کۆتاییهێنانە بەشۆڕشو کوشتنو بڕینو خوێنڕشتن، یانی بەئاشتیو ئازادی کورد دەتوانێت بەڕێگا دیموکراسییەکان مافی خۆی بەدەست بهێنێت، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کورد لەشەوو ڕۆژێکدا دوای ئەنجامدانی ریفۆرمەکە دەتوانێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروستبکات، بەڵکو دەرگای بۆ دەکرێتەوە، ڕێگای بۆ خۆشدەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خەباتی سیاسیی خۆی درێژە پێبداتو بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

لەبوارەکانی تریشدا تاڕادەیەکی زۆر هەر بەم شێوەیەیە، چونکە ئەو وڵاتانە کەبوون بەدەوڵەتی یاسا، ئیتر سەروەریی هاووڵاتیان دەپارێزرێتو لەبواری ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی، گرووپەکان، نەتەوەکان، تاکەکان دەتوانن ببنە خاوەنی سەروەریی خۆیانو ئیتر بووژانەوەو پێشکەوتن جێگای چەوساندنەوەو تاریکی دەگرێتەوە، هەموو ئەوانە وامان لێدەکەن وا بیربکەینەوە، ئەگەر ریفۆرمەکان جێبەجێ بکرێن، گەلی کوردیش لەزوڵمو ستەمو چەوساندنەوە رزگاری دەبێتو تاڕادەیەك بەمافەکانی خۆی شاددەبێت.



## دەقی تەواوی دەستپێشخەریی شەریکایەتیکردن، کە لەکۆبوونەوەی لووتکەی وڵاتانی گرووپی هەشتدا بڕیاری لەسەردرا
## شەریکایەتیکردن لە پێناوی پێشکەوتنو داهاتوویەکی هاوبەش لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربڵاوو باکووری ئەفریقا

لێرەدا وەرگێڕانێکی نارەسمیی دەستپێشخەریی (شەریکایەتیکردن لەپێناوی پێشکەوتنو داهاتوویەکی هاوبەش لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربڵاوو باکووری ئەفریقا) دەخەینەڕوو کە لەکۆبوونەوەی لووتکەی هەشتی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان لەڕۆژی چوارشەممە لەدورگەی سی ئایلەندی ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکا دەنگی لەسەردرا..

دۆکیومێنتی سیاسیی:

١- ئێمەی سەرکردەکانی گرووپی هەشت، دەرك بەوە دەکەین کەوا ئاشتیو پێشکەوتنی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو گەشەسەندنو سەقامگیریی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربڵاودا، هەڕەشەیەکە بۆ ئێمەو کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەگشتی هەربۆیە پشتیوانیی خۆمان بۆ ئەو ریفۆرمە دیموکراتیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییانەی کە لەو ناوچەیەدا سەرهەڵدەدەن رادەگەیەنین.

٢- گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربڵاوو باکووری ئەفریقا پێشینەو کولتوورێکی دەوڵەمەندیان لەبواری حوکمڕانیو بازرگانیو زانستو هونەر..هتد هەیە.

بەشدارییەکی پتەویان هەبووە لەشارستانییەتیی مرۆڤایەتی. ئێمە دەستخۆشیی لەو ڕاگەیاندنەی ئەم دواییانە دەکەین کەسەرکردەکانی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم دەریانکردووە. بەتایبەتی ئەو ڕاگەیاندنەی کە لەدواین کۆبوونەوەی لووتکەی عەرەبی لەتونس دەرچوو، تێیدا سەرکردەکانی عەرەب سووربوونی خۆیان بۆ چەسپاندنی

دیموکراسییەت نیشاندا.. لەهەمان کاتدا ئێمە پشتیوانیی لەو ڕاگەیاندنانە دەکەین کە لەلایەن نوێنەرانی کەرتی ئابووریو کۆمەڵی مەدەنییەوە بۆ ریفۆرم دەرچوون. لەناویاندا بەیاننامەیەکی ئەسکەندەرییەو سەنعاو عەقەبەو دەریای مردوو. بەوپێیەی ئێمە سەرکردەی دیموکراسییەتی پیشەسازیی گەورەین لەجیهاندا، ئێمە دان بەوەدا دەنێین کەپشتگیریکردن لەئازادیو ریفۆرم ئەرکی سەرشانمانەو پەیمان دەدەین بەردەوامبین لەم ئەرکە گرنگو مەزنەی سەرشانمان..

٣- هەربۆیە ئێمە ئەمڕۆ پابەندبوونی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ شەریکایەتیکردن لەپێناوی پێشکەوتنو داهاتووی هاوبەش لەگەڵ حکومەتو گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو باکووری ئەفریقا. ئەم شەریکایەتیکردنە لەسەر بنەمای هاوکاریکردنی ڕاستەقینە لەگەڵ حکومەتەکانی ناوچەکەو نوێنەرانی کەرتەکانی ئابووریو کۆمەڵی مەدەنی دادەمەزرێت لەپێناوی چەسپاندنی ئازادیو دیموکراسیو پێشکەوتن بۆ هەموو لایەك.

٤- ئەو نەریتانەی کەئەم شەریکایەتییەی لێپێکدێتو ئێمە پێشنیازی دەکەین، جیهانییە، کەرامەتی مرۆڤو ئازادیو دیموکراسیو حوکمی یاساو هەلی ئابووریو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خواستێکی جیهانییەو لەهەموو دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییە پەیوەنددارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەك جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ.

٥- بەخستنەڕووی ئەم شەریکایەتیکردنە، ئێمە پابەندین بەم بنەمایانە:

أ)پتەوکردنی پابەندبوونی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەئاشتیو سەقامگیریی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو باکووری ئەفریقا مەسەلەیەکی سەرەکییە.

ب)چارەسەرکردنی ئەو کێشە ناوچەییانەی کەماوەیەکی درێژە بەردەوامنو بەزۆری تاڵبوون، بەتایبەتی کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین، هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ پێشکەوتنی ناوچەکە.



ج)لەهەمانکاتدا نابێت کێشە ناوچەییەکان ببنە لەمپەر لەبەردەم ریفۆرمدا. لەڕاستیدا ریفۆرم بەشداری دەکات لەچارەسەرکردنیاندا.

د)گەڕانەوەی ئاشتیو سەقامگیری بۆ عیراق، هۆکارێکی گرنگە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانیی بۆ ملیۆنەها کەس لەعیراقو ئاشتیی ناوچەکە.

ه)سەرکەوتنی ریفۆرمەکان بەستراوەتەوە بەوڵاتانی ناوچەکەوە، هیچ گۆڕانێك نابێتو ناکرێت لەدەرەوە بسەپێنرێت.

و)هەر وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەبێت ڕێز لەفرەجۆریی وڵاتان بگیرێت، پابەندبوونەکانمان دەبێت هەلومەرجی لۆکاڵی لەبەرچاو بگرێتو لەسەر بنەمای مولکدارێتیی لۆکاڵی بونیاتبنرێت.

هەر کۆمەڵگایەك دەگاتە دەرهاویشتەی تایبەتیی خۆی سەبارەت بەخێراییو ئاشتی گۆڕانکارییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای گرنگییەکەی نابێت ئەو جیاوازییانە بۆ ڕێگرتن لەڕیفۆرم بەکاربهێنرێت.

ز)پشتیوانیمان بۆ ریفۆرم حکومەتەکانو خاوەن کارەکانو کۆمەڵی مەدەنیی لەناوچەکە دەگرێتەوە وەك شەریك لەهەوڵەکانمان بۆ ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمانە.

ح)پشتیوانیکردنی ریفۆرم لەناوچەکە لەپێناوی بەرژەوەندیی هەموو هاووڵاتیاندایەو هەوڵێکی درێژخایەنەو پێویستیی بەوە هەیە وڵاتانی گرووپی هەشتو ناوچەکە پابەندبوونی خۆیان بۆ نەوەکانی ئایندە رابگەیەنن.

٦- پشتگیریمان بۆ ریفۆرم لەناوچەکە هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە، جەخت لەسەر چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەی عەرەب-ئیسرائیل دەکەین لەسەر بنەمای بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٤٢-٣٣٨). ئێمە بەشێوەیەکی تەواو پشتیوانی لەو ڕاگەیاندنە دەکەین کەلیژنە چوار لایەنییەکە لە٤ی ئایاری ٢٠٠٤ دەریکردو لایەنگریی لیژنە چوار لایەنییەکە دەکەین بۆ دامەزراندنەوەی دوو دەوڵەتی

ئیسرائیل-فەلەستین کەدیموکراسییەتو سەروەریی تەواویان هەبێتو بەئاشتیو پێکەوە بژین.. ئێمە پشتیوانیی کارەکانی لیژنەی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان بۆ ریفۆرم لەفەلەستینو لیژنەی پەیوەندیی دەکەین.. هانی هەموو دەوڵەتان دەدەین بۆ پشتیوانیکردنی کاری ئەو لیژنانە، ئێمە پشتگیریی لەدامەزراندنی سەندووقێکی سپاردن لەبانکی نێودەوڵەتی دەکەینو داواش لەوڵاتانی پارەبەخش دەکەین بەشداری لەم ئەرکە گرنگەدا بکەن..

هەروەها پشتگیریی خۆمان بۆ داخوازیی لیژنەی چوارلایەن رادەگەنین کەداوا لەهەردوو لا دەکات ئەرکەکانی خۆیان بەپێی نەخشەی رێگاو بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٥١٥و بەیاننامەکانی پێشووی لیژنەی چوارلایەن بەجێبهێنن، ئێمە جارێکی تر جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین- ئیسرائیل بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو یەکلایی دەکەینەوە لەنێویاندا ئەو کێشانەی کەپەیوەندیدارن بەسووریاو لوبنان، پێویستە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (٤٢٥) کەداوادەکات رێز لەسەروەریی تەواوی لوبنانو سەربەخۆیی سیاسیی لەچوارچێوەی سنوورە نێودەوڵەتییە دانپێدانراوەکانی دابنرێت.

٧- ئێمە پێکەوە یەکگرتووانە پشتیوانیی لەگەڵ عیراقو سەروەریی تەواوی حکومەتی عیراق دەکەین کەدەیەوێت وڵاتەکەی ئاوەدان بکاتەوە.

عیراق پێویستیی بەپشتیوانییەکی بەهێزی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی ئازادو دیموکراتو پێشکەوتوو. بەئاشتی لەگەڵ خۆیو جیهانو دراوسێکانیدا بژی.. پێکەوە پشتیوانیی لەبڕیاری (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەعیراق دەکەین. هەروەها پشتگیریی تەواوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین لەعیراق پاش گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عیراقییەکان. پابەنددەبین بەیارمەتیدانو



هاوکاریکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق کەپێش ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ئەنجامدەدرێت.

ئێمە لەوەدا یەکگرتووین کەهێزێکی فرەڕەگەزیی لەعیراق بەپێی بڕیاری ١٥٤٦ هەبێت بۆ گەڕانەوەی ئاسایش بۆ عیراقو پاراستنی بوونی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو وڵاتەو ئاوەدانکردنەوە.. پابەندبوونی هاوبەشی خۆمان بۆ بووژاندنەوەی ئابووری عیراق رادەگەیەنینو داوا لەوڵاتانی تریش دەکەین هەمان هەنگاو هەڵێنن، بەتایبەتی پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژانەی کەحکومەتی عیراقی دایدەنێت، ئێمە دەستخۆشیی لەسەرکەوتنی کۆنگرەی سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عیراق دەکەین کە لە(دەوحە) بەستراو پەیماندەدەین لەکۆنگرەی ئاییندە کە لەم ساڵدا لەتۆکیۆ دەبەسترێت هەریەکەو بەشی خۆی لەئاوەدانکردنەوەی عیراق بخاتەڕوو.. کەمکردنەوەی قەرزەکان مەسەلەیەکی سەرەکییە تاکو گەلی عیراق بتوانێت دەوڵەتێکی ئازادو ئاوەدان دابمەزرێنێت..

پێویستە کەمکردنەوەکە بەرێکەوتن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیدا ئەنجامبدرێت، پێکەوە لەچوارچێوەی یانەی پاریسو وڵاتانی بەشدار نەبوو لەیانەی پاریس کاردەکەین بگەینە ئەو ئەنجامە کە لەساڵی ٢٠٠٤دا، ئەویش بۆ دامەزراندنەوەی پەیوەندیی عیراق لەگەڵ جیهاندا، رێگای پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەگەلی عیراقو تاكو خوێندنگاو شارەکان دەدۆزینەوە، ئەویش بۆ وڵاتانی چەندین ساڵ لەدیکتاتۆرییەتو بێبەشکردن لەپێناوی ژیانەوەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی دەوڵەتەکەیان.

٨- ئەم شەریکایەتییەی کەئەمڕۆ رایدەگەیەنین، لەسەر بناغەی کارکردن بۆ ریفۆرم بەدرێژایی چەندین ساڵ پێکدێتو ئەویش بەپێی بەرنامەیەکی هاوبەشی فرەلایەن. شەریکایەتیی ئەوروپاو دەریای ناوەڕاست(پرۆسەی بەرشلۆنە)و شەریکایەتیی ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دەستپێشخەریی دیالۆگی عەرەب-ژاپۆن، ئەو

نموونانە پێکدەهێنن بۆ پابەندبوونی خۆمان بۆ پشتیوانیکردن لەدیموکراتییەتو پەرەپێدانی ئابووری. ئێمە بەهەمان پلە پابەندین بەپێشکەوتن لەئەفغانستانو عیراق، ئەویش لەڕێگای هەوڵە گشتگیرەکانمان بۆ ئاوەدانکردنەوە. ئەو شەریکایەتییەی کەپێشنیاری دەکەین لەسەر بناغەی پابەندبوونی بەردەوامان لەناوچەکە دادەمەزرێت..

٩- ئەو هەڕەشانەی کەناوچەکە رووبەڕووی دەبێتەوە، پێویستیی بەوەهەیە پابەندبوونی خۆمان بەڕیفۆرمو هاوکاریی رادەگەیەنین. تەنیا لەڕێگای یەکخستنی هەوڵەکانمان دەتوانین دیموکراتییەکی هەمیشەیی دابمەزرێنین.. ئێمە پێشوازیو پشتیوانیی لەو هەولانە دەکەین کەحکومەتو دامەزراوو ئاژانسە جیاجیاکانی ناوچەکە لەپێناوی پێشکەوتنی هەرێمەکە داویانە.

١٠- لەم شەریکایەتییەدا (مونتەدای پێکەوە لەپێناوی ئایندە) رۆڵی میحوەری دەبینێتو کار بۆ ئەوە دەکات دیالۆگێکی کراوەو بەردەوام رێکبخات، مونتەداکە هەیکەلێکی وەزاری پێکدەهێنێتو بەڕێكوپێکی کۆبوونەوە لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی گرووپی هەشتو ناوچەکەو لایەنەکانی تر رێکدەخات تاکو وتووێژ لەسەر رێوشوێنی ریفۆرم بکەن.. جگە لەوانە هەلی بەشداریکردن لەو دیالۆگە بۆ خاوەن کارو لایەنگرانی کۆمەڵی مەدەنی دەڕەخسێنێت.. مونتەداکە پردێکە بۆ گوێگرتن لەپێداویستییەکانی ناوچەکەو گرنتییەکە بۆ ئەو هەولانەی کەپێکەوە لەپێناوی چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی دوو دڵیو دڵەڕاوکێیەکان دەیدەین.

أ) هەوڵەکانمان لەشەریکایەتیکردن کەپێوەی پابەندین لەسێ بازنەدا کۆدەبێتەوە.

ب)لەبواری سیاسیدا پێشکەوتن بەئاراستەی دیموکراسییەتو حوکمی یاسا، پێویستیی بەدڵنیابوونو گرەنتیی لەبوارەکانی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان هەیە کەخۆی لەڕێزگرتن لەفرەییو پلۆرالیزمدا دەبینێتەوە.. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی هاوکاریکردنو ئالۆگۆڕکردنی بیرو بۆچوونە جیاوازەکانو



چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان. چاکسازیی لەدەوڵەتو دابینکردنی دەسەلاتێکی نوێیو مۆدێرن، مەرجی سەرەکین بۆ دامەزراندنی دیموکراسییەت..

ج)لەبواری کۆمەلایەتیو کولتووریدا، دابینکردنی خوێندن بۆ هەمووانو ئازادیی رادەربڕینو یەکسانیی لەنێوان ژنو پیاو، دەستگەیشتن بەتەکنۆلۆژیای زانیارییەکان مەرجن بۆ پێشکەوتنو مۆدێرنیزەکردن.. هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواریو ئاسانکردنی دەستگەیشتن بەفێربوون، بەتایبەت بۆ کچانو ژنان..

د)لەبواری ئابووریدا، دابینکردنو دۆزینەوەی کار مەسەلەیەکی سەرەکییە بۆ زۆربەی ولاتانی ناوچەکە، لەپێناوی رەخساندنی هەلی کارکردنو هاندانی کەرتی تایبەت بۆ دابینکردنی کار، لەگەڵ حکومەتو خاوەن کارەکاندا پێکەوە کاردەکەین بۆ گەشەپێدانی کۆمپانیا تایبەتییەکانو گەشەپێدانی بازرگانیو وەبەرهێنانو دابینکردنی سەرمایەو ریفۆرمکردن لەبواری داراییو دۆزینەوەی زەمانەت بۆ مافی مولداریێتیو هاندانی شەفافییەتو دژایەتیکردنی گەندەڵی. هاندانی بازرگانیی ناوخۆ مەرجێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی بواری ئابووریی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەربلاوو باکووری ئەفریقا.

١١- شەریکایەتیکردن لەپێناوی پێشکەوتنو ئاییندەیەکی هاوبەش، پەیوەندیمان لەگەڵ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەربلاوو باکووری ئەفریقا پتەودەکات. وەك تەعبیرێك بۆ پابەندبوونمان بەو شەریکایەتییە، ئێمە ئەمڕۆ پلانێکی مەبدەئی رادەگەیەنین بۆ پشتیوانیکردن لەڕیفۆرم، ئەم پلانەمان کۆمەڵێك چالاکیی لەخۆدەگرێت لەپێناوی بەخشینی گیان بەو شەریکایەتییە.

ئەمەش سەرەکیترین خاڵەکانی پلانی پشتیوانیکردنە لەڕیفۆرمەکان

رەخساندنی چوارچێوەیەکی وەزاری بۆ دیالۆگەکانمانو پابەندبوونەکانمان سەبارەت بەمەسەلە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتییەکان لەسیاقی رێزگرتنی هاوبەش.

بەهاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە هەڵدەستین کارئامادە دەکەین بۆ زیاتر لەدوو ملیۆن خاوەن کار بۆ دەربازبوون لەهەژاری لەماوەی پێنج ساڵدا.

لەڕێگای چەندین دامەزراوەوە هەلی فێربوونی خوێندن بۆ زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس دابین دەکەین.

هەوڵدەدەین بۆ ئامادەکردنی (١٠٠) سەد هەزار مامۆستا تاکو ساڵی (٢٠٠٩) ئاسانکاریی بۆ باربۆکردنی دامەزراوە تایبەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەو باکووری ئەفریقاو تەخویلکردنی (ئینتەرناسیۆناڵ فاینس کۆرپۆرەیشن) بۆ هاوکاریکردن لەو هەوڵانەی کە لەناوچەکە دەدرێن بۆ باشکردنی هەلومەرجی کارکردنو زیادکردنی تەمویلکردنی دامەزراوە بچووكو ناوەندەکان.

ئەم بەڵگەنامەیە (١٠٠) ملیۆن دۆلاری پێشنیارکردووە بۆ (**تغطتیە**) کردنی ناوچەکە بەتەواوی لەگەڵ دەستنیشانکردنی لەمپەرەکانی بەردەم وەبەرهێنان.